
لاوان، پشتگوێخستن،
وەزارەتەکەی تەها بەرواری
17..


نۆبڵو بلاك ووتەر..
دوو خەڵاتی نائەخلاقی
21..


لەمیس لە زنجیرە
تەلەفزیۆنییەکی نوێدا
22..

# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (١٧)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٢/٣
(٢٨) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net

یاری

پاشکۆیەکی وەرزشیی رۆژنامەی دەستوورە،
رۆژانی دووشەممە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات


زاگرۆس:
یەکەم بێژەری کوردم
12..


## سالار عەزیز: پارەمان لەمالیکیو بارزانی وەرنەگرتووە

# پێکهاتەی گۆڕان وەك هەویرەو بەئارەزووی خۆمان دەیکشێنین

○ تایبەت بەدەستوور

سالار عەزیز یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق بزووتنەوەی گۆڕان لەچوارچێوەی هێزێکی سیاسیدا رێکدەخەن، بەڵام ئێستا پێکهاتەیەکی لاستیکیان هەیەو بەئارەزووی خۆیان دەیکشێنن.

سالار عەزیز لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا دەڵێت مانگێک زیاتر تێپەڕیوەو هێشتا وەزارەتی ناوخۆ وەڵامی داواکارییەکەیانی بۆ مۆڵەت نەداوەتەوە، پێشبینی ئەوەش دەکات گرفت بۆ مۆڵەت پێدانیان دروستبکەن.

سالار عەزیز رەتیدەکاتەوە هیچ ناکۆکییەک لەنێوان باڵی ریفۆرمو خەڵکە سەربەخۆکانی بزووتنەوەی گۆڕاندا هەبێت، دەڵێت «دەبێت کادیرە کۆنەکان کەمینە بن لەسەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕاندا».


سالار عەزیز

**چۆن لەگەڵ کاك مەسعود مەرجەبامان هەیە، پێمانخۆشە لەگەڵ مام جەلالیش هەمان بێت.**

**گومان دەکەین یەکێتی لەپشت پەلاماردانی کادیرەکانمانەوە بێت، بەڵام بەڵگەیەکمان پێنییە.**

**هیچ ناکۆکییەك لەنێوان باڵی ریفۆرمو خەڵکانی سەربەخۆی بزووتنەوەی گۆڕاندا نییە.**

07-06..

# پارتی بینایەك لەسلێمانی بەنزیکەی سێ ملیۆن دۆلار بۆ مەکتەبی سیاسیی دەکڕێت

○ دەستوور

دوای سەرنەکەوتنی مەسعود بارزانی لەسنووری پارێزگای سلێمانی لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥و لاوازبوونی پارتی لەوسنوورە، پارتی بڕیاریدا لقێکی مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بکاتەوەو عیزەدین بەرواری سەرپەرشتی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش خانوویەکی بەبڕی دوو ملیۆنو ٩٠٠ هەزار دۆلار کڕیوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور کە لەسەرچاوەیەکی ناو کۆبوونەوەکەی رۆژی ٢٠١٠/١/٤ کە لەبارەگای لقی چوار لەسلێمانی بەئامادەبوونی هەریەک لەعیزەدین بەرواریو زەعیم عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کادرانی لقی ٤ی پارتی بەڕێوەچوو، «تیایدا باس لەوەکرا کە بینای لقی سلێمانی مەکتەبی سیاسی لەنزیک باخی بەختیاری دەبێتو بیناکە بەبڕی ٢ ملیۆنو ٩٠٠ هەزار دۆلار کڕدراوە».

سەرچاوەکە ئاشکراشیکردووە «بۆ رازیکردنی خاوەنی ئەو بینایە بۆ فرۆشتنی بەپارتی کە خاوەنەکەی سەباحی ئیمامە، مەسعود بارزانی کلاشینکۆفێکو دەمانچەیەکی وەک دیاریی پێبەخشیوە».

سەرچاوەکەی دەستوور وتیشی «عیزەدین بەرواری لەکۆبوونەوەکەدا وتویەتی کردنەوەی ئەو لقەی مەکتەبی سیاسی گرۆتینێکی تر بەرێژەی جوڵەی پارتی دەدات لەسنووری پارێزگای سلێمانیو چیتر نووسراومان ناچێتە مەسیف».

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، عیزەدین بەرواری لەکۆبوونەوەکەدا راشکاوانە دانی بەوەداناوە کەپارتی نەیتوانیوە وەک پێویست دەستکەوتی باش لەلیستی کوردستانی بەدەستبهێنێتو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس بەرپرسی ئەو لیژنەیە بووەو نەتوانراوە پارتی کاریگەری هەبێت.

عیزەدین بەرواری لەکۆبوونەوەکەدا ئەوەشی وتووە کەدوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، مەکتەبی سیاسی بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی کۆبووەتەوەو لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاری کردنەوەی ئەو لقەی مەکتەبی سیاسی دراوە.

لقی سلێمانی مەکتەبی سیاسی پارتی، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور سەرپەرشتی لقەکانی (٤، ١١، ١٢، ١٥، ١٩، ٢١)ی پارتی دەکاتو هەر لقێک لەو لقانە (٧) کارگێڕی دەبێت.

بڕیارە ئارازی عەلی حەسۆ میرخان سەرپەرشتی لایەنی ئەمنی بکاتو نوێنەری مەکتەبی سەرۆکیش بێت.

عیزەدین بەرواری لەکۆبوونەوەکەدا ئەندامانی لقی سلێمانی مەکتەبی سیاسی ئاشکرا کردووە کەپێکهاتوون لەهەریەکە لە (عیزەدین بەرواری، زەعیم عەلی، سیروان باپیر، فاتح کەریم، شیروان سورچی)، لەگەڵ کۆمەڵێک کادری تری پارتی.

## مەلا کرێکار پێشنیاری بۆ عەلی باپیر کردووە کە مەلا عەلی رابەری کۆچکردووی بزووتنەوە بەئاربیجی بکوژن.

05..







**رۆژنامەی دەستوور لە www.destur.net بخوێنەرەوە**



2 5 9

### بارزانی: مام رۆستەمم تەنها وەك هاووڵاتییەکی کەرکوکی بینیوە

مەسعود بارزانی لەبروسکەیەکی نهێنیو تایبەتدا کەرۆژی ٢٠١٠/١/٢٢ ئاراستەی سەرجەم لقو فەرماندەییو رێکخراوە پیشەییەکانو دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبەکەی کردووە، رایدەگەیەنێت کە مام رۆستەمی تەنها وەکو هاووڵاتییەکی شاری کەرکوک بینیوە، نەک وەک گۆڕانو کۆمپانیای وشە. .. 02

### چەمچەماڵ نائارامە

رەوشێکی نائارام لەچەند هەفتەی رابردوودا لەچەمچەماڵدا دروستدەبێت، کە چەند حاڵەتێکی کوشتنو تەقەکردن تیایدا دروستدەبێت، بەرپرسی پۆلیسی شارەکەش دەڵێت لەشوێنی نادیارەوە تەقە دەکرێتو پشێوی دەنرێتەوە. .. 03

### بە بەهای زیاتر لەدەیان ملیار، وەبەرهێنانی نەوت لەعێراق ئەنجامدەدرێت

لەدوای بردنەوەی کەمکردنەوەکانی تایبەت بەناوچەی قورنەی رۆژئاوا+٢ لەلایەن روسیاوە، وەبەرهێنان لەو ناوچەیە لەلایەن کۆمپانیا روسییەکەوە دەستپێکرد. .. 08

### تائێستا چارەنووسی گرێبەستەکان دیارنین

چاوەڕواندەکرێت کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەرێی لولە نەوتەکانی بەغداوە چارەسەربکرێتو بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم سالح سەرۆکی حکومەتی هەرێم پێشنیازێکی داوەتە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق.. 09

### «خەڵك لەلێکترازانو شەڕی ناو حیزبەکانی رۆژهەڵات نارازین»

دکتۆر گوڵمراد مورادی نووسەرو توێژەری کورد لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات بەشدارینەکردنی چالاکانەی خەڵکی کوردستان لەنارەزایەتیەکانی ئێراندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەمان بۆچوونی دەسەڵاتدارانی هەیە لەمەڕ کێشەی کورد. .. 10

# چەمچەماڵ نائارامە

## بەڕێوەبەری پۆلیس: ئەوانەی پشێوی دەنێنەوە، لەشوێنی نادیارەوە تەقەدەکەن

کاروخ نامیق رەزا لەچەمچەماڵ

رەوشێکی نائارام لەچەند هەفتەی رابردوودا لەچەمچەماڵدا دروستدەبێت، کە چەند حاڵەتێکی کوشتنو تەقەکردن تیایدا دروستدەبێت، بەرپرسی پۆلیسی شارەکەش دەڵێت لەشوێنی نادیارەوە تەقە دەکرێتو پشێوی دەنرێتەوە.

دەزگا ئەمنییەکانی ناوچەکە ئاماژە بەوەدەدەن، کە بەپێی زانیارییەکانی ئەوان زۆربەی حاڵەتەکان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیو شەخسیەوەیەو دوورە لەکێشەی سیاسی، رەدی ئەوەشدەدەنەوە کەبکوژەکان داڵدەدرابن.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور حاڵەتەکانی کوشتن لەقەزای چەمچەماڵ، لەماوەی رابردوودا گەیشتووەتە ٧حاڵەت، بەڵام دەزگا ئەمنییەکان ئاماژە بە ٥ حاڵەت دەدەن.

ساڵانە لەقەزای چەمچەماڵ حاڵەتەکانی تەقەکردنو کوشتنو کێشەو گرژییەکانی نێوان هاووڵاتیان، بە بەراورد لەگەڵ قەزاو ناحیەکانی تر زیاترە، هاووڵاتیان کێشەکان بۆ پشتگیریکردنی ئاژاوەگێڕان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەگێڕنەوە، بەرپرسانی ناوچەکەش دەڵێن هۆکارەکەی چڕی دانیشتوانە.

عەلی رەوف قایمقامی قەزای چەمچەماڵ بەدەستووری وت"چەمچەماڵ قەزایەکی گەورەیە، زیاتر لە ١٧٥ هەزار کەسی تێدا دەژێت، لەهەر جێگەیەک جمجۆڵو ژیان هەبێت کێشە هەردەبێت".

قایمقامی چەمچەماڵ دەڵێت ئەو کێشانەی لەچەمچەماڵ دروستبووە، زیاتر کێشەی کۆمەڵایەتییەو دوورە لەکێشەی سیاسییەوە، "لەماوەی رابردوودا ئەو جۆرە حاڵەتانە زیادی کردووە، هیچ حاڵەتێکی سیاسی لەپشت ئەو کێشانەوە نییە".

عەلی رەئوف وتی"لەچەمچەماڵ یەکێتیو پارتی باڵادەستن، هیچ تاوانبارێک لەژێر رکێفو باڵی ئەو دوو حیزبەدا نییە، شتی لەوجۆرە لەو سنوورەدا بوونی نییە کەداڵدەدرابن، ئەگەر هەبێت رای کردبێت بۆ شوێنێکی تر ئەوە بابەتێکی ترە".

لەهەفتەی رابردوودا رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانی قەزای چەمچەماڵ، لەبارەی ئەو بارودۆخەی چەمچەماڵەوە، بەیاننامەیەکی نارەزاییان بڵاوکردەوە، کەتیایدا داوای هێورکردنەوەو بارودۆخەکەو دەستگیرکردنی تۆمەتبارانیان دەکرد.

بارام سوبحی یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی چەمچەماڵ کەبەیاننامەکەیان بڵاوکردەوە، بەدەستووری وت"بەپێی ئەو زانیاریانەی لای ئێمەیە هەندێک لەو کەسانەی تۆمەتبارن بەکوشتن لەلایەن حیزبە باڵادەستەکانی کوردستانەوە داڵدەدراونو رادەستی دادگا نەکراون". بارام وتی "ئێمە داوامان ئەوەیە حکومەتی هەرێم لەرێگەی وەزارەتو دەزگاکانییەوە کاربکات بۆ هێورکردنەوەی باروودۆخەکە".

بەرپرسانی ئەمنی ئاماژە بەهێوربوونەوەی بارودۆخەکە دەکەن، بەهۆی دەستگیرکردنی تۆمەتبارانو بکوژەکانەوە.

عەمید دارا عەبدوڵا بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ، بەدەستووری وت"ئێستا بارودۆخی چەمچەماڵ ئارام بووەتەوە،توانیومانە سەرجەم تاوانباران بەبڕیاری دادوەر دەستگیربکەین، تەنها یەکێکیان نەبێت".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چەمچەماڵ ٥ حاڵەتی کوشتن بەفیشک هەبووە، کە ٣ حاڵەتی کوشتنو ٢ حاڵەتی تریان خۆکوشتن بووە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستور کەوتووە، نزیکەی ٧ حاڵەت بووە. کۆی ئەو رووداوانەش لەسەرەتای مانگی یەکەوە بووە تاوەکو ئێستا.

عەمید دارا وتی"ئەو حاڵەتانەی لەم ماوەیەدا روویانداوە، حاڵەتی تۆڵەکردنەوەو کێشەی کۆمەڵایەتیو شەخسی بوون".

پۆلیسی چەمچەماڵ لەهەوڵدایە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکداری، کەخەڵکێکی زۆر بەبێ مۆڵەت چەک هەڵدەگرنو ئەوەش حاڵەتەکانی شەڕو تەقەکردنی لەو قەزایە زیاتر کردووە.

عەمید دارا وتی"ئەوانەی پشێوی دەنێنەوە، لەشوێنی نادیارەوە تەقەدەکەن".

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چەمچەماڵ لەماوەی رابردوودا لەگەڵ لایەنیە سیاسییەکانی چەمچەماڵ کۆبوونەوەیان کردووە، لەبارەی دەستگیریکردنی تاوانبارانەوە.

بارام وتی "ئەو کەسانەی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیشەوە ئەوکارە دەکەن، بەشێکیان لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە پشتگیری دەکرێن".



گرتوخانەکانی چەمچەماڵ بەردەوام جمەیان دێت

# ئێران هێز دەنێرێتە سنورەکانی چیای سورێن

فەرمان حەسەن لەشارەزوور

ماوەیەکە ئێران لەسنوری چیای سورێن دەستی بەتوندکردنەوەی ئەو سنورەو داخستنی رێگاکانی کردووە، بەوتەی شایەتحاڵەکان لەهەندێک شوێنی چیاکەدا هێزی پاسداری ئێرانی خێوەتییان هەڵداوەو جێگیربوون، بەرپرسێکی باڵای پاسەوانی سنوریش دەڵێت کۆکردنەوەی ئەو هێزە بۆ کردنەوەی چەند بازاڕێکی نارەسمیە لەنێوان هەرێمو ئێراندا.

هەڤاڵ محەمەد کە یەکێکە لەو کاسبکارانەی بناری چیای سورێن کە رۆژانەی سەردانی ئێران دەکات، بەدەستووری وت "جاران ئەو رێگایانە کەسی لێنەبوو، ئێمە بەئاسانی هاتووچۆی خۆمان دەکرد، بەڵام ماوەیەکە ئێران هەموو رێگاکانی چیای سورێنی گرتووەو لەهەندێک جێگای چیاکەشدا هێزی پاسداری جێگیرکردووە".

ئەو کاسبکارە ئاماژەی بەوەدا سوپای پاسداران چەند جارێک کاسبکارەکانی ئەم سنورەیان گرتووەو ئازاریان داونو هێسترەکانییان کوشتوون، وتی "ئێستا کەس ناوێرێت لەو چیایەوە هاتووچۆی ئێران بکات".

ئەحمەد غەریب فەرماندەی لیوای سێی پاسەوانی سنور لەسلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور هۆکاری کۆکردنەوەی سوپای پاسدارانی لەو ناوچەیە بۆ ئەو بەرنامەرێژییەی ئێران گەڕاندەوە کە دەیانەوێت چەند بازاڕێکی بچوکی هاوبەش لەنێوان هەرێمو ئێراندا بکەنەوە، وتی "بۆ ئەومەبەستە چەند کۆبونەوەیەکمان کردووە"

ئەحمەد غەریب دەڵێت کردنەوەی ئەو بازاڕانە بەمەبەستی کەمکردنەوەی هاتووچۆی ئەو هاووڵاتیانەیە کە لەنێوان هەردوولادا بەرێگای قاچاخ دێنو دەچن، زیاتر کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیە.

ئەحمەد غەریب رەتیکردەوە کۆکردنەوەی ئەو هێزانە پەیوەندی بەبۆردومانی تۆپخانەکەی کۆماری ئیسلامیەوە هەبێت، وتی "تۆپباران لەسنوری قەزای پشدەرەو برواناکەم هێنانی ئەو هێزانە پەیوەندی بەو بۆردومانکردنانەوە هەبێت".

# یەکگرتوو گۆڕانکاری لەبەرپرسەکانی سنوری شارەزووریدا دەکات

فەرمان حەسەن لەشارەزوور

بەهۆی ئەو شکستەی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کورستان توشیهات، یەکگرتووی ئیسلامی دەستیکردووە بەگۆڕانکاری لەئۆرگانەکانی حیزبەکەی لەناوچەی شارەزوور.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، لەتیف عەلی بەرپرسی مەڵبەندی ١٠ی یەکگرتوو لەپێنجوێن گۆڕاوەو جەمال عومەر خراوەتە شوێنی، ئەکرەم زاهیر بەرپرسی لقی هەڵەبجەی تازەی سەنتەری گەشەپێدانی یەکگرتوو گۆڕاوە بۆ عومەر محەمەد، هەروەها پێشووتریش بەرپرسی مەڵبەندی ٩ی شارەزووری یەکگرتوو گۆڕابوو جەمال ئەحمەد کرا بەبەرپرسی مەڵبەندەکە.

جەمال ئەحمەد بەرپرسی مەڵبەندی ٩ ی یەکگرتوو لەشارەزوور، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەم گۆڕانکاریانە سروشتییەو لەوانەیە بەهۆی سەرقاڵی خودی خۆیانەوە نەتوانن درێژە بەکارەکەیان بدەن".

جەمال ئەحمەد وتی "ئەم هەلومەرجەی ئێستا وای دەخواست کە ئەم گۆڕانکارییانە بکرێت، ئەگەر پێویستیش بکات گۆڕانکاری تر دەکرێت لەناوچەکەدا".

ئەکرەم زاهیر بەرپرسی پێشووی لقی هەڵەبجەی تازەی سەنتەی گەشەپێدانی لاوان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لقی یەکگرتوو لە سنورەکەدا پێویستی بە کارگێڕێک هەبووە، منیش بوومەتە کارگێڕیان لەبەرئەوە کەسێکی تر خراوەتە جێگەکەم".

# ملازمێکی کورد، دەستگیردەکرێت

دەستوور

ملازمێکی کورد کە خۆی لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان لەشاری کەرکوک دەوامدەکات، دوای ئەوەی هاووڵاتییەکی عەرەب دەرفێنێت، لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنەوە دەستگیردەکرێت.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لەپارێزگای کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری رایگەیاند"ملازمێکی کورد بەناوی (ا، ش) کە خۆی لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان دەوامدەکات، دەستگیر دەکرێت، دوای ئەوەی عەرەبێکی دانیشتووی کەرکوک دەرفێنێتو بە ٨٠ وەرەقە ئازادی دەکات".

ئەو سەرچاوەیە وتی"ئەو ملازمە، ماوەیەک لەمەوبەر عەرەبێکی رفاندبوو، داوای دەفتەرێک دۆلاری لەکەسوکارەکەی کردبوو، بەڵام لەلای پردی سێی شاری کەرکوک کاتێک ویستویەتی بە ٨٠ وەرەقە عەربەکە ئازادبکاتو بیداتەوە کەسوکاری دەستگیرکراوەو پارەو مۆبایلەکەشی لێسەندراوە".

# عەمیدێك چوار ساڵە موچەی لیوا وەردەگرێت

دەستوور لەکەرکوک

عەمیدێک لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوک نزیکەی چوار ساڵە موچەی لیوا وەردەگرێت، لەکاتێکدا تەنها نزیکەی ١٥ رۆژە بووە بەعەمیدو پێشتر پلەی عەقیدی بووە.

سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند"عەمید تۆرهان عەبدلڕەحمان یوسف تورکمانەو جێگری بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوکە، چوار ساڵە موچەی لیوا وەردەگرێتو هەر بەناوی لیواشەوە نووسراوو کارەکانی رایی دەکات".

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوک کە ژمارە ٢٩٧ی لەسەرەو رۆژی ٢٠١٠/١/١٢ لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری گشتی پۆلسی کەرکوک ئیمزای کردووەو کۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، عەمید تۆرهان لەو رۆژەدا پلەی لەعەقیدەوە بۆ عەمید بەرزکراوەتەوە، بەڵام چوار ساڵە موچەی لیوا وەردەگرێت.

## روونکردنەوەیەک لەراگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیەوە

بۆ/ رۆژنامەی دەستوور

بەرێزان... لەلاپەڕە (٢٣)ی ژمارە (١٦)ی رۆژنامەکەتان (رۆژنامەی دەستوور) لەبەرواری (٢٠١٠/١/٢٧) راپۆرتێکتان بڵاوکردەوە لەژێرناونیشانی (دوو خوێندنگەی سلێمانی بەگروپی کۆمپانیاکانی قەیوان دەفرۆشرێ) کە پەیامنێرتان ئاکۆ محەمەد ئامادەیکردووە.

هەرچەندە بۆ ئەوکارە رەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم وەرگیراوە، بەڵام بەپێویستی دەزانین ئەم چەند خاڵە بۆ هەموو لایەک روونبکەینەوە:

١- ئەو دوو بینایە نەفرۆشراوە بە (پارەی نەختی) بەگروپی کۆمپانیاکانی قەیوان وەک ئێوە باستانکردووە، بەڵکو بەشێوەی ئاڵوگۆڕ دەیاندرێتیو شوێنی ئەو دوو خوێندنگەیە (فریشتەو شێنێ) دەکرێتە باخچەو سەوزایی بۆ بینای تاوەرەکانی قەیوان کە ئەوانیش دیسانەوە رەزامەندی حکومەتی هەرێمیان وەرگرتووە.

٢- لەبەرامبەر ئەو کارەشدا کۆمپانیای قەیوان دوو بینای زۆر باشترو گەورەتر بۆ ئەو دوو خوێندنگەیە دروستدەکات، یەکێکیان لەناو قەیوان سیتیو ئەوی دیکەشیان هەر لەنزیک ئامادەیی فریشتە دەبێت کە ئێستا کاری تێدا دەکرێتو لەتەواوبووندایە.

٣-بۆ زانیاری هەمووان هێشتا ئەو دوو خوێندنگەیە دەوامی ئاسایی تێدا دەکرێتو خوێندکاران لەپۆلەکانیاندانو چۆڵنەکراوە هەتا بیناکانیان بۆ تەواو نەکرێت، دەشتوانن بچن سەردانیان بکەن.

لەگەڵ رێزدا

بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی

# بارزانی: مام رۆستەمم تەنها وەك هاووڵاتییەکی کەرکوکی بینیوە





دەستوور

مەسعود بارزانی لەبروسکەیەکی نهێنیو تایبەتدا کەرۆژی ٢٠١٠/١/٢٢ ئاراستەی سەرجەم لقو فەرماندەییو رێکخراوە پیشەییەکانو دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبەکەی کردووە، رایدەگەیەنێت کە مام رۆستەمی تەنها وەکو هاووڵاتییەکی شاری کەرکوک بینیوە، نەک وەک گۆڕانو کۆمپانیای وشە.

لەبروسکە نهێنییەکەدا کە کۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، هاتووە "هاتنی مام رۆستەم بۆ لای سەرۆکی هەرێم، تەنها وەک هاووڵاتییەکی کەرکوک بووە، بۆئەوەی گفتوگۆ لەبارەی چەند پرۆژەیەکەوە بۆ کەرکوک بکەین".

بارزانی لەنووسراوەکەدا ئەوەشی باسکردووە کە ئەوەی لەراگەیاندنەکاندا باسدەکرێت دوورە لەراستییەوەو هاتووە "ئەوە تەنها بۆ تێکدانی بارودۆخی نێوان ئێمەو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، بۆیە نە بەناوی گۆڕانو نە بەناوی کۆمپانیای وشەوە نەهاتووەتە لامان بۆ ئاگاداری هەڤاڵانمان".

# بۆ دامەزراندن لەهێزی پێشمەرگەدا، داوای تەزکییەی پارتی دەکرێت

دوێن هاشم لەهەولێر

لەگەڵ ئەوەی لەئێستادا یەکێتیو پارتی سەرقاڵی یەکخستنی هێزی خۆیانن بۆئەوەی ببێتە هێزی کوردستانی، بەڵام تا ئێستا بۆ دامەزراندن لەو هێزەدا داوای تەزکییەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت.

یەکێک لەو هاووڵاتییانەی بەمەبەستی دامەزراندن لەو هێزەدا سەردانی شوێنی پەیوەندیداری کردبوو بۆ دەستوور ئاشکرایکرد: لەکاتی داواکردنی دامەزراندن لەو هێزەدا، هێنانی تەزکییەی پارتی کراوە بەمەرجو ئەوانەی ویستویانە دابمەزرێن داوای تەزکییەی پارتییان لێکراوە.

دەستوور ناوی ئەو شوێنو رێکخراوانەی پارتی لەلایە کە دەبێت هاووڵاتیان سەردانی بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەزکییە بۆ دامەزراندن لەو هێزەدا.

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یەکێک لەرێکخراوەکانی پارتی کە کاری تەزکییە بۆ دامەزراندنی هێزەکانی کوردستان دەکات ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بداتو بەدەستووری وت "ناتوانین هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدەینو پەیوەندی بەهیچ دەزگایەکی تریشەوە مەکە، چونکە هیچ زانیارییەکت پێنادەن".

بۆ بەجینۆساید ناساندنی دۆسیەی هەڵەبجە

# ٤٢٠٠ ئیمزا ئاراستەی سێ سەرۆکایەتییەکە دەکرێت

دەستوور. هەڵەبجە

دوێنێ سێشەممە کەمپینی پشگیری لەبەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە، بەفەرمی کۆتاییان بەو هەڵمەتی واژۆ کۆکردنەوەیە هێنا کە ماوەی ١٥ رۆژە بەردەوامە، بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی ٤٢٠٠ واژۆیان کۆکردۆتەوەو کۆپییەکی ئەو ئیمزایانەیان ئاڕاستەی سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم کردووە.

سەلاح جەمیل سەرپەرشتیاری کەمپینی پشگیری لەبەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند: زیاتر لە٣٥ پەرلەمانتارو چەندین کەسایەتی ناوخۆو ئەوروپی ئیمزایان کردووەو پشتگیری کەمپینەکەیان کردووە، وتیشی "ئیمزاکانمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو پەرلەمان کرد، ئەمەش وەک پشتگیرییەک بۆ هەنگاوی بەجینۆساید ناساندنی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە".

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە لەو ماوەیەدا ئەو واژۆیانەمان کۆکردەوە وەک پشگیرییەک بۆ پارێزەرانی دۆسیەکە، ئاڕاستەی سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێممان کرد تا ئەوانیش لەچوارچێوەی دەسەڵاتی یاساییدا رۆڵی خۆیان بگێڕن".

١٧ی مانگی رابردووش دادگای تاوانەکانی عێراق دوادانیشتنی خۆی بەسەرۆکایەتی عەبود مستەفا ئەلحەمامی بەڕێوەبردوو لەو دانیشتنەدا کە دادگا دوابڕیاری خۆی لەوبارەیەوە خوێندەوە، کارەساتی هەڵەبجەی نەبەستەوە بەجینۆسایدەوەو لەخانەی تاوانی دژی مرۆڤایەتیدا جێگەی کردەوە.

# فێڵ لەپرۆژەی گەیاندنی ئاوی خانەقین بۆ نەفتخانە دەکرێت

فەرمانو سەلام لەنەفتخانە

بەڵێندەرو ئەندازیارانو سەرپەرشتیاری پرۆژەی گەیاندنی ئاوی خواردنەوە لەخانەقینەوە بۆ نەفتخانە لەسەر ئەوە رێککەوتوون کەپرۆژەکە لەگەڵ هێڵە کۆنەکە ببەستن، لەکاتێکدا بۆری هێڵە کۆنەکەی ئاوی خانەقینو نەقتخانە، لەساڵی ١٩٢٠دا دانراوەو رزیوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەپرۆژەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری راگەیاند "بەڵێندەری پرۆژەکە رەزامەندی لەسەر گۆڕینی تایبەتمەندییەکانی پرۆژەکەو بەستنەوەی بەهێڵە کۆنەکەوە لەلایەن یاریدەدەری پارێزگای دیالە هێناوە، ئەمەش فێڵێکە لەبەرژەوەندی تایبەتی بەڵێندەرو یاریدەدەری پارێزگارەو لەزەرەری هاووڵاتیانە".

حامد وەلی بەڕێوەبەری ئاوی شارۆچکەی نەفتخانە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە کێشەی گواستنەوەمان هەبوو لەگەڵ بەڵێندەرەکەدا، لەبەرئەوەی دووری نێوان پرۆژەی ئاوی خانەقینو نەفتخانە ٤٥ کیلۆمەترە، بەڵێندەرەکە بەئێمەی وت: ئەو پارەیە کەمە، بۆیە دەیبەستینەوە بەبۆریە کۆنەکانەوە".

هەروەها وتی "ئەگەر بیبەستنەوە بەو بۆریە کۆنانەوە وەک ئەوە وایە هیچیان نەکردبێت، چونکە ئەو پرۆژە کۆنەی ئاوی نەفتخانە هی وەزارەتی نەوتەو لەساڵی ١٩٢٠دا دروستکراوەو ئێستا ژەنگاوی بووەو ئاوەکەی بەکەڵکی خواردنەوە نایەت".

لەلایەکی ترەوە محەمەد مەلا حەسەن قایمقامی خانەقین بێئاگایی خۆی لەگۆڕینی رێڕەوی پرۆژەکە دەربڕی، وتی "بەدواداچوونی بۆ دەکەین ئەگەر پرۆژەکە وەرنەگیرابێتەوە ئەوا رەتیدەکەینەوە".

# وەزارەتی شارەوانی بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی کەرکوك لەسەرکار لادەبات

زانیار داقوقی لەکەرکوک

وەزارەتی شارەوانی عێراق، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی کەرکوک کە کوردە، لەسەرکار لادەباتو تورکمانێک دەخاتە شوێنەکەی، بەهۆی پابەندنەبوونی بەڕێوەبەرەکەو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەو بڕیارەوە، وەزارەت موچەی ٤٤٠ کارمەندی فەرمانگەکەی راگرتووە.

رەمەزان فارس بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی کەرکوک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا: بڕیاری لابردنی، بەبێئاگاداری ئیدارەی پارێزگا بووە، وتیشی "ئیدارەی پارێزگای کەرکوک رازینین دەست لەکارەکەم بکێشمەوە، هەوڵی جدیان گرتووەتەبەر بۆمانەوەم".

بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی کەرکوک دەڵێت: ئەو تورکمانەی بۆ جێگەکەم دیاریکراوە، هەڕەشەی ئاڵۆزترکردنی کێشەکە دەکات، وتی "دەستبەرداری پۆستەکەم نابم، مەگەر کوردێک بخەنە شوێنەکەم".

حەسەن تورهان ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی تورکمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە هەوڵی ئەوەمانداوە ئەو تورکمانە بکرێت بەبەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوەڕۆ، چونکە کورد لەکەرکوک سەرجەم پۆستەکانیان بۆخۆیان داگیرکردووە".

# کادرێکی پارتی کۆبوونەوەی حیزبی بەفەرمانبەران دەکات

زیاد ئیسماعیل لەهەولێر

سەرچاوەیەکی ئاگادار بەدەستووری راگەیاند: کادرێکی پارتی کە بەڕێوەبەری کارگێڕی بنکەیەکی تەندروستیە لەهەولێر، مانگانە چەند جارێک لەکاتی دەوامدا فەرمانبەران دەبات بۆ کۆبوونەوەی حیزبی.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەدا: حوسێن سورچی کە بەڕێوەبەری کارگێڕی بنکەی تەندروستی شەهید محەمەد باجەلانە، مانگانە ئەو فەرمانبەرانەی حیزبین لەکاتی دەوامی فەرمی دەیانبات بۆ رێکخراوی پارتی کە خۆی سەرپەرشتی دەکات.

ئەو سەرچاوەیە وتی "حوسێن سورچی بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانی تایبەتی خۆی ئۆتۆمبێلی بنکە بەکاردێنێت".

هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوەدا: بەهۆی مامەڵەی توندی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەوە، تا ئێستا ١٣ فەرمانبەری ئەو بنکەیە داوای گواستنەوەیان کردووەو خۆیان گواستۆتەوە.

حوسێن سورچی بەڕێوەبەری کارگێڕی بنکەی تەندروستی شەهید محەمەد باجەلان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئەو زانیارییانەی رەتکردەوەو وتی "من لێدوان نادەم، بەڕێوەبەری بنکەکەم هەرچی بڵێت، قسەی ئەو راستە".

دکتۆر غازی مستەفا بەڕێوەبەری بنکەی تەندروستی محەمەد باجەلان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "من دەزانم حوسێن سورچی هاتوچۆی رێکخراو دەکات، بەڵام تا ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەکی حیزبی لێرە نەکراوە، تەنها مانگی جارێک حوسێنو کەسێکی تر بەناوی دڵشاد لەکاتی دەوام نزیکی سەعات ١٢ دەڕۆنە رێکخراو".

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی بنکە د. غازی وتی "ئەو پێشتر ئۆتۆمبێلی هەبوو، بەڵام پێویستی بەپارە هەبوو فرۆشتی لەو کاتەوە بەم ئۆتۆمبێلە لەکاتی دەوام ئیشوکارەکانی خۆی پێدەکات".

سەبارەت بەو کەسانەی گواستراونەتەوە، د. غازی ئاماژەی بەوەدا ئەو فەرمانبەرانە بەرگەی دەوامی جدییان نەگرتووە، وتی "هەر لەدەوامە هاکەزاییەکەی بەڕێوەبەری پێشوو راهاتوون".

www.arsivakurd.org



"دەبێت باڵی ریفۆرم کەمینە بێت لەسەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕاندا"
لاپەڕە٧

# ڕاپۆرتی نهێنیو زانیاری ورد لەدژی ئاسایشو پۆلیس بەرزدەکرێتەوە

## ئامر فەوجێکی فیرقەی ١٢، هەفتانە ڕاپۆرتی نهێنی لەدژی ئەفسەرانی کوردی نێو سوپا ڕەوانەی سەرەوە دەکرێت

شۆڕش خالید



سوپا لەدژی ئاسایشو پۆلیس سەنگەردەگرێت

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، هەفتانە ڕاپۆرتی نهێنیو زانیاریی ورد لەسەر ئەفسەرانی کورد لەفیرقەی ١٢ی سوپای عێراقو هەردوو ئاسایشی یەکێتیو پارتیو پۆلیسی کەرکوک، لەلایەن بەرپرسانی فیرقەی ١٢ کەرکوکەوە دەنووسرێتو ئاراستەی وەزارەتی بەرگریو وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق دەکرێت.

لەنوێترین هەوڵی ئەفسەرە باڵاکانی نێو فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق بۆ لاوازکردنو لەدەستدەرهێنانی ئەمنیەتی کەرکوک لەژێر ڕکێفی کوردەکان، بەئەفسەرو ئاسایشو پۆلیسەوە، نووسراوێکی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق کە لەژێر ناوی (زۆر نهێنی)، ئاراستەی چەند بنکەیەکی پۆلیسی کەرکوک کراوە، داوای کۆکردنەوەی زانیاری وردو هەڵوێستی ئەفسەرانی پۆلیسی نێو بنکەکانو جۆری چەکەکانیان لەبەڕێوەبەری بنکەکانی پۆلیس دەکات.

هەروەها ئامر فەوجێکی نێو سوپای عێراقیش ئەو ڕاستییە دەدرکێنێتو بەدەستووری وت "هەفتانە بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ڕاپۆرت لەدژی ئەفسەرە کوردەکانو ئاسایشی یەکێتیو پارتیو ئەفسەرانی پۆلیس دەنووسرێتو ڕەوانەی سەرەوە دەکرێت".

نووسراوە نهێنییەکە کەکۆپیەکی دەست دەستوور کەوتووە، لەلایەن (مقر الفوج الثاني لمش/١٥ (الاستخبارات)ی فیرقەی ١٢ەوە دەرچووە، بەژمارە ٣٨/٢ لەڕۆژی ٢١ک ٢٠١٠، بەناونیشانی (هەڵسانگاندنی بارودۆخی ئەمنی)و ئاراستەی یەکێک لەبنکەکانی پۆلیسی پارێزگای کەرکوک کراوە، هاتووە "داواتان لێدەکەین کە (ع/١ عەباس ئەحمەد غەفور)، نێردراوی ئێمەیە بۆ هەندێک داواکاری ئێمە سەردانتان دەکات تکایە یارمەتی بدەن".

هەر لەنووسراوەکەدا کەئیمزای عەقید سەلام دایح خلف دلێمی ئامر فەوجی دووی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی لەسەرە، هاتووە "نێردراوەکەمان زانیاری ورد لەسەر هەڵوێستی ئەفسەرەکانی پۆلیسو جۆری چەکو ڕێوشوێنیان کۆدەکاتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، تەواوی ئەو هەوڵانە بۆ بێهێزکردنو کارکردن بۆ لاوازکردنی توانای پاراستنی ئەمنی بەرپرسە کوردەکانە لەپارێزگای کەرکوکو سنوورەکانی دەوروبەری.

مقەدەم ڕوکن شوان حەمە غەریب، ئامر فەوجی ٤ی سوپای عێراق، تەواوی ئەو زانیارییانەی بۆ دەستوور پشتڕاستکردەوەو ڕایگەیاند "ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین فریقەی ١٢، هەفتانە ڕاپۆرتی نهێنی خۆی لەسەر ئەفسەرە کوردەکانی نێو سوپای عێراق کۆدەکاتەوە".

> "کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئاسایشو پۆلیس، کاری گروپە تیرۆرستییەکانە، چونکە ئەو دوو دەزگایە حکومین"

مقەدەم ڕوکن شوان وتی "بەرپرسانی فیرقەی ١٢ لەئێستادا بەسێ جۆر زانیاریو ڕاپۆرتی نهێنی لەسەر کوردەکان دەنووسنو بەرزدەکەنەوە".

ئەو وتی "ڕێگەی یەکەم کار لەسەر لاوازکردنی پێگەی کوردەکان دەکەن لەنێو سوپای عێراق، ڕێگەیەگی تر زانیاری ورد لەسەر ئاسایشی یەکێتیو پارتی لەناوچەکە کۆدەکەنەوەو ڕاپۆرت لەدژیان دەنووسن، جگە لەوەش هەر بەوەوە نەوەستاونو لەم ماوەیەدا زانیاری لەسەر پۆلیسیش کۆدەکەنەوە، لەکاتێکدا سوپا لەسەر وەزارەتی بەرگرییەو پۆلیس لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە".

ئامر فەوجی ٤ی سوپای عێراق ئاماژەی بەوەشدا: جگە لەجێگۆڕکێ پێکردنو لێسەندنەوەی پلەو گواستنەوەیان بۆ شوێنی دوورتر، ڕۆژانە کێشەی سیاسی بۆ ئەفسەرە کوردەکان دروستدەکەن، بەڵام ئەوانەی عەرەبن هیچ گرفتێکیان بۆ نادۆزنەوە.

هەروەها وتی "ئێمە ئەوانە بەپلان دەزانین، چونکە چەندین کەسی ناشارەزاو بێ بڕوانامە لەنێو فیرقەی ١٢دا هەیە، هیچیان پێنالێن، بەڵام بۆ ئێمە جگە لەبەرزکردنەوەی ڕاپۆرت، کار بۆ لاوازکردنمان دەکەن".

ئەفسەرانی کوردی نێو سوپای عێراق ئاماژە بەوە دەکەن کەسەرکردایەتی کورد ئاگاداری هەموو ئەو هەوڵانەنو داوادەکەن ڕێگە بەوجۆرە کارانە نەدرێت.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، ڕایگەیاند "ئەگەر حاڵەتێکی لەو شێوەیە هەبێت ئەوە جێگەی قبوڵ نییە، دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوەو ڕێگەنەدەین".

ئەو وتی "هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەو هەوڵانە نییە، بەڵام هەر لایەنێک زانیاری لەوشێوەیە کۆبکاتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کار بۆ لایەنێک یان حیزبێکی دیاریکراو دەکاتو ئەوەش نایاساییە".

ئەحمەد عەسکەری ئاماژەی بەوەدا کەهەریەکە لەئاسایشی یەکێتیو پارتی دەزگای حکومینو بنکەکانی پۆلیسیش بەهەمان شێوەیە، "بۆیە ئەگەر هەر لایەنێک زانیاریان لەسەر کۆبکاتەوەو ڕاپۆرتیان لەدژ بنووسێت، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو لایەنە کاری تیرۆریستی دەکات، چونکە ئەوە ئیشی گروپە تیرۆرستییەکانە".

عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک، هەرچەندە نکوڵی لەبوونی نووسراوی لەوشێوەیە کردەوە، بەڵام وتی "ئێمە لای خۆمانەوە دژی هەموو ئەو هەوڵانە دەوەستینەوەو ئەو داوایەی سوپای عێراقیشمان ڕەتکردووەتەوە کەداوای زانیارییان کردووە".

دەستوور پەیوەندی بەلیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوکەوە کرد، بەڵام پەیوەندییەکە دروستنەبوو.

# مەلا کرێکار نیازی کوشتنی ڕابەری بزووتنەوەی هەبووە

## عەلی باپیر بەهۆی هەیمەنەی بنەماڵەی مەلا عەلییەوە لەبزووتنەوە جیابووەوە

دلێر عەبدوڵڵا

ئیسلامییەکانی کوردستان کە بەهۆی کێشەو ناکۆکی لەبیروباوەڕو ئیجتیهاداتی دینی، ئێستا لەچەندین گروپو هێزی جیاواز پێکهاتوون، لەماوەی مێژوییەکی کەمی تەمەنیاندا چەندین ڕووداوو شەڕیان خولقاندووە، جگەلەوەی پریشکی ئەو زیانانە کۆمەڵگەو لایەنەکانی تری گرتووەتەوە، کاریگەری لەسەر خۆشیان هەبووەو تارادەیەکی زۆر لێی زەرەرمەندبوون.

دەرکەوتنی بزووتنەوەی ئیسلامی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک هێزێکی جیهادی سەلەفیو تەکفیری لەگۆڕەپانی کوردستان، جگەلەوەی مەترسی بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان هێناو پارتەکانی ئەوسای شاخی توشی شۆک کرد، بەتایبەت یەکێتی، بووە ناوەندو پێگەیەک بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانی سەرکردایەتی ئەوسای ئەو حیزبە.

ئەگەرچی بزووتنەوەی ئیسلامی بەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕابوونی ئیسلامیو ئەو جوڵانەوە ئیسلامییە دادەنرێت کە لەکوردستاندا گەشەی کردووە، بەڵام بیری ئیخوان موسلمینی میسری کە تەواوی وڵاتە عەرەبییەکانی گرتبووەوە، سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی ئەو جوڵانەوەیەی کە پێی دەوترێت ڕابوونی ئیسلامی کە دەکرێت بوترێت کێشەو ناکۆکی ئیسلامییەکان لەوێوە سەریهەڵداوەو بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کەهەردوو ڕەوتە ئیخوانییەکەی مەلا سدیقی ئەمیری بزووتنەوەی ڕاپەڕینی پێشوو، ڕابەری ئێستای بزووتنەوەو سەلاحەدین بەهادینی ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی، لەململانێی وەرگرتنی متمانەی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینی میسری بوون.

بزووتنەوەی ئیسلامی کە جیاواز لەحیزبەکانی تری کوردستان پێکهاتو خۆی ڕاگەیاند، بووە مەیدانی ململانێو کێشەو ناکۆکی نێوان چالاکوانانی ئەوسای ئیخوان موسلمین، بەتایبەت باڵی بنەماڵە "مەلا عوسمانو براکانی"و باڵی گەنجان بەسەرکردایەتی عەلی باپیر کە ئەم ناکۆکیو ململانێیەی بزووتنەوە تا جیابوونەوەی باڵەکەی عەلی باپیر لەساڵی ٢٠٠١ درێژەی کێشا.

عەلی باپیر وەک یەکێک لەسەرکردە گەنجەکانی ئەوسای بزووتنەوە، لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو حیزبەوە، کەوتە دژایەتیکردنی باڵی بنەماڵە بەتایبەت مەلا عەلی، هەروەک ئەوەی مەلا کرێکار لەیاداشتەکانیدا ئاماژەی پێدەکات "کێشەی نێوان سەرکردایەتیو مامۆستا عەلی باپیرو هاوبیرانی بەرادەیەک گەورەبوو، کەس نامەی کەسی نەدەخوێندەوە، زۆرجار مامۆستا عەلی باپیر دەیوت ئەم مەلایانە ئەگەر بۆ عیلمی شەرعی لێبڕابان زۆر چاکتر دەبوو".

عەلی باپیرو هاوبیرانی کە ئێستا هەندێکیان لەسەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیدان، هەمیشە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە دەسەڵاتی باڵی بنەماڵە کەمبکەنەوەو خۆیان بکەنە دەسەڵاتداری بزووتنەوە، بەڵام ئێران لەلایەکو دەسەڵاتی باڵی بنەماڵە لەلایەکی ترەوە ئەو هەوڵانەی عەلی باپیرو هاوەڵانی پوچەڵدەکردەوە، لەو نێوەندەشدا کێشەکان بەگەورەیی دەمانەوەو ئێرانیش لەولاوە جۆشی دەدا، تا ئەوەی لەساڵی ٢٠٠١و لەهەڵێکدا کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیەندراو عەلی باپیرو هاوڕێکانی لەبزووتنەوە جیابوونەوە.

بەپێی وتەی مەلا کرێکار، کۆمەڵێک لەسەرکردە بێلایەنەکان بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەکێشەکانو چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان باڵی بنەماڵەوعەلی باپیر، کۆبوونەوەیەکیان لەشاری سەردەشتی ئێران لەگەڵ باڵەکەی عەلی باپیر ئەنجامدا، هەروەک ئەوەی دەڵێت "لەپێش کۆبوونەوەکە بەڵێنماندا کە ئەم دانیشتنە بۆ جیابوونەوە لەبزووتنەوە نییەو پاشان دەستمان خستەسەر قورئانو پەیمانمان بەخواو پاشان یەکتردا کە بەنهێنی بمێنێتەوەو لای کەس نەدرکێنرێت، دواجار بەڵێنی ئەوەمان دایەوە کە ئەم کارە بۆ سێ مانگو بەمەبەستی دروستکردنی تینو فشاری گۆڕانکاری بێت لەسەر سەرکردایەتی نەک جیابوونەوە."

بەپێی گێڕانەوەکەی مەلا کرێکار کۆبوونەوەکە هیچ ئەنجامێکی نەبووەو نەتوانراوە کێشەکان چارەسەربکرێت، ئەوەش پاش ئەوەی کە عەلی باپیر کۆبوونەوەکەی درکاندووەو نهێنییەکانی بۆ بنەماڵەی مەلا عەلیو ئێران ئاشکراکردووە.

لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیەو چۆنیەتی کێشەکان، ئیحسان مەلا عەلی کوڕی ڕابەری پێشووی بزووتنەوە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "عەلی باپیرو ئەوان هیچ نەبوون تا کۆبوونەوەو هەوڵ بۆ لادانو دوورخستنەوەی باوکم بدەن، ئەوان زۆر بچوک بوون لەبزووتنەوەو هیچ ئاستو پلەیەکیان نەبوو، نەک هەوڵی لەو جۆرە بدەن."

هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند "من پاسەوانی باوکم بووم، هیچ بەرپرسیارییەتیەکم نەبوو، لەشاری سنە عەلی باپیرو هاوڕێکانیم گرتو زیندانیم کردن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوانە هیچ نەبوونو هیچیشیان لەدەست نەهاتووە، وەک چۆن ئێستا کەسانی وا هەن هیچ نین، بەڵام کۆبوونەوە دژی ئەمریکا دەکەن، ئەوەش وابوو، سەرکردایەتی بزووتنەوە ئاگای لەوانە نەبووە."

لەلایەکی ترەوەو بەپێی وتەی یەکێک لەئەندامانی سەرکردایەتی ئەوسای بزووتنەوەو بەشداربوویەکی کۆبوونەوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت ئەوەی بەدەستوور ڕاگەیاند کە مەلا کرێکار لەپاش کۆبوونەوەکە پێشنیاری بۆ عەلی باپیر کردووە کە هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا عەلی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری ئەوسای بزووتنەوەی ڕابەری کۆچکردوو بدرێت، ئەمەش لەپێناوی چارەسەری کێشەکان، بەڵام عەلی باپیر ڕەتی ئەوەی کردووەتەوە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پێشووی بزووتنەوەی ئاماژەی بەوەشدا کەمەلا کرێکار پێشنیاری ئەوەی کردووە بەچەکی ئاڕ بی جی، مەلا عەلی بکوژرێتو بۆ ئەوەش داوای هاوکاری لەعەلی باپیر کردووە، بەڵام عەلی باپیر پێی ڕاگەیاندووە کە ناتوانێت خوێنی کەس حەڵاڵ بکات.

بەرامبەر ئەو وتەیە، ئیحسان دەڵێت "ئێمە متمانەمان بەمامۆستا کرێکار هەیەو ئەوەی کەدەوترێت لەقسەی ئەو پیاوە ناوەشێتەوە، ڕەنگە ئەمە هەوڵێک بێت بۆ لێکردنەوەی ئەو تۆمەتو کارانەی کە عەلی باپیر ئەنجامیداوەو مامۆستا کرێکاری پێ ناشرین بکرێت."

دەستوور بۆ وەرگرتنی وتەی عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی پەیوەندی بەناوبراوەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بداتو ڕەتی ئەوەی کردەوە لەوبارەوە قسە بکات.

# حەڤدە ساڵە بارزانی گەرمیانی نەبینیوە

## گەرمیانییەکان دەڵێن بارزانی ناوچەگەرێتی دەکات



کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەبارزانی تووڕەن

ئاوارە محەمەد لەگەرمیان

تا ئێستا مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێم سەردانی گەرمیانی نەکردووەو گەرمیانیەکانیش پێیانوایە مەسعود بارزانی بەیەکچاو سەیری ناوچەکانی هەرێم ناکاتو ناوچەگەری دەکات.

لەماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانیدا تاوەکو ئێستا وەکو سەرۆکی هەرێم سەردانی گەرمیانی نەکردووە، ماوەی ١٧ساڵیشە ناوبراو گەرمیانی نەبینووە، لەکاتێکدا ئەو ناوچەیە زۆربەی کەس وکارو پاشماوەی ئەنفالکراوەکانن.

بەشێک لەگەرمیانییەکان پێیانوایە بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم ناوچەگەرێتی دەکاتو جیاوازی لەنێوان ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەکات، چونکە لەماوەی سەرۆکایەتیدا چەند جارێک سەردانی دهۆکو ناوچەکانی دەوروبەری، هەروەها ناوچەکانی تری کوردستانی کردووە.

سنور عەبدولکەریم، خێزانی شەهێدیکی پارتی لەگەرمیان، پێیوایە سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ ناوچەکانی سنوری هەولێرو نەهاتنی بۆ ناوچەکانی سنوری سلێمانی، بەتایبەت گەرمیان، جێگای گومانەو خەڵک بەشێوازێکی تر لێی دەڕوانن.

سنور وتی "بۆ ئێمە ئامادەبین دەنگی پێبدەین؟، کەچی ئەو ئامادەنییە بمانبینێتو سەردانمان بکات!".

ئەو ژنە شەهیدەی پارتی، نیگەرانبوو لەوەی کە ١٧ ساڵە، مەسعود بارزانی گەرمیانی نەبینیوە.

"سەرۆکی هەرێم، وەک باوک وایە بۆ میللەت، بۆیە پێویستە باوکێکی عادل بێو بەبێ جیاوازی هەموو ناوچەکان بەسەر بکاتەوە" سنور وای وت.

دوای هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ مەسعود بارزانی لەسەردانێکیدا بۆ قەزای سۆران ئەوەی ڕاگەیاند کە بەنیازە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەسەربکاتەوە، بەڵام تا ئێستا سەردانی گەرمیانی نەکردووە.

بەشێک لەهاووڵاتیان پێیانوایە جیاوازی مەسعود بارزانی لەسەردانیکردن بۆ ناوچەکان، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەندامو لایەنگرانی پارتی لەسنوری پارێزگای سلێمانی کەمترە وەک لەسنورەکانی دهۆکو هەولێر، بەشێکی تری هاووڵاتیانیش گومانی تریان لا دروستبووە، لەهەر حاڵەتێکیشدا هاووڵاتیان ئەوە بەناوچەگەرێتی لێکدەدەنەوە.

بێستون باجەڵان، چالاکوانی کاری ڕێکخراوەیی لەگەرمیان، پێیوایە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان، بەعەقڵییەتی حزبایەتییەوە کاردەکەنو بەوهۆیەشەوە، خۆیانو میللەتەکەیشیان زەرەرمەند دەبن. ئەو وتی "وەک لەهەڵبژاردنەکەی پێشوودا بینیمان، نووسەرێک ڕکابەری سەرۆکی دەکردو چواریەکی دەنگەکانی بەدەستهێنا کە دەبێت سەرۆک ئەوە بکاتە وانەیەکو لەم خولەی سەرۆکایەتی خۆیدا، هەموو ناوچەکان بەسەربکاتەوە".

بێستون باجەڵان، جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە دەبێت سەرۆکی هەرێم، جیاوازی لەنێوان ناوچەکاندا نەکات، "سەرۆکی هەرێم بەهەڵبژاردن پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرتووەو گەربێتو بەخۆیدا نەچێتەوەو لەپۆستی سەرۆکایەتیەکەیدا ناوچەگەری بکا، ئەوە زەرەرمەند دەبێتو لەچوار ساڵی ئایندەدا، خەڵک متمانەی پێنابەخشێتەوە".

ئەوەی زیاتر گەرمیانییەکانی نیگەرانکردووە لەسەردانینەکردنی بارزانی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو ناوچەیە لەکەس وکاری ئەنفالکراوەکاننو تا ئێستاش بەپێی پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە.

ساڵی پاریش لەکاتی هاتنەوەی گۆڕی ئەنفالکراوەکان مەسعود بارزانی ئامادەی ئەو مەراسیمە نەبوو.

هێمن بایر، گەنجێکی گەرمیانییەو پیشەی مامۆستاییە، ڕەخنەی توندی لەسەرۆکی هەرێم گرت، لەوەی "گەرمیانی ڕەشپۆش بەسەرناکاتەوەو ناوچەگەری دەکاتو تەنها سەردانی بارزانو بادینان دەکات". هێمن وتی "سەرۆکێک ئامادەنەبێ دڵی دایکێکی جەرگ هەڵقرچاوی گەرمیانیەک بداتەوە، ئیدی نازانم چۆن ویژدانی ئاسودەیەو خۆی بەسەرۆکی ئەو میللەتە دەزانێت".

مەسعود بارزانی لەساڵی ١٩٩٣ بۆیەکەم جار سەردانی گەرمیانی کردووە، بەڵام ئەوکات سەرۆکی پارتی بووەو بەپێی زانیارییەکانی دەستووریش، ئەو سەردانەی بەمەبەستی ئاشتەوایی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامیو یەکێتی بووە، کە ئەوکات ناکۆکییان هەبوو.

عومەر شەریف بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی، هۆکاری سەردانەکردنی سەرۆکی هەرێمی بۆ بارودۆخی سیاسی گەڕاندەوە، بەڵام ئاماژەی بەوەشدا کە لەبەرنامەیدایە سەردانی گەرمیان بکات.

ئەو ڕونیکردەوە "بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، مەسعود بارزانی بەر لەوەی ببێتە سەرۆکی هەرێم، نەیتوانیوە سەردانی گەرمیان بکاتو لەماوەی چوار ساڵی خولی پێشووی سەرۆکایەتی هەرێمیشدا، بەهۆی دوو ئیدارەییەوە نەیتوانیوە ئەو سەردانە بکات، کە ئەو ناوچەیە لەژێر دەستی یەکێتیدا بووە".

بەپێی وتەی بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی گەرمیان لەم خولەی سەرۆکایەتیدا، مەسعود بارزانی لەبەرنامەیدایە سەردانی گەرمیان بکات، "لەدوای گەڕانەوەکەی لەئەمریکا، هەوڵدەدەین بەرنامەڕێژی بۆ سەردانەکەی بکەینو گەرمیان بخاتە پێش ناوچەکانی تر". دژوار فائیق بەرپرسی لقی ٢٢ی پارتی لەگەرمیان ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

> داوا دەکرێت بارزانی وانەیەك لەدۆڕاندنەكانی لەناوچەی گەرمیان ببینێت

# لەئامرلی جەنگی ناسنامە دەستیپێکرد

## تورکمانەکان بیر لەدابڕانی ناوچەیەکی عێراق بۆ خۆیان دەکەنەوە، عەرەبەکانیش بەگۆڕینی ناسنامە تۆمەتباریان دەکەن

زانیار داقوقی لەئامرلی

کاتێک لەسەرەتای شارۆچکەی ئامرلییەوە بەرەو شارۆچکەکە تیدەپەڕیت، شنەی ئاڵایەکی گەورەی تورکمانەکان، باوەشی بەشەقامەکەدا کردووە، ئەمەش لەلایەن عەرەبەکانەوە وەک یەکێک لەهەوڵەکانی تورکمانەکان بۆ دابڕانی ناوچەیەکی تورکمانی دادەنرێت لەعێراقدا.

عەرەبەکانی شارۆچکەی ئامرلیو دەوروبەری کە بەشێکی کەمتر لەتورکمانەکانی لەدانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن، دەڵێن تورکمانەکان دەستیان بەگۆڕینی ناسنامەی شارۆچکەکە کردووەو بیر لەدابڕانی ناوچەیەکی عێراق دەکەنەوە بۆ خۆیان، تورکمانەکانیش عەرەبەکان بە بەکرێگیراو و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئەمنیەتو ئاسایشی ناوچەکە تۆمەتبار دەکەن.

لەماوەی رابردوودا بەدەرکردنی بەیاننامەیەک کە بەناوی (٥٤) سەرۆک هۆزو عەشیرەتو پیاوماقوڵی شارۆچکەی ئامرلییەوە دەرکرا، کێشەکانی نێوان تورکمانەکانو عەرەبەکانی ئەو شارۆچکەیەی قوڵترکردەوە، چونکە لەبەیاننامەکەدا تورکمانەکان بەتێکدانی ناسنامەی شارۆکەکە تۆمەتبارکراو، بارگرژی لەناوچەکە دروستکرد.

بەیاننامەکە کە بەوتەی سەرۆک هۆزەکان نوێنەرایەتی ١٢ هەزار کەس دەکەن لەناوچەکەدا، ناڕەزاییو گلەیی خۆیان ئاڕاستەی لایەنە حکومیو ئەمنییەکانی ناوچەکە کردووە، بەوەی تورکمانەکان "ئەمنیەتی ناوچەکەیان گرژ کردووە"و تیایدا هاتووە" لەمامەڵەکردنی تورکمانەکان ڕازی نین".

لەبەرامبەر ئەو بەیاننامەیەدا تورکمانەکان عەرەبو کوردەکانی ناوچەکە لەتێکدانی بارودۆخی ئەمنیو ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە تۆمەتباردەکەن،هەروەها بەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ناوی دەبەن.

شیخ ریاز عەباس تایی، سەرۆک هۆزی تایییەکان لەناحیەی ئامرلی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی"ئێمە ناوچەکە تەنها بەناوچەی تورکمانەکان نازانین، بەڵکو بەرەی تورکمانی هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی ناحییەکە دەدەن".

شیخ تایی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە عەشرەتەکەیان بەهیچ جۆرێک ڕازی نابن بەرەی تورکمانی بەناوی تورکمانی ئەو ناحییەوە دەستی یارمەتییان بۆ درێژبکات. ئەو وتی"بەهیچ جۆریک تەنازول ناکەین لەناسنامەمان، چونکە ناسنامەمان عەرەبییە نەک تورکمانی".

پێشووتر ڕاگەیاندنەکانی بەرەی تورکمانی، شارۆچکەی ئامرلییان بەشارۆچکەیەکی تورکمانی وەسفکردبوو، ئەوەش نیگەرانی لای سەرۆک هۆزو عەشیرەتە عەرەبەکان دروستکردبوو.

تورکمانەکان دەڵێن شارۆچکەی ئامرلی پێشهاتنی عوسمانییەکانیش ناسنامەی دانیشتوانەکەی تورکمانییە، بەڵام عەرەبەکان دەڵێن نابێت ناسنامەی ئەو شارۆچکەیە بەناسنامەی تورکمانییەوە ناوببرێت.

شێخ ریاز وتی"عەرەبەکانی ناحیەی ئامرلی لەکاتی سەردەمی داگیرکەری عوسمانلی فێری زمانی تورکمانی بووین، بەڵام هەرچەندە بەتورکمانی قسەبکەین نەتەوەمان عەرەبە".

ناحیەی ئامرلی دەکەوێتە خوارووی قەزای خورماتوو کە زۆربەی دانیشتوانەکەی بەتورکمانی قسەدەکەن، شارۆچکەکە ٢٠ کیلۆمەتر لەقەزای خورماتووەوە دوورەو زۆربەی هەرە زۆری دانشیتوانەکەی تورکماننو لەمەزهەبی شیعەن.

عەلی هاشم مختار ئۆغلو، بەرپرسی بەرەی تورکمانی لەقەزای خورماتوو و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەو شێخانە کە لەبەیاننامەکەدا دژایەتی بەرەی تورکمانی دەکەن، "دەستێکی سیاسیان لەپشتە". ئەو بەرپرسەی بەرەی تورکمانی وتی"بەرەی تورکمانی لەناوچەی خورماتوو، ئامرلی، ناحیەی سلێمان بیگ، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین براوەبووین، بۆیە ئێستاش براوە دەبین، هەربۆیە کێشەمان بۆ دروستدەکەن".

ئۆغلو وتی"ئاڵای تورکمانیمان بەرامبەر بەئاڵای عێراقی لەدەروازەی ناحییەکەدا هەڵواسیوەو ئاڵاکەمان ئاڵای تورکمانە نەک ئاڵای تورکی".

تورکمانەکان پێیانوایە بەشێک لەبەرپرسە کوردەکانیش لەپشت ئەو گرژییەوەن کە لەقەزاکەدا دروستبووە، بەڵام کوردەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە.

موختار ئۆغلو وتی"دەستە سیاسییەکە دەستێکی حیزبی کوردیە کە ئیستا وەک حزبێکی سەرەکی لەناوچەی خورماتوو دەسەڵاتدارە، کە ئەوش یەکێتی نشتیمانی کوردستانە".

چەچان مەردان کارگێڕی مەڵبەندی حەمرینی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەقەزای خورماتوو بەدەستووری وت"لایەنی کوردی لەو ناوچانە بەردوام هەوڵی ئاشتەوایی لەنێوان عەرەبو تورکمانە سوننەو شیعەکان دەدەن".

چەچان پێیوایە ئەوان بەپێچەوانەوە بوونەتە مایەی ئاشتی لەناوچەکە، نەک نائارامی. بەیاننامەکەی بەناو سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکانی ئامرلی، داوا لەقایمقامی خورماتوو دەکات، قبوڵنەکات کە بەرەی تورکمانی کار بۆ گۆڕینی ناسنامەی شارەکە بکەنو دەستکاری سیمای شارۆچکەکە بکەن.

شەلال عەبدول ئەحمەد قایمقامی دووزخورماتوو،بەدەستووری وت"بەرامبەر بەهەڵسوکەوتی بەرەی تورکمانی لەناوچەکە، عەرەبەکانی دەوورووبەری شارەکە بەتوندی یاداشتامەیەکیان ئاڕاستەی ئیدارەکەمان کردووە". شەلال وتی"ئەو بارودۆخە بۆ ناوچەکە لەبار نییەو ناحییەکە نائارامە، چونکە ئاسایش لەو سنورە بەرقەرار نییە".

عەزەدین ئیسماعیل وەنداوی ئەندامی تورکمانی لەئەنجومەنی قەزای خورماتوو پێیوایە ناحیەی ئامرلی، نەک دەستکاری ناسنامەیان کردبێت، بەڵکو هەر ناسنامەی قەزاکە تورکمانییە.

ئەو وتی"ئەو ناحییە لەئەسڵو ئەساسدا تورکمانییە".



تورکمانەکانی عێراق بەبێ خاک خەون بەدەوڵەتێکی سەربەخۆوە دەبینن

**ده‌ستوور:** بۆچی گوێ له‌و په‌یامانه نه‌گیرا؟

**سالار عه‌زیز:** قسه‌كراوه، گوێ ده‌گیرێت، به‌ڵام لایه‌نه‌كه‌ی تر ئه‌وه‌ی پێباشه كه خۆی ده‌یه‌وێت، ئه‌وه‌ی پێباشه كه له‌به‌رژه‌وه‌ندی شه‌خسی خۆیه‌تی، هه‌ندێك كه‌س هه‌یه ره‌نگه بیر له‌بنه‌ماڵه‌كه‌ی خۆی بكاته‌وه، یان له‌بوونی پاشاگه‌ردانیدا وه‌ك شه‌خس سوودمه‌ندبێت، تۆ حه‌زت به‌گۆڕانكاریو چاكسازی كرد، به‌ڵام كه‌سیش هه‌یه به‌ره‌نگارت ده‌بێته‌وه‌و رێگه‌ت لێده‌گرێت، به‌ڵام ده‌بوو ئه‌وكاته چیمان بكردایه، ده‌بوو لێی جیابێته‌وه، یان ده‌بێت له‌گه‌ڵیدا ئیشبكه‌یتو به‌رده‌وامبیت، هه‌بووه وه‌ك ئێمه بیری كردووه‌ته‌وه توانای ئه‌وه‌ی نه‌بووه له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا بێت ماوه‌ته‌وه، یان مومكینه له‌وێ دوو قسه‌ی خێر بكات، یان ره‌نگه له‌قسه‌ی خێردا نه‌مابێتو ئه‌ویش داخڵی ئه‌و بۆچوونو ئه‌و سیستمی به‌ڕێوه‌بردنه بووه.

**ده‌ستوور:** وه‌ك بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان پێتانوانیه كاتی ئه‌وه نه‌هاتووه كۆبونه‌وه‌یه‌كی گشتی له‌شێوه‌ی كۆنگره‌دا بێت یان هه‌ر شتێكی تری ناوبنێن، بۆ ئه‌وه‌ی خۆتان رێكبخه‌نه‌وه؟

**سالار عه‌زیز:** با هه‌ڵبژاردن ته‌وابێت به‌ته‌ئكید ئه‌و شتانه ده‌بنه زه‌روریه‌تو دێته‌به‌رده‌ممان ده‌بێت بیكه‌ین.

**ده‌ستوور:** پێشتر ئه‌وه بڵاوبوویه‌وه كه وه‌ك بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان داوای مۆڵه‌تتان له‌وه‌زاره‌تی ناوخۆ كردووه، وه‌ڵامی ئه‌وان چۆن بووه، هیچ وه‌ڵامێكیان داونه‌ته‌وه؟

**سالار عه‌زیز:** هێشتا وه‌ڵامیان نه‌داوینه‌ته‌وه.

**ده‌ستوور:** ماوه‌ی داواكردنی مۆڵه‌ته‌كه‌تان چه‌نده بێت، مانگێكی تێپه‌ڕاندووه؟

**سالار عه‌زیز:** ده‌مێكه، به‌ڵام دووشت هه‌یه یه‌كێكیان ئه‌وه‌یه ئه‌و یاسایه‌ی له‌م وڵاته‌دایه ده‌توانن یاری پێبكه‌ن، بڵێن ئێوه حیزب نین، ده‌بێت ببن به‌حیزب، پێكهاته‌كه‌تان پێكهاته‌ی حیزبی نیه، له‌به‌رئه‌وه ده‌بێت ناوێك له‌خۆتان بنێن، ده‌توانن له‌و رێیه‌وه كێشه‌ت بۆ دروستبكه‌ن، ئێمه‌ش ده‌ڵێین كیانێكی سیاسین، كیانی سیاسیش بته‌وێو نه‌ته‌وێ هه‌ر جۆره پێكهاته‌یه‌كی هه‌بێت ده‌توانیت حسابی ئه‌وه‌ی بۆ بكه‌یت كه بوونی سیاسیم هه‌یه، بنكه‌و جێگام هه‌یه، رێبازو سیاسه‌تی خۆم هه‌یه، له‌په‌رله‌ماندام، له‌به‌رئه‌وه زۆر ئاساییه ئه‌گه‌ر به‌ناوی كیانێكی سیاسیش داوابكه‌ینو ئه‌وان قبوڵی بكه‌نو ته‌فسیراتی جۆراوجۆری بۆ نه‌دۆزنه‌وه، له‌به‌رئه‌وه‌ی بڵێن ئێوه حیزب نینو ده‌بێت ناوتان حیزبی فلان بێت ئه‌وكاته ئێمه‌ش مۆڵه‌تتان پێده‌ده‌ین.

**ده‌ستوور:** پێتوایه بیانوی له‌و شێوه‌تان پێبگرن؟

**سالار عه‌زیز:** ئه‌وان بۆیان بكرێت هه‌رچی گرفته بۆ ئێمه‌ی دروستده‌كه‌ن.

**ده‌ستوور:** ئه‌گه‌ر شتێكی له‌و شێوه‌یان هێنایه پێشه‌وه ئێوه چی ده‌كه‌ن، خۆتان ده‌كه‌ن به‌حیزب یان په‌نا بۆ شوێنكی تر ده‌به‌ن؟

**سالار عه‌زیز:** ئه‌وكاته بڕیاری لێده‌ده‌ین چی بكه‌ین، دڵنیابه هه‌رگیز پێكهاته‌یه‌ك دروستناكه‌ین له‌پێكهاته‌ی ئه‌م حیزبانه بچێت، ده‌بێت مه‌ودای نێوان ئێمه‌و خه‌ڵك زۆر نزیكبێت.

**ده‌ستوور:** به‌پێی یاسای حیزبه‌كان كه په‌رله‌مانی كوردستان له‌ساڵی ١٩٩٣دا ده‌ریكردووه، ده‌ڵێت ئه‌گه‌ر دوای مانگێك داواكه وه‌ڵامنه‌درایه‌وه

> پێمانخۆشه په‌یوه‌ندیمان له‌گه‌ڵ پارتی هه‌بێت، به‌ڵام رێككه‌وتنی ستراتیژی رێگره



> هیچ ناكۆكییه‌ك له‌نێوان باڵی ریفۆرمو خه‌ڵكانی سه‌ربه‌خۆی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕاندا نییه

ئه‌وا به‌قبوڵ حسابه، ئێوه ئه‌گه‌ر وه‌ڵامنه‌درانه‌وه به‌قبوڵ حسابی ده‌كه‌ن یان چۆن؟

**سالار عه‌زیز:** له‌راستیدا هێشتا ئه‌و بابه‌ته زۆر به‌لامانه‌وه گرنگ نیه تا پێداگری له‌سه‌ر بكه‌ین، له‌به‌رئه‌وه هێشتومانه‌ته‌وه، دوای هه‌ڵبژاردن بیری لێده‌كه‌ینه‌وه.

**ده‌ستوور:** تائێستا مه‌سه‌له‌ی سه‌رچاوه‌ی دارایی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان به‌شێوه‌یه‌كی نادیار ماوه‌ته‌وه، هه‌رچه‌نده به‌شێك له‌ئه‌ندامانی باڵای بزووتنه‌وه‌كه ده‌ڵێن سه‌رچاوه‌ی داهاتمان كۆمه‌كو هاوكاری ئه‌و كه‌سانه‌یه كه له‌گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌كه كارده‌كه‌ن، یان له‌ده‌ره‌وه‌نو نایانه‌وێت ناویان ئاشكرابكرێت، ئێوه هه‌ڵبژاردنیشتان له‌پێشه‌وه، ئایا سه‌رچاوه‌ی درایی له‌كوێوه په‌یدا ده‌كه‌ن؟

**سالار عه‌زیز:** به‌ڕاستیش وایه، تا ئێستا هیچ سه‌رچاوه‌یه‌كمان نییه، به‌راشكاوی ده‌ڵێینو ئاماده‌ین رۆژێك له‌رۆژان ئه‌وه بۆ خه‌ڵك ئاشكرابكه‌ین، به‌بێ ئه‌وه‌ی ناوی خه‌ڵك بڵێین، چونكه ناتوانین بڵێن چ كه‌سێك یارمه‌تی ئێمه‌ی داوه، خۆتان ده‌زانن چی به‌رامبه‌ر خه‌ڵك ده‌كرێت، كه‌سێك یارمه‌تی ئێمه‌بداتو ناوه‌كه‌ی ئاشكرا بكه‌ین، بزانه دواتر ئه‌و كه‌سه چی به‌سه‌ردێت ره‌نگه نه‌هێڵن له‌م وڵاته‌دا دابنیشێت، هیچ لایه‌نو ده‌وڵه‌تێك یارمه‌تییان نه‌داوین، خه‌ڵكه كوردستانیه‌كان كه زیاتر یارمه‌تی ئێمه ده‌ده‌ن، هیچ كه‌سێكی تر یارمه‌تی ئێمه‌ی نه‌داوه.

**ده‌ستوور:** ماوه‌یه‌ك باس له‌وه‌ده‌كرا گوایه پاره‌تان له‌نوری مالكی وه‌رگرتووه؟

**سالار عه‌زیز:** ئه‌وه هه‌مووی قسه‌ی هه‌ڵبه‌ستراون، ئه‌وه ئێمه‌ی كه‌للەڕه‌ق نین ناچاری ئه‌وه‌بین بچین داوا له‌مالكیو هه‌ره‌كه‌سو لایه‌نێكی تر بكه‌ین یارمه‌تیمان بدات.

**ده‌ستوور:** وابڵاوكرایه‌وه كه مام رۆسته‌م له‌گه‌ڵ مه‌سعود بارزانی كۆبووه‌ته‌وه‌و پاره‌ی لێوه‌رگرتووه؟

**سالار عه‌زیز:** هیچ بنه‌مایه‌كی نییه.

**ده‌ستوور:** باست له‌وه‌كرد سه‌رچاوه‌ی دارایی ئێوه كۆمه‌كی خه‌ڵكه، بۆچی چۆنییه‌تی سه‌رفكردنی راناگه‌یه‌نن؟

**سالار عه‌زیز:** له‌داهاتوودا هه‌ركه‌سێك بیه‌وێت بزانێت ئه‌و پارانه‌ی خه‌ڵك هاوكاریكردووین، چۆنمان سه‌رفكردووه‌و بۆچیمان سه‌رفكردووه، شتێكی سروشتیه خه‌ڵك بیزانێ.

**ده‌ستوور:** له‌بزووتنه‌وه‌ی گۆڕاندا ده‌سه‌ڵاتی سه‌رفكردنی پاره به‌ده‌ست كێیه؟

**سالار عه‌زیز:** ئێمه ئه‌م ده‌زگایه‌مان هه‌یه، ته‌له‌فزیۆنمان هه‌یه، ته‌له‌فزیۆن خۆی پاره بۆ خۆی په‌یداده‌كات، ئه‌گه‌ر پاره‌ی كه‌مبوو له‌لایه‌ن بزووتنه‌وه‌كه‌وه یارمه‌تی ده‌درێت، رادیۆش وایه، شته‌كانی ئێمه ده‌زگاییه، خه‌رجیمان زۆر كه‌مه، هه‌موومان له‌سه‌ر حسابی خۆمان كارده‌كه‌ین، به‌پاره‌ی خۆمان كارده‌كه‌ین.

**ده‌ستوور:** خۆتان پاره له‌كوێ دێنن؟

**سالارعه‌زیز:** هه‌ریه‌كه‌وموچه‌یه‌كامان هه‌یه، خانه‌نشینین، كادیره‌كانیشمان هه‌یانه فه‌رمانبه‌ره هه‌یانه كرێكاری ده‌كات، واتا له‌شوێنێكه‌وه موچه‌یه‌كیان هه‌یه، هیچ یارمه‌تیه‌كمان نیه بیده‌ین به‌ئه‌ندامه‌كانی خۆمان، خه‌رجیشمان ئه‌وه‌نییه، ته‌نها مه‌گه‌ر له‌كاتی هه‌ڵبژاردندا كه پێویستمان به‌كڕینی كه‌لوپه‌له، ئه‌وه‌ش به‌چه‌ندین فلته‌ردا تێده‌په‌ڕێت.

**ده‌ستوور:** بابه‌تێكی تر كه جێی قسه‌له‌سه‌ركردنه، مه‌سه‌له‌ی په‌یوه‌ندی نێوان ئێوه‌و یه‌كێتییه، به‌رده‌وام له‌راگه‌یاندنه‌كاندا گرژی پێوه‌دیاربوو، به‌ڵام له‌م ماوه‌یه‌دا ئه‌وپه‌یوه‌ندیانه زۆر گرژبوو، هۆكاری ئه‌وه چی بوو؟

**سالار عه‌زیز:** ئه‌وه هیچ په‌یوه‌ندی به‌ئێمه‌وه نییه، ئێمه گرژی دروستناكه‌ین، ره‌خنه له‌ده‌وڵه‌تو ده‌سه‌ڵات ده‌گرین، ره‌خنه له‌وه‌زاره‌تی پلان ده‌گرین، یان له‌سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانو جێگره‌كه‌ی ده‌گرین، ره‌خنه له‌دامودەزگاكانی ده‌گرین، ره‌خنه له‌نه‌بوونی شه‌فافیه‌تو چۆنییه‌تی سه‌رفكردنی پاره له‌وڵاته‌كه‌دا ده‌گرین، چۆن پاره خه‌رجده‌كرێتو به‌هه‌ده‌ر ده‌ڕاوتو به‌رنامه‌ی كار له‌بواره‌كاندا نیه، قه‌ت نه‌مانویستووه باسی یه‌كێتیو پارتی بكه‌ین، راسته له‌ناو یه‌كێتیدا بووین، ئه‌وان باسی شه‌خسی یه‌كه‌می ئێمه ده‌كه‌نو بوختانو درۆمان بۆ هه‌ڵده‌به‌ستن، ئه‌مه‌ش كۆده‌بێته‌وه‌و ناچارده‌بین وه‌ڵامی بده‌ینه‌وه، ئه‌گینا ئێمه ده‌توانین له‌گه‌ڵ یه‌كێتیدا دۆستایه‌تی بكه‌ین، له‌ناو په‌رله‌ماندا پێكه‌وه‌ین، براده‌ره‌كانمان له‌وێ په‌رله‌مانتارانی یه‌كێتیو پارتی ده‌بینو پێكه‌وه قسه‌ده‌كه‌ن، ئێمه‌ش حه‌زده‌كه‌ین له‌گه‌ڵ یه‌كێتیدا وه‌ك حیزبێكو ئێمه‌ش وه‌ك گۆڕان په‌یوه‌ندیمان هه‌بێت، هه‌روه‌ها پارتیو یه‌كگرتوو لایه‌نه‌كانی تریش دابنیشین، هه‌م ئۆپۆزیسیۆن بینو هه‌م مه‌رحه‌بای یه‌كتریش بكه‌ین.

**ده‌ستوور:** له‌مدواییه‌دا كۆمه‌ڵێك هێرش كرایه سه‌ر ئه‌ندامو لایه‌نگرانی ئێوه، به‌بڕوای ئێوه بۆچی ئه‌و هێرشانه به‌شێوه‌یه‌كی به‌ربڵاو كادیرو لایه‌نگرانی ئێوه‌ی گرته‌وه، بۆچی ئه‌ندامو لایه‌نگرانی حیزبه‌كانی تری نه‌گرته‌وه؟

**سالار عه‌زیز:** له‌به‌رئه‌وه‌ی پێیانوایه كه ئه‌و دیواره گه‌وره‌یه‌ی له‌به‌رده‌میاندا وه‌ستاوه ئێمه‌ین، به‌بڕوای من ئه‌وه بۆچوونێكی زۆر هه‌ڵه‌یه، ئێمه هه‌ینو دروستبووین، ئێمه نه‌وشیروانو فلانو ئه‌و براده‌رانه‌و كێو كێ نین، ئێمه بزووتنه‌وه‌یه‌كی گه‌وره‌ین، له‌وه‌تێپه‌ڕیوین بڵێین فلان ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی جێگاكه‌ی منی داگیركردووه‌و له‌و تێكۆشه‌رترم، ده‌بێت جێی ئه‌و بگرمه‌وه، ئێمه بزووتنه‌وه‌یه‌كی جیاوازین، ئه‌وان پێیانوایه له‌به‌شی ئه‌وانمان خواردووه، ده‌یانه‌وێت بمانترسێنن، شێوازی جۆراوجۆر به‌رامبه‌ر به‌ئێمه به‌ڕه‌وا ده‌زانن، ره‌نگه بڕوایان وابێت به‌وشێوه‌یه ئه‌وان به‌هێزو ئێمه لاواز ده‌بین، به‌بڕوای من ئه‌وه بۆچوونێكی هه‌ڵه‌یه.

**ده‌ستوور:** كێ له‌پشت ئه‌و هه‌ڕه‌شانه‌وه بوو؟

**سالار عه‌زیز:** نازانم ئه‌وان حیزبن، كێ كه‌سی یه‌كه‌مه، ئێمه گومان له‌وه‌ده‌كه‌ین ئه‌و كارانه یه‌كێتی بیكات، به‌ڵام به‌ڵگه‌یه‌كمان پێنییه، هه‌رچه‌نده هه‌واڵمان لایه، كێ وایكردووه‌و چ كه‌سێك بووه‌و چۆته كوێ، به‌ڵام ناتوانین كه‌سێك تاوانبار بكه‌یت ئه‌گه‌ر به‌ڵگه‌یه‌كی سه‌د له‌سه‌دت پێنه‌بێت.

**ده‌ستوور:** سه‌رۆكی هه‌رێم به‌سه‌رۆكایه‌تی وه‌زیری ناوخۆ لیژنه‌یه‌كی پێكهێنا، وه‌زیری ناوخۆش ده‌ڵێت با ئه‌و كه‌سانه بچن شكات بكه‌ن، ئایا شكاتیان كردووه، چۆن له‌كاره‌كانی ئه‌و لیژنه‌یه ده‌ڕوانو تاچه‌ند پێی گه‌شبینن كه بتوانێت سه‌ركه‌وتووبێت؟

**سالار عه‌زیز:** شكاتیانكردووه، پێویسته ئه‌و مه‌سه‌له‌یه بدرێته دادگاو حاكم بێته ناو بابه‌ته‌كه‌وه، لێیبكۆڵێته‌وه، پێموانیه خه‌ڵك له‌وه تێنه‌گات ئه‌وه چییه، ئێمه له‌و حیزبه‌دا ئیشمانكردووه ئه‌گه‌ر كه‌سێك له‌به‌غداوه تی ئێن تییه‌كی پێبووبێتو ویستبێتی له‌سلێمانی بیته‌قێنێته‌وه، یه‌كسه‌ر كه له‌به‌غداوه هاتووه زانراوه، ئێستا چۆن نازانێت كه‌سێك له‌شاره‌زوور ته‌قه‌ی لێده‌كرێتو ده‌كوژرێت، له‌سلێمانی ته‌قه له‌ماڵ ده‌كرێت، به‌ڕۆژی نیوه‌ڕۆ له‌خه‌ڵك ده‌درێت، چۆن نازانن، ئه‌وه‌نده‌ی له‌و حیزبه‌دا ئیشمانكردبێت پێموایه دۆزینه‌وه‌ی ئه‌وانه كارێكی ئاسانه.

**ده‌ستوور:** یه‌كێتی ده‌ڵێن كاك نه‌وشیروانو ئه‌و براده‌رانه‌ی مه‌كته‌بی سیاسی ئیستغلالی بوونی خۆیان له‌ناو یه‌كێتیدا كردووه، هه‌میشه هه‌وڵی ئه‌وه‌یانداوه بارودۆخی ناوخۆی یه‌كێتی شلۆق بێت، هه‌موو كات یه‌كێتی له‌قه‌یراندابێتو به‌مه‌ش زیاتر جه‌ماوه‌ر هانبده‌ن كه له‌خزمه‌تی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕاندا بێت؟

**سالار عه‌زیز:** نه‌مانویستووه یه‌كێتی بخه‌ین، هه‌وڵماندا یه‌كێتی چاكبكه‌ین، ئه‌وپه‌ڕی دیموكراتییه‌تو شه‌فاف بێت له‌هه‌موو شتێكدا، یه‌كێك بووم له‌كادیره پێشكه‌وتووه‌كانی ئه‌و حیزبه، مافی خۆمه بزانم پاره‌ی ئه‌و حیزبه چه‌نده‌و له‌كوێیه‌و چۆن سه‌رفده‌كرێت، ساڵێك داوابكه‌م، دوو ساڵ بڵێم سێ ساڵ داوابكه‌مو نه‌یزانم، به‌ته‌ئكید هه‌ڵوێست وه‌رده‌گرم، پێمباشه حیزبه‌كه‌م سیاسه‌تی باش بگرێته‌به‌ر، نه سیاسه‌تی چه‌وتو نه‌سیاسه‌تێك كه ته‌نیا كه‌سێك داڕێژه‌ری بێت، نه‌ك سیاسه‌تێك كه به‌خێری گه‌له‌كه‌م ناگه‌ڕێته‌وه، بۆنمونه ئه‌وكاته‌ی هاوكاری ئه‌مریكا ده‌كه‌م له شه‌ڕی ترو دروستكردنه‌وه‌ی عێراق، پێویسته له‌سه‌ر سبنه‌مایه‌ك بێت كه له‌دواییدا مایه‌پوچ ده‌رنه‌چم، ئه‌و واناكاتو تۆش له‌گه‌ڵیدا ناڕۆیت، دێیته دواوه‌و بیر له‌شتێك ده‌كه‌یته‌وه، ئازادین بیر له‌چی ده‌كه‌ینه‌وه، گورزی سه‌ره‌كی ئێمه بۆ سه‌ر كه‌س نییه، خه‌ریكی ئه‌وه‌ین ده‌مانه‌وێت وڵاته‌كه‌مان چاكبكه‌ین، ئه‌م ئیستفزازكردنو گاڵته‌كردنه به‌عه‌قڵی جه‌ماوه‌ر شتێكی زۆر خراپه، جه‌ماوه‌ر مه‌ڕو ماڵات نییه، ئه‌وه‌نده گه‌وجو نه‌زان نیه به‌دوو قسه‌ی ئێمه هه‌ڵبخه‌ڵه‌تێ، جه‌ماوه‌ر هه‌موو رۆژێك له‌م وڵاته‌دا ئازار ده‌چێژێت، هه‌ست به‌هه‌موو ناڕه‌حه‌تیه‌كانی ئه‌و وڵاته ده‌كات، هه‌ستده‌كات وڵاته‌كه‌ی چۆن به‌ڕێوه ده‌برێت، له‌پاره‌وه له‌بودجه‌وه، له‌ده‌وڵه‌مه‌ندبوونی هه‌ندێك كه‌سه‌وه به‌شێوه‌یه‌كی ناشه‌رعی، له‌نه‌بوونی نایه‌كسانیو ناعه‌داله‌تییه‌وه، له‌گرانیو بێكارییه‌وه، هه‌موو رۆژێك له‌گه‌ڵیدا ده‌ژی، له‌به‌رئه‌وه پێویست نییه خه‌ڵك به‌نه‌زانو دواكه‌وتوو دابنێیت، ئه‌و خه‌ڵكه ئێمه هه‌ڵمان خه‌ڵه‌تاندووه، دروشمو قسه‌كانی ئێمه دیاره.

**ده‌ستوور:** ئاماده‌ن له‌گه‌ڵ یه‌كێتیدا په‌یوه‌ندیتان هه‌بێت، هیچ ده‌ستپێشخه‌رییه‌كتان كردووه؟

**سالار عه‌زیز:** زۆر ئاماده‌ین له‌گه‌ڵ یه‌كێتدا وه‌ك حیزبێك وه‌ك چۆن حیزبه‌كانی تر له‌سه‌ر گۆڕه‌پانه‌كه بوونیان هه‌یه، به‌هه‌مان هێزه‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌واندا دابنیشینو قسه بكه‌ین، رازو گله‌یی بكه‌ین، مه‌رحه‌بای یه‌كتر بكه‌ین، قسه‌ی خۆشمانكردووه، به‌ڵام ئه‌وان ته‌عه‌دا له‌ئێمه ده‌كه‌ن، زوڵمیان له‌ئێمه كردووه، گورزی سه‌ره‌كیان بۆسه‌ر ئێمه‌یه، له‌به‌رئه‌وه بچین لێیان بپارێینه‌وه، نا له‌كه‌س ناپارێینه‌وه، ئاماده‌ین له‌گه‌ڵ هه‌موو لایه‌نه‌كاندا بێجیاوازی قسه‌بكه‌ین.

**ده‌ستوور:** له‌گه‌ڵ پارتیدا هیچ په‌یوه‌ندییه‌كتان هه‌یه؟

**سالار عه‌زیز:** تا ئێستا له‌گه‌ڵ پارتیدا دانه‌نیشتووین، به‌ڵام كاتێك شكاتێك یان داخوازییه‌كمان ده‌بێت له‌سه‌ر بارودۆخه‌كه، ئه‌وه سه‌رۆكی هه‌رێم سه‌رۆكی هه‌موو هه‌رێمه، سه‌رۆكی حكومه‌تیش به‌هه‌مان شێوه، هه‌روه‌ها وه‌زیره‌كانیش.

> ئه‌مریكا هیچ به‌ڵێنێكی تایبه‌تی پێنه‌داوین

**ده‌ستوور:** بۆچی وه‌ك هێزێكی سیاسی په‌یوه‌ندیتان له‌گه‌ڵ پارتی دروستنه‌بوو؟

**سالار عه‌زیز:** پێمانخۆشه په‌یوه‌ندیمان له‌گه‌ڵیاندا دروستببێت، ئه‌وه په‌یوه‌ندی به‌وانه‌وه هه‌یه.

**ده‌ستوور:** ده‌وترێت به‌شێكی ئه‌و ساردییه‌ی له‌نێوان ئێوه‌و پارتیدایه په‌یوه‌ندی به‌چاوپێكه‌وتنێكی تۆوه هه‌یه له‌گه‌ڵ گۆڤاری لڤین، پارتی له‌و قسانه نیگه‌ران بوون؟

**سالار عه‌زیز:** ئه‌وه له‌كاتی پێش هه‌ڵبژاردنه‌كانی رابردوودا بوو، له‌كاتی هه‌ڵبژاردندا له‌وه‌زیاتریش وتراوه ئه‌گه‌ر بێیته‌سه‌ر ئه‌وه، ئه‌و مه‌سه‌له‌یه هیچ په‌یوه‌ندی به‌وه‌وه نییه، ئێمه چه‌ند ساڵ له‌گه‌ڵ پارتیدا له‌شه‌ڕدابووین، مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه ئه‌وه‌نده‌ی یه‌كێتیو پارتی خه‌ڵكیان له‌یه‌كتری كوشت، خۆ ئێمه ئه‌وه‌شمان نه‌كردووه، له‌به‌رئه‌وه له‌قسه‌یه‌كی من بۆ نیگه‌ران ده‌بن، له‌دوای قسه‌كانی من قسه‌ی زۆر توندتریش كراوه، به‌ڵام ئه‌وه په‌یوه‌ندی به‌وه‌وه نییه.

**ده‌ستوور:** بۆچی پارتی به‌ڕه‌سمی له‌گه‌ڵ ئێوه په‌یوه‌ندی نابه‌ستێت؟ ئێوه خۆتان ده‌ستپێشخه‌ریتانكردووه؟

**سالار عه‌زیز:** ئه‌وان هێشتا له‌گه‌ڵ یه‌كێتیدا رێككه‌وتنیان هه‌یه، به‌ره‌سمیش ده‌ستپێشخه‌ریمان نه‌كردووه.

**ده‌ستوور:** له‌هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی عێراقدا به‌نیازن چه‌ند كوسی به‌ده‌ستبێنن؟

**سالار عه‌زیز:** نازانم چه‌ند دێنین، به‌ڵام پێمانوایه له‌جاری پێشوو زیاتر خه‌ڵك ده‌نگمان ده‌داتێ.

**ده‌ستوور:** ئه‌ی سه‌باره‌ت به‌كه‌ركوك، پێتوایه له‌پێش لیستی هاوپه‌یمانیه‌وه بن؟

**سالارعه‌زیز:** بارودۆخمان له‌كه‌ركوك زۆر باشه‌و كاری باشیشمان بۆ كردووه، به‌بڕوای من ده‌نگی زۆر ده‌هێنین.

**ده‌ستوور:** باس له‌وه‌ده‌كرێت، كاتێك چوونه په‌رله‌مانی عێراقو بۆ وه‌رگرتنه‌وه‌ی پۆسته‌كه‌ی تاڵه‌بانی پێویستی به‌ده‌نگی په‌رله‌مانتاره‌كانی ئێوه بێت، ئێوه پشتگیری ناكه‌ن؟

**سالار عه‌زیز:** ئێستا هیچ شتێك ناڵێین، له‌كاتی خۆیدا قسه ده‌كه‌ین.

**ده‌ستوور:** پێتانباشه كوردێك سه‌رۆك كۆمار بێت، یان هه‌بێت هه‌رچه‌نده تێبینیشتان له‌سه‌ری هه‌بێت؟

**سالار عه‌زیز:** پێمانخۆشه كوردێك سه‌رۆك كۆمار بێت، به‌ڵام ته‌نها له‌پێناو خه‌ڵكی كوردستاندا ئیشبكات.

**ده‌ستوور:** پێتوایه تاڵه‌بانی له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندی شه‌خسی خۆیدا كاریكردووه؟

**سالار عه‌زیز:** له‌راگه‌یاندنی خۆماندا قسه‌و ره‌خنه‌ی خۆمانگرتووه.

**ده‌ستوور:** واته له‌ئه‌دای ئه‌و رازینین؟

**سالار عه‌زیز:** به‌ته‌ئكید، ئه‌دای ئه‌و به‌ڕێزه‌و ئه‌وانه‌یشی له‌وێ ئیشیانكردووه‌و له‌حكومه‌تدا كاریان به‌ده‌ستبووه، تا ئه‌ندام په‌رله‌مانه‌كانیش.

**ده‌ستوور:** ده‌وترێت به‌شێكی زۆری ئه‌ندامانی په‌رله‌مانی عێراق كاك نه‌وشیروان داینا‌ون؟

**سالار عه‌زیز:** ده‌ڵێین ئه‌وانه‌ی له‌حكومه‌تدا كارده‌كه‌ن، به به‌شێك له‌ئه‌ندام په‌رله‌مانه‌كانیشه‌وه، با كاك نه‌وشیروان داینابن، ئێمه ناڵێین هه‌موویان، به‌ڵكو به‌شێكیان ده‌وری باشیان بینیووه، ده‌ڵێین زۆربه‌یان، ده‌یانتوانی له‌ناو په‌رله‌ماندا ئیشی باشتربكه‌ن، وه‌زیره‌كان له‌ناو حكومه‌تدا ده‌یانتوانی ئیشی باشبكه‌ن، سه‌رۆكی كۆمار له‌زۆر بۆنه‌دا ده‌یتوانی ئیشی باش بۆ كورد بكات، له‌زۆر مه‌سه‌له‌ی گرنگو چاره‌نوسسازدا ڤیتۆ به‌كار بهێنێت.

**ده‌ستوور:** له‌چه‌ند رۆژی رابردوودا باڵیۆزی ئه‌مریكا سه‌ردانی گرده‌كه‌ی كرد، له‌گه‌ڵ سه‌رۆك بزووتنه‌وه‌ی گۆڕاندا كۆبۆوه، باس له‌وه‌ده‌كرێت سه‌ردانه‌كه په‌یوه‌ندی به‌هه‌ڵبژاردنی داهاتوو، مه‌سه‌له‌ی سیاسی ناوخۆی هه‌رێمی كوردستانه‌وه هه‌بووه؟

**سالار عه‌زیز:** ئه‌مریكا له‌گه‌ڵ هه‌موو هێزه‌كانی كوردستاندا مه‌رحه‌بای هه‌یه، له‌گه‌ڵ ئێمه‌شدا به‌هه‌مان شێوه، چونكه هێزێكی گه‌وره‌ی ناوچه‌كه‌ین، پێگه‌ی دیاری خۆمان هه‌یه.

**ده‌ستوور:** له‌كۆبوونه‌وه‌كه‌دا باسی ئه‌وه‌كراوه له‌كاتی هه‌ڵبژاردندا پێویسته ئارامی بپارێزن؟ ئه‌وان به‌ڵێنی ئه‌وه‌یان پێداون ئه‌گه‌ر لایه‌نێك ویستی هێرش بكاته‌سه‌رتان ئه‌وان بتانپارێزن؟

**سالار عه‌زیز:** به‌ڵێ هه‌میشه ئه‌وان ده‌ڵێن پێمانخۆشه هه‌ڵبژاردن به‌شێوه‌یه‌كی پاك بڕوات به‌ڕێوه، ئه‌گه‌ر رووبه‌ڕووی هه‌ڕه‌شه بوینه‌وه ئه‌وه نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتوه‌كانو كۆمیسیۆنو لایه‌نیتر هه‌یه، به‌ڵام ئه‌مریكیه‌كان به‌تایبه‌تی قسه له‌گه‌ڵ هیچ لایه‌نێك ناكه‌ن، به‌ڵكو له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌كان به‌گشتی قسه ده‌كه‌ن.

> پارتی له قسه‌یه‌كی من بۆ نیگه‌ران ده‌بن، له‌دوای قسه‌كانی من قسه‌ی زۆر توندتریش كراوه

# "دەبێت باڵی ریفۆرم کەمینە بێت لەسەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕاندا"

## سالار عەزیز سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دەستوور

سازدانی: وریا حەمە تاهیرو گۆران وەهاب

**سالار عەزیز یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا دەڵێت مانگێک زیاتر تێپەڕیوەو هێشتا وەزارەتی ناوخۆ وەڵامی داواکارییەکەیانی بۆ مۆڵەت نەداوەتەوە، پێشبینی ئەوەش دەکات گرفت بۆ مۆڵەت پێدانیان بۆ دروستبکەن. لەبارەی رێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە رایدەگەیەنێت، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق خۆیان یەکلاییدەکەنەوە، وتیشی "بەڵام ئێستا پێکهاتەیەکی لاستیکیمان هەیە، بەئارەزووی خۆمان دەیکشێنین".**

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥دا زیاتر لە ٤٠٠ هەزار خەڵک دەنگی بەلیستی گۆڕاندا، بەشێکی ئەو خەڵکانە دەڵێن بۆیە دەنگیان بەو لیستە داوە، بۆئەوەی مۆدێلێکی جیاوازی سیاسەتکردنو ئەزمونێکی نوێی بەڕێوەبردن پێشکەشبکەن، ئەو شتە جیاوازانە چیە کە ئێوە پێشکەشتانکردووە؟

**سالار عەزیز:** لە ٧/٢٥دا بێگومان دیارە خەڵک لەبەرچی دەنگی بەلیستی گۆڕانداوە، پێموایە دەنگەکان زۆر زیاتر بوون لە ٤٠٠ هەزار، چونکە ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی پاکو بێگەرد بوایە، ئێمە تەسەورماندەکرد ژمارەیەکی زۆر زیاتر خەڵک دەنگەکانیان دەرکەوتایە، بەبۆچوونی خۆمان ٤٠ کورسی پەرلەمانمان بەدەستدەهێنا، خەڵکیش بۆ دەنگی پێداوین لەبەر دوو هۆکار بووە، لەوانەش مەسائیلە نەتەوەیی‌و ناوخۆییەکانە کە پەیوەندی بەو حکومەت‌و نیزامەی کە لەکوردستاندا هەیە، سەبارەت بەمەسائیلە نەتەوەییەکان، وەک دەزانن بەشێکی زۆر گەورە لەخاکی کوردستان کە ٤٠٪ دەبێت، ئەو ناوچانە کە لەسنوری کوردستاندایەو نەهاتونەتەوە سەر خاکی کوردستان بەتایبەت کەرکوک کە شوێنێکی گرنگو دەوڵەمەندە، بەڵام بەداخەوە خستیانە ناو سەوداو مامەڵەوە، بەستیانەوە بەبڕیای ١٤٠ەوە، ١٤٠یش ئەوەیە کە ئێستا مرداربووەتەوە، ئەمە یەکێکە لەو مەسائیلانەی کە هەموو مرۆڤێکی کورد بیری لێدەکاتەوە، بۆچی نەمانتوانی ئەو شوێنە دابڕاوانە بکەوێتەوە دەستمان لەکاتێکدا کە بەشدارییەکی گەورەمان لەدروستکردنەوەی عێراقدا کرد، لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراق‌و دامودەزگاکانی‌و لەشکری نەمابوو، بەپێچەوانەوە کورد بەهێز بوو، خاوەن لەشکر بوو، جەماوەر بۆ هەموو شتێک ئامادەبوو، کۆمەڵانی خەڵک لەسەر مەسائیلە نەتەوایەتیەکان پشتیوانی لەسەرکردەکانی خۆی دەکرد، لەبەرئەوە خەڵکی کوردستان سەیردەکات مایەپوچ دەرچووە، سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵدانە بۆ دروستکردنەوەی عێراق‌و شەڕکردن‌و کارکردن لەدژی تیرۆرو هەموو شتێک لەپێناوی ئەوەی کە عێراق دروستببێتەوە، بەڵام خەڵک ئەوە دەبینێت ئەنجامەکەی بەوە گەیشتووە کە ئەو کێشە گەورەیە وەک خۆی ماوەتەوە.

> مادەی (١٤٠) مرداربووەتەوە، بەڵام بەرگری لێدەکەین



سالار عەزیز

خاڵێکی تریش ئەوەیە کە پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە هەیە، ژیانی خەڵک بەیەکسانی‌و بەپێی نیزام‌و دادپەروەری ناڕوات بەڕێوە، ئێمە دەزگامان نییە، ئێمە حکومەتۆکەیەکمان هەیە نەمانتوانی ببینە حکومەتێکی رێکوپێک، لەکاتێکدا لەدوای ڕاپەڕینەوە هەلی زۆر باشمان بۆ هەڵکەوت، خەڵک ئەوەی لەبەرچاوە کە بەداخەوە ئەو هەلەی دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە بۆ کورد هاتە پێشەوە بەداخەوە نەمانتوانی سودی لێوەربگرین، شەڕی یەکتریمانکرد، قەزیەکەمان گەڕایە دواوە، جارێکیتر لەساڵی ٢٠٠٣دا بارودۆخێکی باشترمان بۆ هەڵکەوتو دەمانتوانی مەرجەکانی خۆمان فەرز بکەین‌و یارمەتی کەس نەدەین، ئەو کەسەی داوامان لێدەکات کە یارمەتی بدەین بەرێککەوتن‌و مەرج هاوکاریمان بکردایە.

**دەستوور:** ڕەخنەت لەئەدای پارتی‌و یەکێتی‌و نوێنەرانی کورد لەبەغداد هەیە، دەڵێیت ئەوان کەرکوکیان خستووەتە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە کە ئێستا مردووە، ئەو رێوشوێنانە چین کە بزووتنەوەی گۆڕان‌و دواتر لیستی گۆڕان دەیەوێت کاری لەسەر بکات بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەو بەدیلەی ئێوە هەتانە بۆ ئەو مادەیە چییە؟

**سالارعەزیز:** ئێمە لەدوو بوارەوە کار بۆ ناوچە دابڕاوەکان دەکەین، یەکێکیان ئەوەیە ئەو ناوچانە لەرووی جوگرافی‌و مێژووییەوە ناوچەیەکی کوردستانە، کار لەسەر ئەوە دەکەین لەناو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یان دەوڵەتانی دنیا یان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بێت ئەو راستیە بسەلمێنین، ئەمە جۆرێکە لەکارکردنی ئێمە وەک هێزێک، خەبات بۆ ئەوەدەکەین کە دەبێت بسەلمێنرێت ئەوە بەشێکە لەکوردستان، جا بەدادگای نێودەوڵەتی بێت، یان هەر شوێنێکی دیکە.

بەشێکی تریشی ئەوەیە کە سبەینێ بەشداریدەکەین لەحکومەتی عێراقدا، لەسەر بنەمای دەستووری عێراقی، ئەو شتانەی لەناو دەستووری عێراقدا هەیە، بەپێی ئەوە هەڵسوکەوت دەکەین کە یەکێکیش لەوانە مادەی ١٤٠، راستە ئێمە لەسەر بوارە نەتەوەییەکە کاردەکەین، بەڵام مادەی ١٤٠ فەرامۆش ناکەین، بەو سیفەتەی ئەوە بەشێکە لەدەستووری عێراقی‌و چارەسەرکردنی کێشەکە خراوەتە ناو ئەو مادەیەوە، بۆیە ئێمە لەو هەوڵەدا دەستەوەستان نابین‌و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەین.

**دەستوور:** پێشتر دەتانوت بزووتنەوەیەکی جەماوەرین، هێشتا نەخەملی بوو، کارکردنتان چۆنە، تێکەڵەیەک لەخەڵکی جیابوون کە پێشتر هەریەکەو بەئایدۆلۆژیایەکی ترو لەحیزبێکی تر گۆشکرابوون، یان خەڵکی سەربەخۆبوون، ئەوەی کۆیکردبوونەوە دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنێک بوو لەکوردستان، ئێستا ٢٥ کورسیتان لەپەرلەمان هەیە، بەشداری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا دەکەن، بەڵام ئەوەی رووننییە، ئەوەیە ئۆرگانەکانی ئەم بزووتنەوەیە چۆنن، ئەم بزووتنەوەیە ئێستا چۆن کاروبارەکانی بەڕێوەدەبات؟

**سالار عەزیز:** بێگومان ئێمە پێکهاتەیەکمان هەیە، هیچ بزووتنەوەیەکیش بەبێ پێکهاتە نابێت، پێش هەڵبژاردنیش بۆخۆمان پێکهاتەیەکمان هەبووە، وەک هێزێکی سیاسی کە بەشداریی لەهەڵبژاردندا بکات، لەبەرئەوە بەرنامەیەکی خۆمان هەبووە بۆ کارکردن، کاتی خۆی کە هاتین پەیامێکمان هەبوو بۆئەوەی خۆمان بناسین ئێمە چین‌و دەمانەوێت چی بکەین، لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمپانیای وشەدا پەیامێکمان هەبوو، پەیامەکەمان ئاماژەیە بۆ هێنانەدی دەسەڵاتێکی دیموکراتی‌و شەفاف، دروستبوونی دەزگاو یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە، بوونی یەک ئیدارە لەجیاتی دوو ئیدارەو کۆمەڵێک شتی تر، لەبەرئەوە ئێمە هەروا نەهاتووین بڵێین لەپڕێکدا وەک قارچک هەڵتۆقیوین،

> پێکهاتەی گۆڕان وەك هەویر وایە، دەتوانین بەئارەزووی خۆمان بیکشێنین

نەخێر ئێمە باگراوندی سیاسیمان هەیە، بێجگەلەوەی وەک کەس، خۆمان لەسەرکردایەتی ئەو بزووتنەوانە بووین کە دەستیشمان پێکردووە پەیامێکمان هەبووە، مەرکەزێکمان هەبووە کە گردەکەیە، جۆرێک لە سەرکردایەتیان هەبووە، لەخوارەوە پێکهاتەیەکمان هەبووە، بەڵام لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا جەماوەرێکی یەکجار گەورە روویکردە ئێرەو هاتەناو بزووتنەوەکەوە، بیرمان لەوەکردەوە دەبێت پێکهاتەیەکمان هەبێت، بەڵام پێکهاتەکە پێکهاتەیەکە وەک هەویر وایە، دەتوانین بەئارەزووی خۆمان بیکشێنین، چۆن بزووتنەوەکەمان بۆ پێشەوە بباتو لەخەڵکمان نزیکبکاتەوە، نەک بەو مانایەی ئەو پێکهاتەیەی حیزبەکان هەیانە کە لەناو پەیڕەوی ناوخۆیدا بڕیاردراوەو قابیلی گۆڕان نیەو تەنها کۆنگرە دەتوانێت دەستکاری بکات، ئەوەی ئێمە وانییە، لای ئێمە ئەو شتانەی دەبێتە مایەی ئەوەی نزیکمان بخاتەوە لەخەڵک، شتێکمان دروستکردووە لەسەر بنەمای رایەڵە کە ئەمە زۆر لاستیکیەو دەتوانێت بەئارەزوی خۆت بیکشێنین‌و دەستکاری بکەین، نەهاتووین بەزۆر خەڵک لەچوارچێوەی حزبێکدا کۆبکەینەوە.

**دەستوور:** ئایا بۆ بڕیاردان ئەنجومەنێک یان دەستەیەکتان هەیە، بۆ نمونە کاتێک بڕیار لەسەر بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا بەیەک لیست یان لیستی جیاواز دەدەن، ئەم بڕیارانە لێرە چۆن دەدرێن؟

**سالار عەزیز:** ئێمە لەسەرەوە سەرکردایەتییەکمان هەیە، بەڵام سەرکردایەتییەکی رەسمی نییە، واتا سەرکردایەتییەکی رەسمی بێتو بەهەڵبژاردن هاتبێت، جیاوازی نێوان سەرەوەو کادیرەکانی خوارەوە زۆر نییە، تا وایلێکردبێت بڕیار لەسەرەوە بدرێتو ئەو بڕیارانەش نهێنی بێت، نەخێر نێوانی سەرەوە لەگەڵ کادیرەکانی خوارەوەدا تێکەڵاوییەکی زۆر زۆر هەیە، لەبەرئەوە کاتێک بڕیارێک دەدەیت، یان دەتەوێت سیاسەتێک بگریتەبەر، یان بارودۆخێکت هەبێت، ئەمە دەچێتە ناو ژمارەیەکی زۆر لەو کادیرە پێشکەوتوانەی لەدەوری ئەو بزووتنەوەیەدان، کادیری پێشکەوتوو دیارن، لەبڕیاردان‌و بەڕێوەبردندا بەشداریدەکەن.

**دەستوور:** بەشێک لەخەڵکو بەتایبەتیش رکابەرەکانتان رەخنەتان لێدەگرن‌و دەڵێن لێرە بڕیاردان تەنها لەدەستی نەوشیروان مستەفادایە، ئەم ناڕوونیەش، هەر بۆئەوەیە تا رووننەبێت بۆچوونی کێ وەربگیردرێت، وەڵامتان بۆ ئەو قسانە چییە؟

**سالار عەزیز:** هەرگیز وانییە، کاتێک بڕیاردەدەین بەکۆمەڵ بڕیاردەدەین، کاک نەوشیروان بەهیچ شێوەیەک شتی خۆی فەرزناکات، لەکاتی کۆبونەوەکاندا ئەو گوێ لەهەمووی دەگرێتو بۆچوونی گشتیش وەردەگرێت، بەگشتیش بڕیاردەدەین.

**دەستوور:** بۆچی ئەو کەسانەی کۆدەبنەوە راناگەیەندرێت، تا ئێستا حزبەکان مەکتەبی سیاسی‌و سەکردایەتیان هەیە، یان رێکخراوەکان سکرتاریەتیان هەیە، هەندێکجار لەراگەیاندنەکاندا لێرە ناوی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن دەهێنرێت، ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە کێن‌و چۆن دیاریکراون؟

**سالار عەزیز:** پێموایە ئێمە فێری ئەوەبووین لەناو ئەو حیزبانەدا مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتیەک هەبێت، ئێمە وانین، بڕوامان بەو شێوە پێکهاتەیە نییە، لەبەرئەوە هیچ سوودێکی نییەو دوورماندەخاتەوە لەجەماوەرو لایەنگرانمان، بۆشاییەکی زۆر دروستدەکات لەنێوانماندا، لەهەمانکات بڕوامان بەشەفافیەت هەیە، کارکردنمان زۆر دیارە، هیچ شتێکی شاراوەمان نییە، جاری واهەیە کە بڕیارێک دەدەین ٥٠ کەس کۆدەبینەوە، هەندێکجار ٤٠ کەس یان ٣٠ کەس یاخود هەندێکجاریش لە ١٠ کەسدا کۆدەبێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی سروشتی بزووتنەوەکەی ئێمە وەهایە؟

**دەستوور:** نابێت هەیئەتێکتان هەبێت؟

**سالار عەزیز:** پرسیارەکە بەجێیە، بەتەئکید دەبێت ئەو هەیئەتە هەبێت، بەڵام ئێمە لەماوەیەکی ئینتقالی (گواستنەوە)دا دەژین، وەک ئاماژەمپێکرد بزووتنەوەکەی ئێمە وەک هەویرێک وایە، لەرێڕەوی تێکۆشانداین، ئەوە هەڵبژاردنێکمانکرد، هەڵبژاردنێکی تریشمان لەپێشە، لەدوای ئەوە بیر لەوەدەکەینەوە بزانین چ جۆرێک باشە، سەرکردایەتی چۆن رێکبخرێت، دەبێت رێژەی کادیرە کۆنەکان چەند بێت، تازەکان چەند بێت، ئایا ئەو رایەڵانە وەک خۆیدەمێنێتەوە یان پێکهاتەیەکی تر دروستدەکەین، ئایا ئەو شتەی دروستمانکردووە لەخەڵکی دوورخستوینەتەوە یان لەخەڵکمان نزیکدەخاتەوە، لایەنی ئیجابی‌و سلبیمان کامەیە، نەبوونی ئەوشتانەش هیچ زیانێکی لەئێمە نەداوەو نەبووەتە مایەی کەموکوڕی ئەوتۆ کە رێگە لەئیشکردنمان بگرێت.

**دەستوور:** ئێستا باس لەوەدەکرێت گوایە ئەو کادیرانەی لەباڵی ریفۆرمەوە هاتوون لێرە زۆرینەن‌و خەریکە دەست بەسەر هەموو کاروبارەکاندا دەگرن، لەسەر ئەو مەسەلەیەش ململانێ لەگەڵ کەسە سەربەخۆکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕاندا هەیە؟

**سالار عەزیز:** ئەو قسانە هیچی راستنین، بەڵکو هەموو قسەی هەڵبەستراون، ئەو برادەرانەشی کاتی

> چۆن لەگەڵ کاك مەسعودا مەرحەبامان هەیە پێمانخۆشە لەگەڵ مام جەلالیشدا هەمانبێت

خۆی لەمەکتەبی سیاسی یەکێتیەوە هاتوون‌و ئێمەش پێشتر کە لەوێ بووین، هیچ ناکۆکیەکمان لەنێواندا نییەو وەک یەک بیردەکەینەوە، لەسەر مەسائیلە ستراتیجیەکان وەک یەک بیردەکەینەوە، کەسمان بیرمان لەوەنەکردووەتەوە خۆمان لێپرسراوێتی بگرینە دەستو دەسەڵاتمان هەبێتو هەتاهەتایە ئێمە لێرەبین، لەخودی کاک نەوشیروانەوە وا بیرناکاتەوە تا هەموومان، یەکێک لەو رەخنانەی لەحیزبەکان هەمانبووە ئەوەبووە رێگانادەن گەنجەکان‌و خەڵکی تازە بێنە پێشەوە، ئەو حیزبانە نەیانهێشتووە گۆڕانکاری بکرێتو بەشێوەیەکی شارستانی لەگەڵ سەردەمەکەدا رێبکەن، بەپێچەوانەوە ئێمە ماڵمان کراوەیە، زۆر شەفافین‌و هیچ شتێکی شاراوەمان نییە، ئەو شتانە پڕوپاگەندەن، بەڵام بڵێی ئێمە لەسەر بۆچوونەکان جیاوازیمان نییە، بەتەئکید ئێمە جیاوازیمان هەیە لەسەر بۆچوون، لەسەر مەسائیلی تاکتیکی، لەسەر شتی رۆژانە، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە.

**دەستوور:** دەوترێت رانەگەیاندنی هەیئەتی سەرەوە، جا ئەنجومەنە یان هەر شتێکی ترە، بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە لەسەر ئەوە کۆک نین لەکادیرە کۆنەکان کێ دابنرێت، ئەوانەی لەباڵی ریفۆرمەوە هاتوون‌و ئەوانەشی لەپێشترو ئەمدوایەش هاتوون، هەروەها ئەو کەسە سەربەخۆیانەشی کە پێشتر یەکێتی نەبوون‌و هاتوون؟

**سالار عەزیز:** ئەوانە هیچی راست نییە، هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی دەبێت ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی گەنج بهێنین، گەنجی زۆر وشیارمان هەیە، خەڵکی جۆراوجۆرمان هەیە، خەڵک هەیە کە یەکێتی نەبووە، خەڵک هەیە سەر بەحیزبێکی تر بووە یان بێلایەن بووە، لەبەرئەوە بڕوامانوایە ئەگەر سەرکردایەتیەک یان هەیئەتێکمان هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بزووتنەوەیە، دەبێت تێکەڵاوبێت لەهەموو ئەو خەڵکانە، پێمانوایە دەبێت زۆرترینیان لەوانەبن، ئێمە وەک کادیرە کۆنەکان کەمینەبین تێیداو ئەوان زۆرینەبن.

**دەستوور:** لەبارەی سیاسەتو دیدگای بزووتنەوەکەوە، بۆ حکومڕانیکردن‌و مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری سیاسی، ئابووری، ئاین‌و پەروەردە..هتد چۆنە، دەتانەوێت بزووتنەوەکە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بێت یان چەپ، چ ئایدۆلۆژیایەک پەیڕەودەکەن، لەچیەوە نزیکن؟

**سالار عەزیز:** ئێمە باسی ئایدۆلۆژیا ناکەین‌وخۆشمان بەهیچ ئایدۆلۆژیایەکەوە نەبەستووەتەوە.

**دەستوور:** ئەوانەی لەبزووتنەوەی گۆڕان کۆبونەتەوە، هەموویان خەمی دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆن کۆیکردونەتەوە، بەڵام دەوترێت هیچ دیدگایەکی روونتان بۆ بەڕێوەبردن نییە؟

**سالار عەزیز:** ئێمە بەرنامەمان هەیە، هەموو بەرنامەکانمان خستۆتەڕوو، لەهەڵبژاردنی پێشوودا بەرنامەی خۆمان خستەڕوو، بۆ ئەم هەڵبژاردنەش بەرنامەی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی خۆمان هەیە، لەهەموو بوارەکانی تری ژیاندا هەیە، بەرچاومان روونە، ئەوەنەبێت کە کاتێک هاتین حکومڕانی لەم وڵاتەدا بکەین نەزانین چۆن چارەسەری کێشەی کشتوکاڵ دەکەین، یان چۆن چارەسەری کێشەی بێکارەکان دەکەین، یان ئەم بودجە زۆرو زەبەلاحەی لەکوردستاندا هەیە چۆن دەتوانین وابکەین کە خەڵک بێپارە نەبێتو بژی، هەموو ئەو شتانەمان وتووە، ئەگەر هاتینە سەرکار پێموابێت حکومڕانیکردن لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونانەی هەمانە کارێکی زەحمەت نیە.

**دەستوور:** ئێوە باس لەوەدەکەن ئەگەر حکومڕانی بگرنەدەست وڵات باش دەکەن، بەڵام رکابەرەکانتان رەخنەی ئەوەتان لێدەگرن کە ئێوە کاتێک لەدەسەڵاتدا بوون نەتانتوانیوە گۆڕانکاری ریشەیی‌و سیستمی حکومڕانی لەهەرێمدا بکەن؟

**سالار عەزیز:** بەدرێژایی مێژووی ئەو حیزبەی کە خۆمان کارمان تیاکردووە، ناکۆکی هەبووە لەسەر ئەوەی ئەو شتانەی خراپە تا باشبکرێت، بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا، هەموومان لەو کەسانە بووین، لەکاک نەوشیروانەوە بگرە تا ئەو برادەرانەی لەمەکتەبی سیاسی بوون‌و پێیاندەوترێت باڵی ریفۆرم، لەناو حیزبەکەدا پێشنیارمانکردووە، بەدەیان وتارمان لەسەر ئەوە نووسیوە، رەخنەمانگرتووە لەشێوازی حیزبەکەو لەشێوەی بەڕێوەبردنی، لەپەیڕەوەی ناوخۆی، لەدەسەڵاتی تاکەکەس، لەجۆری ئەو پەیوەندیە هەیە، لەڕوانینمان بۆ ئایندە، قسەمانکردووە، زۆربەی وتارو چاوپێکەوتنەکانیش یان لەرۆژنامەی یەکێتی یان لە تەلەفزیۆنەکانی باسمانکردووە، رەخنەمان گرتووەو دەستمان خستووەتە سەر کێشەکان ئەو جگە لەکۆبوونەوەکان.

> گوماندەکەین یەکێتی لەپشت ئەو هێرش‌و هەڕەشانەوە بێت کە دەکرێتە سەر کادیرەکانمان، بەڵام بەڵگەیەکمان پێنیە

# سەنگەرگواستنەوەی پەرلەمانتارە عێراقییەکان

نەوزاد سدیق

گەرچی تائێستا ناوی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بەفەرمی ڕانەگەیەنراوە، بەڵام دزەکردنی هەندێک لەناوەکان ئەوە دەردەخات، ژمارەیەک لەپەرلەمانتارەکان سەنگەریان گواستۆتەوە.

سایتی ئورنیوزی عێراقی بڵاویکردەوە "ژمارەیەک لەپەرلەمانتارە دیارەکانی ڕەوتی سەدر لەلیستەکەی عەلاویدان‌و هەندێک لەپەرلەمانتارەکانی ئەمیش لەلیستەکانی ئیئتلافی دەوڵەتی قانون‌و لیستەکانی تردا جارێکیتر خۆیان هەڵبژاردووەتەوە، ئەمە جگەلەوەی هەندێک لەو پەرلەمانتارانە لەگەڵ بەجێهێشتنی لیستەکانیان، هاوپەیمانێتی‌و لیستی نوێیان بۆ هەڵبژاردنەکەی مانگی ئاداری داهاتوو پێکهێناوە".

سایتەکە ئاماژەی بەوەکردوە، شێخ عەبدولهادی دەراجی کە سەرکردەیەکی دیاری شەڕەکەی نەجەف‌و شارۆچکەی سەدری ساڵی ٢٠٠٤بوو، لەدژی هێزە عێراقی‌و ئەمەریکییەکان دەجەنگا ئەو کاتەی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، ئێستا خۆی لەلیستی جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقی-عەلاوید+خۆی کاندید کردووە.

دەراجی کە وتەبێژی نووسینگەی سەدرو بەڕێوەبەری دەستەی ڕاگەیاندن‌و بەڕێوەبەری نووسینگەی شەهید سەدر بوو لەبەری ڕەسافەی بەغداو بەبیانوی هاندانی کوشتنی سەربازە ئەمەریکییەکان‌و ئامۆژگاریکردنی لاوانی ڕەوتی سەدر بۆ ئەوەی بەگژ ئەمەریکییەکاندا بچنەوە، بۆ ماوەیەک دەستگیرکراو ئێستا دەیەمین ناوی لیستەکەی عەلاوییە لەشاری بەغدا.

جگە لەم سەرکردە دیارەی سەدر، هەر لەلیستەکەی عەلاویدا پەرلەمانتارێکی تری ڕەوتی سەدر دەبینرێت کەئەویش فەتاح شێخەو ناوەکەی لەلیستەکەدا یانزەیە.

بەشداریکردنی ئەو پەرلەمانتارانەی ڕەوتی سەدر لەلیستی تردا وایکردووە کە دەستدرێژییان بکرێتەسەرو قسەی سوکیان پێبوترێت.

گەرچی نازانرێت بۆچی لەلیستەکەی ڕەوتی سەدردا دوورخراونەتەوە کە ناوی (ئەحرار)ە، بەڵام موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "خۆپاڵاوتنی ئەو کەسانە لەلیستێکی تردا مانای ئەوەنییە کە لەمان دوورکەوتوونەتەوە، بەڵکو دەتوانن لەداهاتوودا لەناو ڕەوتی سەدردا کاربکەن".

هەر لەچوارچێوەی سەنگەرگواستنەوەی پەرلەمانتاراندا، جەعفەر سەدری کوڕی محەمەد باقر سەدری دامەزرێنەری حیزبی دەعوە لەلیستی دەوڵەتی قانونی نوری مالیکیدا خۆی پاڵاوتووەو بەڕای چاودێران دەستکەوتێکە بۆ لیستەکە، لەبەرئەوەی جگەلەوەی لەبنەماڵەیەکی ناسراوی شیعەیە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لەکۆلێژی ماف لەبەغداو تاقە کوڕی محەمەد باقر سەدرە کە بەیەکێک لەبیرمەندو فەیلەسوفە ئیسلامییە شیعەکان دادەنرێت.

بەڕای سایتەکە، ئەو ١٢ هاوپەیمانێتییە نوێیەی بۆ هەڵبژاردنەکە پێکهێنراوە تا ڕادەیەک مۆرکی تایەفییان کاڵکردووەتەوە، لەبەرئەوە هەندێک کەسایەتی عەلمانی لەڕیزی هاوپەیمانێتییە ئاینییەکانی وەکو هاوپەیمانێتی نیشتمانی‌و هاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانوندا خۆیان پاڵاوتووە لەوانە شەریف عەلی بن حسێنی سەرۆکی جوڵانەوەی مەلەکی دەستووریی‌و نەسیر چادرچی سەرۆکی حیزبی نیشتمانی دیموکراتی‌و نوری بەدرانی وەزیری ناوخۆ لەحکومەتەکەی عەلاوی‌و حەمید هایس سەرۆکی ئەنجومەنی ڕزگارکردن لەئەنبارو هانی ئیدریس کەپێشتر لەلیستەکەی عەلاویدا خۆی پاڵاوتبوو لەگەڵ خالید مەلا سەرۆکی گردبوونەوەی زانایانی عێراق کەهەموشیان سونە مەزهەبن، هەروەک هەریەک لەژنە پەرلەمانتار سەفیە سوهەیل‌و مەهدی حافز کە پێشتر لەلیستی عێراقیەی عەلاویدا خۆیان پاڵاوتبوو لەگەڵ وجدان میخائیلی وەزیری مافی مرۆڤ لەهاوپەیمانێتی دەوڵەتی قانونی مالیکیدا خۆیان پاڵاوتووە.

هاوکات ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق کە لەحیزبی دەعوە جیابووەتەوەو پێشتر ڕەوتی ئیسلامی نیشتمانی پێکهێنابوو، لەپاڵ موەفەق ڕوبەیعی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو لەلیستی هاوپەیمانێتی نیشتمانی عەلاویدا خۆیان پاڵاوتووە.

هەروەها هاوپەیمانێتی یەکێتیی عێراقیش کە جەواد بولانی وەزیری ناوخۆ سەرۆکایەتی دەکات بەهەمان شێوە چەند کەسایەتییەکی تری سونەکانی لەخۆگرتووە لەوانە شێخ ئەحمەد ئەبوڕیشەی سەرۆکی سەحوەکانی ئەنبارو ئەحمەد عەبدولغەفور سامەڕایی سەرۆکی دیوانی وەقفی سونە. گەرچی دیاردەی سەنگەرگواستنەوەی پەرلەمانتارە عێراقییەکان چاودێرانی سەرسام کردووەو بەدیاردەیەکی نوێی دادەنێن، بەڵام ئەو دیاردەیە بەکەمی لەهەرێمی کوردستان دەبینرێت‌و بەڕای چاودێران تائێستا هاوپەیمانی کوردستان کە پارتی‌و یەکێتیی تیایدا باڵادەستن ترازانێکی ئەوتۆ لەڕیزەکانیدا ڕوویندادەوە جگە لەژمارەیەکی کەمی پەرلەمانتاران نەبێت، پەرلەمانتارانی لیستەکە سەنگەریان نەگواستنەوتەوە.

بەگوێرەی ئەو ناوانەی تائێستا لەڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکراونەتەوە، پەرلەمانتارێکی لیستی هاوپەیمانی جارێکی تر لەلیستی بزووتنەوەی گۆڕاندا خۆی پاڵاوتووەو دوو پەرلەمانتاری تریش کار بۆ سەرخستنی ئەو لیستە دەکەن.



بازرگانی بەدەنگی دەنگدەرەوە دەکرێت

# بێدەنگی ئەمەریکا لەداگیرکردنی فەکەی چوار

ئا: دەستوور

کۆتایی ساڵی ڕابوردوو لەپێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا، ئێران دەستیگرت بەسەر بیری ژمارە ٤ی کێڵگەی فەکەی سەرسنوریی‌و چاودێرانیش پاساوی ئەمەریکا بۆ بەرگرتن لەو دەستبەسەرداگرتنە بەبیانوی ئەوەی ئەو مەسەلەیە پەیوەستە بەسەروەریی خاکی عێراقەوەو ئەمەریکییەکان نایەنە ناو مەسەلەکەوەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی بۆ عێراقییەکان بەجێدێڵن، ڕەتدەکەنەوە.

ئەو چاودێرانە دەڵێن: بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان هەردوو وڵات، ئەمەریکا بەرپرسیارە لەپاراستنی ئاسایشی عێراق‌و سەروەریی خاکەکەی‌و ڕێگرتن لەهەر دەستوەردانێکی بیانی‌و ئەو وڵاتە لەبەربەرژەوەندی خۆی لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵی نەدایەو هێزەکانی بەکارنەهێنا بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئێران لەناو خاکی عێراقدا.

باس لەوەش دەکەن "بەرژەوەندی ئەمەریکا لەوەدایە کە پەیوەندی نێوان عێراق‌و ئێران خۆش نەبێت‌و لاوازبێت، لەو بڕوایەشدان ئەمەریکاو خۆرئاوا پێیانوایە هەر ململانێیەکی نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەگەر بەبێ چارەسەر بهێڵرێتەوە ئەوا وردە وردە گەورەدەبێت‌و ڕەوشەکە بەرەو خراپتر دەچێت".

ئاماژە بەوەش دەکەن، کۆشکی سپی لەدوو پێشهاتی هاوشێوەدا تەنیا لێدوانێکی دەرکردووەو نیگەرانی ئەمەریکای ڕاگەیاندووەو داوای لەهەموو لایەنەکان کرد دان بەخۆیاندا بگرن.

ڕۆژی ٢٢ی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠، کاتێک سوپای عێراق چوونە ناو خاکی ئێرانەوە، کۆشکی سپی داوای لەسەرۆکی عێراق کرد هێزەکانی بکێشێتەوە هۆشیاریدا کەبەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی سزای نێودەوڵەتی دەبێتەوەو وتەبێژەکەی کۆشکی سپی هێندەی وت "واشنتۆن نیگەرانەو داوا لەسەرجەم لایەنەکان دەکات دان بەخۆیاندا بگرن‌و ئارام بن".

ئەمەش لەلایەن سەدامەوە والێکدرایەوە کە تیشکی سەوزی ئەو وڵاتەیە بۆئەوەی بەردەوام بێت لەجەنگەکەی لەدژی تاران‌و ئەمەریکاش پشتیوانی بێسنووری دەکات کە هەرواش دەرچوو. هەمان پێشهات لەمەسەلەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدامەوە ڕوویدا کاتێک واشنتۆن بێدەنگی هەڵبژارد تا کار بەوەگەیشت ئەمەریکا هێزەکانی بردە ناو کوێتەوەو بەهەمان شێوە سەدام وای لێکدایەوە کەئەوە تیشکی سەوزەو ئەو وڵاتە ڕێگری ناکات لەوەی دەست بەسەر وڵاتە دراوسێکەیدا بگرێت تا ئەو کاتەی کەوتە ناو تەڵەکەوە. ئەو چاودێرانە دەڵێن "ئەمەریکا لەمەسەلەی داگیرکردنی بیرەنەوتەکەی فەکەدا هەمان هەڵوێستی نواندو تەنیا باسی لەڕووداوەکە کردو هیچ هەڵوێستێکی دیاریکراوی ڕانەگەیاند بەو ئومێدەی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات خراپتر ببێت‌و عێراق سەرەڕای بچوکی توانا سەربازییەکانی سوپاکەی بخاتە ئامادەباشییەوە".

ئاماژەش بۆ ئەوەدەکەن کە ئەمەریکا بۆ هەندێک لەهاوپەیمانە ئەوروپاییەکانی ڕوونکردوەتەوە "بەردەوام سعودیە سکاڵا دەکات لەوەی دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق پەیوەندیی باشیان هەیە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران‌و خوازیارن هەندێک پێشهات بێتە پێشەوە کە ببێتە هۆی دوورخستنەوەی لێپرسراوەکانی ئێستاو هاتنەسەرکاری هەندێک کەسی تر کە لەتاران دووربکەونەوە".

سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ڕابوردوو، ١١ سەربازی ئێران دەستیان بەسەر بیرە نەوتی ژمارە ٤ی کێڵگەی نەوتی فەکەدا گرتو بۆ ماوەیەک ئاڵای وڵاتەکەیان بەسەر بیرەکەدا هەڵکرد.

# تائێستا چارەنووسی گرێبەستەکان دیارنین

ئا: ئاراس حەسەن

چاوەڕواندەکرێت کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەڕێی لولە نەوتەکانی بەغداوە چارەسەربکرێت‌و بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم پێشنیازێکی داوەتە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە "گەرچی هەرێمی کوردستان ئارامترین ناوچەیە لەعێراق، بەڵام چارەنووسی سەودا نەوتییەکان کەبایی دەیان ملیار دۆلارن بەستراوەتەوە بەململانێی سیاسی نێوان هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ناوەندی لەبەغدا".

ڕۆژنامەکە لەزاری گرانت هارمزی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیکۆوە نووسیویەتی "مەسەلەی سەرەکی لەئێستادا ئەوەیە کێ پارەی کۆمپانیا دەدات". باسی لەوەشکردووە: هەندێک لەو کۆمپانیایانەی گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئیمزاکردووەو ژمارەیان دەگاتە ٣٠ کۆمپانیا چەندین ملیۆن دۆلاریان لەکەرتی نەوت‌و گازی هەرێمەکەدا خستوەتەگەڕ بەبێئەوەی هیچ قەرەبوویەک بکرێنەوە.

ڕۆژنامەکە ئاشکرایکردووە: بەم دواییانە بەغداو هەولێر لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون نەوتی بەرهەمهێنراوی کۆمپانیای DNOی نەرویجی‌و کۆمپانیای هاوبەشی تۆپکۆی چین‌و تورکیا ڕۆژانە ١٠٠هەزار بەرمیل نەوت لەڕێی لولە نەوتی نیشتمانییەوە هەناردەی دەرەوە بکەن کە لەمانگی تشرینی یەکەمی ڕابوردوودا بەهۆی ڕێکنەکەوتنی هەردوولا لەسەرئەوەی کامیان پارەی کۆمپانیاکان خەرج دەکات ڕاگیراوە.

بەگوێرەی نیویۆرک تایمز، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم پێشنیازێکی داوە بەنوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و کۆمپانیای سۆمۆی عێراق پارەی ئەو دوو کۆمپانیایە خەرج دەکات.

لەماڵەکەی خۆی لەشاری سلێمانی، بەرهەم ساڵح بەپەیامنێری ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە "ئەو پێشنیازە عەمەلییەو ژینگەیەکی لەبار بۆ دروستکردنی متمانە لەنێوان هەردوولادا دروستدەکات بەئاراستەی چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەکە". باسی لەوەشکردووە: لەگەڵ پێشنیازەکەیدا بۆ مالیکی، کۆپییەکیشی لەگرێبەستی کۆمپانیاکانی DNOو جینێل ئینەرجی تورکی‌و ئەداکس پترۆلیۆمی سویسری کە دواتر لەلایەن کۆمپانیای سینۆپێکی چینییەوە کڕراوەتەوە، هاوپێچکردووەو بەتەلەفۆنیش قسەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراقدا کردووەو ئەویش بەڵێنیداوە پێشنیازەکەی لەگەڵ حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتدا تاوتوێ بکات. سەرۆکی حکومەتی هەرێم باسی لەوەشکردوە مەسەلەی گرێبەستەکانی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان‌و یاسایی بوونی یاخود نایاسایی بوونی ئەو گرێبەستانەی هەرێم دواتر بەجیا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت‌و نابەسترێنەوە بەمەسەلەی هەناردەکردنی نەوتەوە. بەوتەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای جینێلی تورکیا، پێشنیازەکەی بەرهەم ساڵح دەستپێشخەرییەکی باشەو ڕێگەخۆش دەکات بۆئەوەی بەم نزیکانە هەناردەکردنی نەوت لەهەردوو کێڵگەی نەوتی تەقتەق‌و تاوکی دەستپێبکات کە خاوەنی ٥١٪و ٢٥٪ی پشکەکانی هەردوو کێڵگەکەیە. بەپێچەوانەوە بەڕێوەبەری یەکێکی تر لەکۆمپانیاکان، پێیوایە ئەو دەستپێشخەرییە کێشەکە چارەسەرناکات‌و مەسەلە دارایی‌و یاساییەکان یەکلاناکاتەوەو کۆتایی بەو مەسەلەیە ناهێنێت.



دەستوور
ژمارە (١٧) چوارشەممە، ٢٠١٠/٢/٣



کێڵگە نەوتییەکانی عێراق، لیکی کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەجوڵێنێت

# بە بەهای زیاتر لەدەیان ملیار، وەبەرهێنانی نەوت لەعێراق ئەنجامدەدرێت

ئا: نەوزاد سدیقو محەمەد عەلی

لەدوای بردنەوەی کەمکردنەوەکانی تایبەت بەناوچەی قورنەی رۆژئاوا+٢ لەلایەن روسیاوە، وەبەرهێنان لەو ناوچەیە لەلایەن کۆمپانیا روسییەکەوە دەستپێکرد.

کۆمپانیای زەبەلاحی بواری نەوتی روسی (لوک ئۆیڵ)و هاوبەشە نەرویجییەکەی (ستات ئۆیل) پێکەوە بەبەهای (٣٠) ملیار دۆلار وەبەرهێنانی نەوت ئەنجامدەدەن.

لەکۆبوونەوەیدا لەگەڵ ڤلادیمیر پۆتینی سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی، ڤاگیت ئەلێکپیرۆڤ سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوە کرد لەقورنەی رۆژئاوا+٢ لەسەرەتادا (٤,٥) ملیارو سەرجەمیش (٣٠) ملیار دۆلار خەرجدەکەن، هەروەک کۆمپانیاکە پلانی دارشتووە لەو ناوچەیە (٣٨٠) بیری نەوت لێبدات.

لەمانگی دیسەمبەری رابردوودا وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەرجەمی ئەو کەمکردنەوانەی ئەنجامیدان چەندین رووبەری بەبڕی (٤١,٢) ملیار بەرمیلی یەدەکی دایە (٤٥) کۆمپانیا کە لە (٢٣) وڵاتی جیاجیاوە بەشدارییان کردبوو، کۆمپانیای زەبەلاحی روسی (لوک ئۆیڵ) بەبردنەوەی کەمکردنەوەیەک لەیەکێک لەناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی عێراق بەنەوت کە (١٣) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی تێدایە دووبارە گەڕایەوە بواری وەبەرهێنان لەوڵاتدا.

هەردوو کۆمپانیای (لوک ئۆیڵ) و (ستات ئۆیڵ) رۆژانە (١٨) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنن، بۆ هەر بەرمیلێکیش بڕی قازانج بریتی دەبێت لە (١,١٥) دۆلار، کۆمپانیای (لوک ئۆیڵ) کە هاوبەشی لەسەدا ٨٥ی گروپی کۆمپانیاکانە لەناوچەکە، بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لەقورنەی رۆژئاوا+٢ کاردەکات، بەپێی ئەو گرێبەستەش کە لەنێوان وەزارەتی نەوتی عێراقو کۆمپانیاکەدا رۆژی دووشەممەی رابردوو ئیمزا کرا، دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەش بۆ ماوەی چەند پێنج ساڵێک لەسەر یەک گرێبەستەکە تازەدەکرێتەوە.

چاوەڕواندەکرێت کۆمپانیای (لوک ئۆیڵ) کە بەلایەنی کەمەوە ٢٩٠ ساڵ لەو ناوچەیە دەمێنێتەوە، ساڵانە بڕی (٧,٢) ملیار دۆلارو کۆی گشتیش بڕی (١٤٤) ملیار دۆلار قازانج بکات.

لەلایەکی دیکەوە دووەمین بەکارهێنەری نەوت لەجیهاندا کە وڵاتی چینە، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کە بەردەوامو بەخێرایی لەبەرزبوونەوەدایە مانگی نۆڤەمبەری رابردوو رێککەوتننامەیەکی گەورەی لەگەڵ عێراقدا مۆرکرد.

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چینی سەر بەحکومەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ کۆمپانیای (بریتش پەترۆلیۆم)ی بەریتانی تایبەت بەوزە رێککەوتننامەیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەمەبەستی وەبەرهێنان لەیەکێک لەگەورەترین کێڵگەکانی دەوڵەمەند بەنەوت مۆرکرد کە بریتییە لە کێڵگەی ڕومێلە.

بەپێی ئەم رێککەوتنە کۆمپانیاکان بڕی بەرهەمهێنان کە ئێستا یەک ملیۆن بەرمیلە لەڕۆژێکدا بۆ (٢) ملیۆنو (٨٥٠) هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا بەرزدەکەنەوە، هەر بەپێی رێککەوتنەکە (بریتش پەترۆلیۆم) بڕی ٣٨٪و کۆمپانیای نەوتی چینی ٣٧٪و حکومەتی عێراقیش بڕی ١٥٪ی قازانجەکە دەبات، ئەو سەرمایەشی بۆ وەبەرهێنان تێیدا دیاریکراوە بریتییە لە (١٥) ملیار دۆلار.

وڵاتی چین بەئیمزاکردنی ئەو رێککەوتننامەیە جێگەی خۆی لەبازاڕی نەوتی جیهانیدا زیاتر تۆکمە کرد، پێشتریش دامەزراوەی نەوتیو کیمیایی چین لەمانگی حوزەیراندا کۆمپانیای (ئەداکس پترۆڵ)ی لەبەرامبەر بڕی (٧,٢) ملیار دۆلاردا کڕیبوو، هاوکات کۆمپانیاکانی دیکەی بواری نەوت لەوڵاتی چین بەمەبەستی لەکیس نەچوونی ئەو وەبەرهێنانەی لەعێراق ئەنجامدەدرێت هەوڵ بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەدەن. چاوەڕوانیش دەکرێت دەرکردەکانی وڵاتی چین لەبواری وزەدا بەردەوامییان هەبێت.

دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩٧دا نەتەوەیەکگرتووەکان رێگەی بەعێراق دا نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، یەکەم کۆمپانیا کە هاتە نێو عێراقەوە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەبواری نەوتدا، کۆمپانیای (لوک ئۆیڵ)بوو.

(لوک ئۆیڵ) سەبارەت بەکارکردن لەقورنەی رۆژئاوا+٢ لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆریدا رێککەوتننامەی ئیمزا کردبوو، بەڵام دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، رێککەوتننامەکەی نێوان حکومەتی عێراقو کۆمپانیاکە هەڵوەشێنرایەوە.

مۆسکۆش تا ئەمڕۆ هەوڵی زۆری دا بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو وەبەرهێنانە لەو ناوچەیەداو لەو پێناوەشدا لەزیاتر لە (١٠) ملیار دۆلاری قەرزەکانی سەر ئەو وڵاتە خۆشبوو.

## کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بەشداریی لەبنیاتنانەوەی نەوتی عێراق دەکەن

چاوەڕواندەکرێت گەورە کۆمپانیاکانی جیهان بەشداریی لەبنیاتنانەوەی کەرتی نەوتی عێراقدا بکەنو ببێتە پێشەنگی وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت لەجیهاندا.

لەو چوارچێوەیەدا، هەردوو کۆمپانیای بریتش پەترۆلیۆمی بەریتانیو شێلی هۆڵەندی بەڵێنیانداوە لەماوەی دەیەی داهاتوودا، بەرهەمی نەوتی عێراق بگەیەننە پتر لە١٠ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا.

تۆنی هیوارد سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای بریتش پەترۆلیۆم دەڵێت "کۆمپانیاکەی خوازیارە بەشداریی لەزیادکردنی بەرهەمی نەوتی عێراقدا بکاتو رۆژانە نزیکەی ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لەکێڵگە نەوتییەکاندا بەرهەمبهێنێت". وتیشی "زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بەشدارییەکی گرنگە لەکەمکردنەوەی جیاوازی نێوان ئاستی بەرهەمهێنانی جیهانیو ئەو بڕەی خواستی لەسەرە".

روونیکردەوە "کۆمپانیاکانی نەوت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کەرتی نەوتی عێراقدا دەکەن، لەبەرئەوەی ئاستەنگەکان بوونەتە رێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی پلانەکانی بنیاتنانەوەی کەرتی نەوتدا".

هاوارد ئاماژە بەوەدەکات "زیادکردنی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو کارێکی زۆر قورس نییەو دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٠، عێراق ببێتە خاوەنی ١٠ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا".

هەر لەو چوارچێوەیەدا، پیتەر فۆسەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای شێلی هۆڵەندی رایگەیاند "کۆمپانیاکەی بەشداریی لەپەرەپێدانی دوو کێڵگەی نەوتدا دەکات".

بەوتەی هاوارد، ئاستی داواکاری جیهانی لەسەر نەوت تا ٢٠٣٠ دەگاتە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا لەکاتێکدا ئێستا ٨٥ ملیۆن بەرمیلە.

تائێستا وەزارەتی نەوتی عێراق، دوو خولی ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکاندا رێکخستووەو لەهەردوو خولەکەدا ژمارەیەک کۆمپانیا گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتەکەدا بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان بەتایبەتی کێڵگەکانی باشوور ئیمزاکردووە.

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵ لەخولی یەکەمدا کە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابوردوو بەڕێوەچوو، وەزارەتی نەوت گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای بریتش پەترۆلیۆمی بەریتانیو کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چینی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی رومێلەی نەوتی ئیمزاکردووەو لەخولی دووەمیشدا کەمانگی رابوردوو بەڕێوەچوو، عێراق گرێبەستی نەوتی لەگەڵ هەریەک لەکۆمپانیاکانی شێلی هۆڵەندیو پیترۆناس بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی مەجنون ئیمزاکرد کە بەیەکێک لەگەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی جیهان دادەنرێت.

هەروەک کۆمپانیای چینیو کۆمپانیای توتالی فەرەنسیش گرێبەستی پەرەپێدانی کێڵگەی حەلفایای بچوکیان بۆ دەرچوو.

کەناڵی بی بی سی بڵاویکردەوە، کۆمپانیاکانی جیهان دەخوازن لەکێڵگە گەورەکاندا کاربکەن، بۆیە لەهەردوو خولەکەدا، کۆمپانیاکان رێککەوتوون لەسەر پێدانی هەردوو کێڵگەی رومێلەی باکوورو باشوور لەسنوری کوێتو کێڵگەی مەجنون لەسنووری ئێران کە مەزەندەدەکرێت پتر لە١٢ ملیار بەرمیل نەوتی تێدابێت.

بەرای چاودێران، لەکێڵگە گەورەکاندا کۆمپانیاکان هەلی قازانجیان زۆرترە وەک لەکێڵگە بچوکەکان بەتایبەتی کە کار بەسیستمی گرێبەستی خزمەتگوزاریی هاوبەش دەکرێتو بەو پێیەش کۆمپانیاکان بڕێکی دیاریکراو لەرێژەی قازانجی نەوتی بەرهەمهێنراویان بەردەکەوێت.

ئەو چاودێرانە دەڵێن "قەبارەی کێڵگەکان بەتەنیا بەس نییە بۆ راکێشانی کۆمپانیاکان، بەڵکو باشبوونی رەوشی ئەمنی یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکانی بەشداریکردنی کۆمپانیاکان لەپەرەپێدانی کەرتی نەوت، لەبەرئەوەی ناوچەکانی باشوور لەچاو ناوچەکانی ناوەڕاستو خۆرئاوا ئارامترە، لەبەرئەوە کۆمپانیاکان ئامادەییان نیشانداوە کار لەکێڵگەکانی حەلفایا، رومێلە، قورنە، مەجنوندا بکەن، بەپێچەوانەی کێڵگە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی نزیک دیالەو خۆرهەڵاتی بەغدا کە سەرەڕای ئەوەی یەدەگێکی زۆر نەوتییان تێدایە، بەڵام هیچ کۆمپانیایەک ئامادەنییە لەئێستادا کار لەو کێڵگانەدا بکات.

ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە کەرتی نەوتی عێراق دوای چەندین ساڵ لەشەڕو کاولکارییو پشتگوێخستن بەهۆی گەمارۆی ئابووری چەند ساڵەوە، بەسەرمایەگوزاریکردنی کۆمپانیا بیانییەکان نەبێت بنیاتنانرێتەوە، هەروەک هەموو سەرمایەگوزارییەکیش لەو کەرتەدا بەگرنگو پڕبایەخ لەقەڵەمدەدەن، لەبەرئەوەی عێراق ٩٠٪ی بودجەکەی لەنەوتەوەیە.

## ئۆپیک تیشکی سەوز دەداتە عێراق

لێپرسراوێکی ئۆپیک رایگەیاند: عێراق تا چوار بۆ پێنج ساڵی تر، پابەند ناکرێت بەپشکی بەرهەمهێنانی نەوتەوەو ئازادە لەو ماوەیەدا رۆژانە چەند نەوت دەفرۆشێت.

لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا، عەبدوڵلا بەدری ئەمینداری گشتی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت وتی "مەسەلەی پابەندکردنی عێراق بەسیاسەتی بەرهەمهێنانی ئۆپیک، ماوەی ٤ بۆ ٥ ساڵ دەخایەنێت".

وتیشی "پابەندکردنی عێراق بەو سیاسەتەوە لانیکەم چوار بۆ پێنج ساڵی دەوێت، هەرچەندە عێراق یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ئۆپیک"و بڕوای خۆی نیشاندا هەردوولا لەسەر ئەو مەسەلەیە رێکدەکەون.

لێدوانەکەی بەدری لەکاتێکدایە کە وەزارەتی نەوتی عێراق ژمارەیەک گرێبەستی بەمەبەستی زیادکردنی ئاستیبەرهەمهێنانینەوتئیمزاکردووەو بەوتەی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت، وەزارەتەکەی دەتوانێت لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا، رۆژانە ٦ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت.

بەرای چاودێران، لێدوانی لێپرسراوەکەی ئۆپیک، هەلێکی زێڕینە بۆ عێراقو هەرێمی کوردستان تا زۆرترین بڕی نەوت بفرۆشنو داهاتەکەی لەبنیاتنانەوەی ژێرخانی کەرتی نەوتو کەرتەکانی تردا خەرجبکەن، بەرلەوەی رێکخراوەکە بڕی نەوتی عێراق لەچوارچێوەی سیاسەتی نەوتی خۆیدا وەکو وڵاتە ئەندامەکانیتر دیارییبکات.

> دووەمین بەکارهێنەری نەوت لەجیهاندا کە وڵاتی چینە، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کە بەردەوامو بەخێرایی لەبەرزبوونەوەدایە مانگی نۆڤەمبەری رابردوو رێککەوتننامەیەکی گەورەی لەگەڵ عێراقدا مۆرکرد

> ئۆپیك رایگەیاند: عێراق تا چوار بۆ پێنج ساڵی تر، پابەند ناکرێت بەپشکی بەرهەمهێنانی نەوتەوەو ئازادە لەو ماوەیەدا رۆژانە چەند نەوت دەفرۆشێت

# بەدەپە یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست

ئا: محەمەد عەلی خەفاف



ئەندامانی بەدەپە لەکۆنگرەکەدا

ڕۆژی یەکی شوبات پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) یەکەمین کۆنگرەی نائاسایی خۆی لەشاری ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەدروشمی دیموکراسی بخەینە سەر سیاسەتی دیموکراسی بەست کە بەجۆشو خرۆشێکی زۆرەوەو بەهەڵواسینی وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجالانو وێنەی بەدەپەییە کەلەپچەکراوەکان بەدیوارەکانی هۆڵی کۆنگرەکەدا دەستیپێکرد.

هەریەک لەسەرکردەکانی دەتەپەی داخراو، ئەندامانی گروپەکانی ئاشتی، دایکانی ئاشتی، ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیو سەندیکاو نوێنەری پارتە سیاسییەکان، پەرلەمانتارانی بەدەپە، سەرۆک شارەوانییەکانو سیاسەتمەداری بەناوبانگ لەیلا زانا، هەریەک لەئەحمەد تورکو ئایسەل توغلوک کە قەدەغەی کاری سیاسییان لێکراوە بەشدارییان لەکۆنگرەکەدا کرد.

**"ئەردۆگان.. وامان لێ مەکە ڕوو لەشاخ بکەین"**

لەسەرەتای کۆنگرەکەدا ناوی هەریەک لەسەرۆک شارەوانیو بەرپرسە باڵا دەستگیرکراوەکانی پارتەکە خوێنرایەوەو دروشمی "ئەردۆگان سەرت سوڕ نەمێنێ، وامان لێ مەکە ڕوو لەشاخ بکەین" لەلایەن ئامادەبووانەوە وترایەوە، هەریەک لەسەلاحەدین دەمیرتاشو گیولتان کشاناک پەرلەمانتارانی بەدەپە وەک پاڵێوراوانی هاوسەرۆکایەتی ناسێنران کە دواتر لەلایەن ٤٥٧ نوێنەرەوە دەنگیان بۆ دراو هەر لەکۆنگرەکەشدا گۆڕانکاری لەپەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەدا ئەنجامدرا کە تێیدا سیستمی هاوسەرۆکایەتی چەسپێنرا کە بریتییە لەدوو هاوسەرۆکو جێگرەکانیان.

**"پێویستە ئۆجالان قسەی لەگەڵ بکرێت"**

سەواهیر بایندر پەرلەمانتاری بەدەپە کە لەکۆنگرەدا بەسەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی پارتەکە هەڵبژێردرا، لەوتەیەکدا کە بەشی یەکەمی بەزمانی کوردی پێشکەشکرد، ڕایگەیاند ئەگەر دەویسترێ کێشەی کورد بەڕاستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، یەکێک لەو لایەنانەی کە پێویستە قسەی لەگەڵ بکرێت ئۆجالانە، هەروەک جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تورکیا پێویستی زۆری بەئاشتیو دیموکراسییە، بایندر ئاماژەی بۆ ڕەشبگیرییەکانی ئاکەپە کردو وتی "ئەگەر دەتانەوێ لەو ڕێگەیەوە خۆتان بسەپێنن، ئەوا پێویستە ئەوە بزانن ئەوانەی پێش ئێوەش کە وەک ئێوە ڕەفتاریان کرد، لەڕێگەی ئەنجامدانی کودەتای سیاسییەوە ناگەنە ئامانجەکانتان".

**"ئامانج لەناوبردنی کوردە"**

دەمیر چەلیک سەرۆکی گشتی ئێستای بەدەپە لەوتەیەکدا وەک ئاماژەیەک بۆ ئەم هەڵمەتانەی دواتری هێزە ئەمنییەکان ڕایگەیاند "کوێی کەلەپچەکان دیموکراسی پێوە دیارە؟ کوێی دادپەروەرییە؟ ئەوەی کە هەیە سڕینەوەو لەناوبردنی کوردە، بەش بەشکردنی ئەو هێزە ڕێکخراوەیە کە هەیەتی"، دواتریش گیولتان کشاناک پاڵێوراوی هاوسەرۆکی بەدەپە ڕایگەیاند "حکومەتی ئاکەپە کە ماوەی ٨ ساڵە دەسەڵاتدارە، بۆتە دەسەڵاتی کودەتای سیاسیو نەگەیشتنە چارەسەرو سڕینەوەی بەرامبەر هەموو هەلەکانی کە بۆی ڕەخساوە لەدەستداوە. هەروەک لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئاکەپەدا بەهۆی ئەو یاسایانەی دەریکردوون مافو ئازادییەکان سنورردارکراون، لەبەرامبەر ئاگربەستدا هەڵمەتی سەربازی ئەنجامداوەو هەنگاوی بەرەو چارەسەری کێشەی کورد نەناوە"، کشاناک درێژەی پێدا "ئێمە لەو شتانەوە کە بەسەرمان هاتووە تێدەگەین کە ئاکەپەو کودەتاچییەکان لەیەک بەرەدان، ئاکەپە نیازی نییە واز لەسیاسەتی نکوڵی لێکردنو سڕینەوە بێنێتو کێشەی کورد بەشێوازێکی دیموکراسی چارەسەر بکات".

پاڵێوراوی هاوسەرۆکی بەدەپە ئاماژەی بەوەشکرد: ئەوان هەوڵی زۆر دەدەن کە سیاسەتی دیموکراسی بەرەو پێش بەرنو سیاسەتو خەڵک بەیەکتر بگەیەننەوەو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە ڕێکبخەن بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی، وتی "بەدەپە پارتی دایکی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی تورکیایە".

**"گەلەکەمان لەدەستی ئاکەپە ڕزگاردەکەین"**

سەلاحەدین دەمیرتاش پاڵێوراوی هاوسەرۆکایەتی بەدەپەش لەوتەیەکیدا ڕایگەیاند "هەموو ئەو کەسانەی وا دەزانن ئاکەپە بەتەنهاو لەخۆیەوە دەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات خەیاڵپڵاونو هەڵخەڵەتێنراون، لەبەرئەوەش لەم قۆناغەدا کە لەبەردەمماندایە سەرەکیترین سیاسەتمان بریتی دەبێت لەڕزگارکردنی گەلەکەمان لەدەستی ئاکەپە". دەمیرتاش بەڵێنیشی دا ئەو کەلەپچانەی کراوەتە دەستی ئەوان، دەریانبێننو بیکەنە ملی ئەو عەقڵییەتەی ئاکەپە هەیەتی.

وتیشی "بنەمای تێگەیشتنی دیموکراسی ئێمە بریتییە لەوەی دەوڵەت لەپیرۆزبوون دەربهێنینو بیکەینە خزمەتکاری خەڵک، ببینە ڕێکخراوێک دەوڵەت لەئامرازێکی فەرمانڕەوایەتیو فشارەوە بکەینە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ڕێکخراو".

لەبەشێکی دیکەی وتەکانیدا دەمیرتاش لەبارەی زیندانیکردنی منداڵانەوە ڕایگەیاند: ئەگەر دەوڵەت دەیەوێت ڕێگری بکات لەوەی منداڵان لەسەر شەقامەکان بەردی تێبگرن، با چکلێتو میزەڵان نەبەخشێتەوە بەسەریاندا، با بێتو قوتابخانە بکاتەوە بۆئەوەی ئەو منداڵانە بەزمانی خۆیانو بەشێوەیەکی زانسیو بەخۆڕایی بخوێنن. سەلاحەدین دەمیرتاش داوای لەدایکو باوکانی هەموو سەربازانی سوپای تورکیاو گەریلاکان کرد کە چیتر تەماشاچی مردنی ڕۆڵەکانیان نەبن، چونکە کۆتاییهێنان بەم جەنگە لەپێش هەموو کەسێکەوە مافی ئەوانەو پێویستە بەدوایدا بڕۆن، وتی "ئێستا پەکەکە ئامادەی ئاشتییە ئەوەشی کە وای لێکردووە دایکانن، پێویستە دەوڵەتیش ناچار بکەن بۆ ئەو کارە".

**سەلاحەدین دەمیرتاش بوو بەسەرۆکی بەدەپە**

لەئێوارەی ڕۆژی کۆنگرەکەدا دەنگدان لەسەر پاڵێوراوانی هاوسەرۆکایەتیوئەندامانیئەنجومەنی ناوەندیی دەستیپێکردو هەریەک لەسەلاحەدین دەمیرتاش بەسەرۆکی گشتی پارتی ئاشتیو دیموکراسیو گیولتەن کشاناک بووە هاوسەرۆکی پارتەکەو دواتریش ئەندامە باڵاکانی پارتەکە هەڵبژێردران.

# میدیاو ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵات

ئەحمەد ئاڵتان. ڕۆژنامەی تەرەفی تورکی

"ڕووخسار"ی سوپایەک بەدرۆ ناپارێزرێت، بەپێچەوانەوە لەگەڵ هەر درۆیکدا هێندەی دیکە ڕووخسارەکە تێکدەچێت، ئەگەر سوپا بیەوێت ڕووخساری بپارێزێت لەسیاسەت دەچێتە دەرەوەو کۆدەتاچییەکان دەسگیردەکاتو ڕادەستی دادگایان دەکاتو ڕاستییەکان بۆ خەڵک ئاشکرادەکات.

ئایا بەنکوڵی کردن لەبوونی (ژیتەم) کە هەزاران کەسی لەباشووری خۆرهەڵات کوشتووە، توانی ڕووخساری بپارێزێت؟ ئایا کەس بەو قسانە بڕوای کرد؟ بەداخەوە سوپاکەمان نەخۆش کەوتوە.

خولیای سیاسەتو سووربونی لەسەر دەسەڵاتو تەماحی دەسەڵاتو وڵات بەموڵکی خۆ زانین، سوپای نەخۆشخستووە.

بێگومان لێرەدا تەنیا تاوانی سوپا نییە، ئەگەر لەناو سوپای وڵاتێکدا بێویژدانیەک کە پلانی تەقاندنەوەی مزگەوت دابڕێژێت بەبێ دوودڵی سەرهەڵبدات، ئەوا میدیای ئەو وڵاتەش ڕۆڵ لەناو ئەو خراپەکارییەدا دەگێڕێت، لەهیچ وڵاتێکدا کە خاوەنی میدیاکی ڕاستو دروستبێت "کۆدەتا" ناکرێت.

ئەم کارمەندانەی میدیا کە دژی خەڵکی خۆیانو خەڵکی خۆیان بەبچوک دەبینن، لەلایەکەوە خۆیان بەچمکی جەنەراڵەکاندا هەڵواسیوەو لەلایەکی دیکەوە دەیانەوێت وەک دیموکراتخواز ببینرێن، لەبەرامبەر پلانی کۆدەتادا لەئەرکانی گشتی زیاتر دەلەرزێن، لەبری ئەوەی داوابکەن ڕاستی ئەم پلانە ئاشکرابکرێت، لەسوپا دەپاڕێنەوە هەواڵەکە بەدرۆبخاتەوە، لەبری ئەوەی بەدەنگێکی مەردو بڵند دژی کۆدەتا بوەستنەوە، دەپرسن چۆن ئەو بەڵگەنامەی پلانە دزەیکرد بۆ ڕۆژنامەی تەرەف، لەم وڵاتە هەژارەدا چوار جار کۆدەتا کراوە، لەکامیاندا میدیا هاوکاری نەکردووە؟ ئەو ئەندامانەی میدیا لەبری ئەوەی دژی کۆدەتابن، دژی هەواڵی ئەنجامدانی کۆدەتان.

ئەگەر میدیا وابێت،ئەی ئۆپۆزسیۆن چۆنە؟ ئایا یەک ورتەتان لەسەرۆکی پارتی گەلی کۆماری بیستەوە کە زوو زوو ڕادەکات بۆ دادگای دەستووریو دژی دادگاییکردنی سەربازەکانە لەدادگا مەدەنییەکان، پارتێکی گەورە لەبەرامبەر ئەو پیاوانەی کە "مزگەوت دەتەقێننەوە" بێدەنگ وەستاوە، پیاو شەرم دایدەگرێت کە قسەیەک بکات، ئەو وتارە ئاگراویانەی دەیداو محامێتی بۆ ئەرگەنەکۆن دەکرد کە پیلانی کۆدەتای بینی لەکوێوە ونبوو؟

> ئیدی دەبێت ئەم وڵاتە بگۆڕین،
> دەبێت دەستوورو یاساو سوپاو سیاسەتەکەی بەڕاستو دروستی دابڕێژینەوە

دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر پلانی کۆدەتاکە وەستاوەتەوەو ڕەخنەی لێدەگرێت، بەڵام ئەوە بەس نییە، دەسەڵات دەبێت تۆمەتباران ڕەوانەی دادگا بکاتو ئەرکی ئەوەیە ئەو بنچینە نەخۆشو کۆدەتاچێتیەی سوپا بگۆڕێت، ئەگەر دەسەڵات تا زووە هەوڵنەدات بۆ گۆڕینی دەستوور، ئەوا کودەتاچی نوێ پلانی نوێ دادەڕێژێت.

بێدەنگبوون لەبەرامبەر داخستنی دەتەپە، هەروەک نابێت کۆسپ لەبەرامبەر ئاگری تیمارکردنی داوای نوێ دژ بەداخستنی خۆتان، ئەگەر دەستووریش نەگۆڕن کۆسپ دروست نابێت لەبەردەم ئامادەکردنی پلانی نوێ.

ئیدی دەبێت ئەم وڵاتە بگۆڕین، دەبێت دەستوورو یاساو سوپاو سیاسەتەکەی بەڕاستو دروستی دابڕێژینەوە.

تەمەنی خۆمان بەکودەتا هیچو پوچەکان بەسەربرد، هیچ نەبێت با منداڵەکانمان لەوڵاتێکی ڕاستو دروستدا بژین.

**و: کامەران ئەحمەد حەمەد**

# "خەڵك لەلێكترازان‌و شەڕی ناو حیزبەكانی ڕۆژهەڵات نارازین"

## دكتۆر گوڵموراد مورادی نووسەرو توێژەری كورد بۆ دەستوور

سازدانی: هیوا سەلیمی

دكتۆر گوڵموراد مورادی نووسەرو توێژەری كورد لەچاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات بەشدارینەكردنی چالاكانەی خەڵكی كوردستان لەناڕەزایەتیەكانی ئێراندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەمان بۆچوونی دەسەڵاتدارانی هەیە لەمەڕ كێشەی كورد.

گوڵموراد دەڵێت هێزە كوردییەكان لەهەموو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەكانی تری ئێران زیاتر سەرنجی كۆمەڵگای نێودەوڵەتیان بۆسەر ستەمەكانی كۆماری ئیسلامی ڕاكێشاوە.

**دەستوور:** بارودۆخی كۆمەڵگای ئێران چۆن دەبینن‌و بەبڕوای ئێوە درێژەی ئەم بارودۆخە چ ئەنجامێكی لێدەكەوێتەوە؟

**د.گوڵموراد مورادی:** بەبڕوای من وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو لایەنی هەیە، لەلایەكەوە بارودۆخەكە زۆر قەیراناوی‌و مەترسیدارە، لەبەرئەوەی كە حكومەتی ئێران تۆقاوەو بۆ مانەوە دەست بۆ هەر تاوانێك دەبات، ئەوان لاوانی ئاشتیخوازو ناڕازی بەستەم دەدۆزنەوەو دەستگیریان دەكەن، لەژێر ئەشكەنجەدا دەیانكوژن، یان بەپەتی سێدارەیان دەسپێرن، نمونەی بەرچاو بۆ ئەم بابەتە، ئەم مانگانەی دوایی گەنجەكانی ئێرانە كە ئەم لەسێدارەدراوانە هیچ تاوانێكیان بەغەیری ناڕەزایەتی ئاشتیخوازانە بەنایەكسانییەكان، ناڕەزایەتی بەساختەكاری لەهەڵبژاردنەكان‌و نەبوونی ئازادی‌و ناڕەزایەتی بەدەسەڵاتداری دیكتاتۆریی ڕەها، نەبووە‌و نییە.

لەلایەكیترەوە بارودۆخەكە هیوابەخش‌و دڵخۆشكەرە، لەبەرئەوەی كە سەرجەمی نەتەوەكانی ئێران‌و زیاتر لەهەموان كوڕان‌و كچانی گەنجی وڵات دەزانن كە چیان دەوێت، هیچ هەڕەشەو سەركوتێك ناتوانێ وەك لەمپەرێك لەبەردەم خواستە ڕەواكانی ئەوان بوەستێتەوە، كیانووش ئاسای یارسانی‌و موجتەبا كرماشانی كورد، لەپاڵ نیدا ئاغا سوڵتانی فارس‌و تەرانەی ئازەربایجانی لەڕێگەی ئازادیدا گیانیان بەختكرد، گەنجانی ئێمە بەئاشكرا ڕێبەری ناڕەزایەتییەكانی شەقامیان لەئەستۆدایە، هەر بەو هۆكارەش حكومەتی ئێران تۆقاوەو بەچاوی خۆی دەیبینێت كە نەوەی نوێی دوایی شۆڕشی ئیسلامی سەرەڕای پەروەردەی سەداسەدی ئیسلامی، لەبەرامبەریاندا وەستاونەتەوە، چەرخی مەزنی شۆڕش ڕێكەوتووە، بەرەوپێش دەڕوات‌و گێڕانەوەی ئەستەمە، هەر بەشێوەی شای ئەو سەردەمەی ئێران دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بیست‌و خەڵكی شۆڕشگێر ڕاویان نا، ئێستاش خامنەیی‌و لایەنگرەكانی چارەنووسێكی باشتر لەشایان نابێت، كەواتە پێویستە دەنگی خەڵكی ناڕازی‌و بنەماڵەی بەندكراوان‌و لەسێدارەدراوان بەگوێی جیهان بگەیەندرێت، تا بەفشاری پێویست لەسەر ڕێبەرانی سیاسیی ئێران بەر بەلەسێدارەدان‌و گرتنی گەنجەكان بگیرێت.

**دەستوور:** ٨ مانگە باس لەپێداویستیی بەشداری كورد لەم پرۆسە سیاسیە تازەیە دەكرێ‌و كەچی شتێكی ئەوتۆ نابینرێت، ئایا بەبڕوای ئێوە بارودۆخەكە هەر بەمشێوەیە دەمێنێتەوە؟ هەنگاوەكانی كورد بۆ بەشداریكردنی لەم پرۆسەیە دەبێ چی بێ؟

**د.گوڵموراد مورادی:** پرسیارێكی گرنگە، ڕاستە كورد بەشدارییەكی لاوازی لەخەباتی سەرتاسەری كردووە، كەچی لەهەموو كەس زیاتر لەكورد ترساون، بەدرێژایی ئەم ٣٠ ساڵە زۆرترین ژمارەی هێزی چەكداری حكومەتی ئێران لەكوردستان بووە، هەوڵدراوە هەر دەنگێكی ناڕازی كپ بكرێت‌و زۆرترین ئاماری دەستدرێژی‌و ئەتككردن لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ سەر كچان‌و ژنانی كوردستان بووە، هەر لەم ٨ مانگەی ڕابردوو زۆرترین ژمارەی دەستگیركراوەكان‌و ئەشكەنجەدراوەكان‌و لەسێدارەدان لەكوردستان بووە. وانیشان دەدرێت كە تەنیا دوژمنی حكومەت كوردەكانن. كاتێك كە ڕژێم گەنجەكان تەنیا بەهۆكاری ئەندامبوون لەحیزبێكی سیاسیی كوردی لەسێدارەدەدا، بەشداریكردنی چالاكانەی جەماوەری زۆر بەتووندتر لەهەموو شوێنێك وەڵام دەدرێتەوە، بەبڕوای من یەكەمین هۆكار لەبەشداری لاوازی كورد، بۆ داخراوبوونی زیاتری كوردستان دەگەڕێتەوە. دووەمین هۆكار، بۆ بەرچاوتەنگی ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەی باڵادەست‌و چەشنی دروشمەكانی ئەوان دەگەڕێتەوە. ئاشكرایە كە تاكێكی جیا لەنەتەوەی باڵادەست كە دەبینێت ڕێبەرانی حكومەتی ئێران‌و تەنانەت بەشێك لەئۆپۆزیسیۆنی دژی حكومەتیش هەموو نەتەوەكانی ئێران بەفارسەوە گرێدەدەن، نامەسئولانە دەستەواژەی نەتەوەی ئێران لەجێگەی ئێرانێكی فرەنەتەوە دادەنێن، چ چاوەڕوانییەك هەیە لەوەی كە كوردو نەتەوەكانی دیكە بەشداری چالاكانە بكەن، ئەزموونی تاڵی شۆڕشی ٧٩ لەبیر نەكراوە، ئێمە هەر لە ئێستاوە هەڕەشەكانی "داریوشی هومایون" دەبینین كە ئەوە دەگەیێ لەئەگەری دانی ماف بەنەتەوەبندەستەكان لەچەشنی هاوسەنگەرێكی حكومەتی ئێرانی شەڕ دەكات....سەرەڕای هەمووی ئەمانە گەنجە شۆڕشگێڕەكانی كورد پێ بەپێی لاوانی دیكەی نەتەوەكانی ئێران لەخەباتی شارە گەورەكان‌و زانكۆكان بەشداریان كردووەو دەیكەن‌و ئەمەش بەباشی دەبیندرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێ سەرجەمی خەڵكی نەتەوەكانی ئێران بانگهێشتی شەقامەكان بكەین، پێویستمان بە بەخشینی ئومێدو پێناسەیەكی واقعییە بۆ ئەم نەتەوانە لەلایەن هێزە چالاكەكانی نەتەوەی باڵادەست، بەگشتی لەو بڕوایەدام كە ڕۆشنبیران‌و چالاكوانی كورد شانبەشانی سەرجەمی خەباتكارانی ئێران قارەمانانە خەبات دەكەن، بەڵام ئەم خەباتە گشتگیر نەبووەو ئەوەش بۆ ئەو هۆكارانە دەگەڕێتەوە كە ئاماژەم پێدا.

**دەستوور:** ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی ئێرانی وەك دیموكرات‌و كۆمەڵە لەم دەورەیەدا چۆن دەبینیت، ئایا حیزبە كوردییەكان توانیویانە دەوری واقعیی خۆیان بگێڕن؟

**د. گوڵموراد مورادی:** ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێك لەنێوان حیزبە كوردییەكانی وەك كۆمەڵەو دیموكرات‌و.. هتد لەگەڵ حیزبەكانی دیكەی ئێران بكەین، بێگومان حیزب‌و ڕێكخراوە كوردییەكان چالاكترن‌و لەپێوەند بەناساندنی بزووتنەوەی ناوخۆی ئێران بەكۆمەڵگای جیهانی لەریزی پێشەوەدان، ئاشكرایە كە پێش لەهەر هەڵسەنگاندنێك دەبێ هەموو لایەنەكانی ئەم كارە لەبەرچاو بگیرێت، بارودۆخی حیزبەكان، وشیاری ڕێبەرانیان، جەماوەری ئەندام‌و لایەنگریان، ژمارەی كۆچبەرو ڕاكردووانی سیاسی، ڕێژەی چەندایەتی‌و چۆنایەتی حیزبەكان‌و زۆر هۆكاری دیكە، ئەم هۆكارانە كاریگەریەكی بەرچاویان هەیە، بەشێوەیەكی گشتیی چالاكیی سەرجەمی حیزبە كوردییەكان‌و بەتایبەت دیموكرات‌و كۆمەڵە لەدژی ڕژێمی دیكتاتۆری كۆماری ئیسلامی بەرچاوەو جێگەی پێزانین، تەنیا شتێك كە منو سەدان كوردی وەك من لەداهاتووی بزووتنەوەی جەماوەری نیگەران دەكات، نەبوونی یەكێتی لەنێوان ڕێكخراوە سیاسییەكان‌و ئینشقاق‌و جیابوونەوە جیاجیاكان لەنێوان بەشێك لەم حیزبە كوردیانەیە، ئەم حیزبانە لەئەگەری هەنگاونان لەئاراستەی یەكیەتی‌و بەرگرتن بەلێكترازان‌و ئینشقاق، دەتوانن ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لەپێناو دابینكردنی خواستەكانی نەتەوەی كورد بنوێنن.

**دەستوور:** حیزبە كوردییەكان لەئێران خۆیان وەك نوێنەری بەرژەوەندییەكانی گەلی كورد پێناسە دەكەن، كەچی خەڵكی كوردستان لەكارنامەی حیزبەكان لەم ساتەوەختەدا ڕازی نین، بەڕای ئێوە ئەم وەزعە چ كاریگەرییەك لەسەر فەزای سیاسیی كوردستان دادەنێت؟

**د. گوڵموراد مورادی:** وەڵامدانەوە بەم پرسیارە لەچەند ڕستەی بەرتەسكدا وەڵام نادرێتەوەو پێویستی بەشیكاری‌و لێكدانەوەی چڕوپڕە، حیزبە كوردییەكان سەرەڕای هەموو كەموكوڕییەكانیان نوێنەرایەتی چین‌و توێژە جیاجیاكانی خەڵكی كوردستان دەكەن، زۆربەی ئەم حیزبانەش لەدڵەوە دەیانەوێ كە گرێدراو بەوڵاتێكی سێیەمەوە نەبن، ئەم بابەتەش ڕۆڵێكی بەرچاوی لەكێشەی مادی ئەم حیزبانە بووە بۆ چالاكیی‌و هەڵسورانی زیاتر، من لەم دواییانە لەبەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی یەكێك لەكەناڵە كوردییەكان بەشداریمكردو بەرپرسی ئەو تەلەفزیۆنە باسی لەوەدەكرد كە لەقەیرانی مادیدان، لەئەگەری یارمەتی‌و پشتیوانی نەكردنی خەڵك ناچارن كەناڵەكە دابخەن، بەو پێیە زەرورییە كە خەڵكی كوردستان دەرك بەبارودۆخ‌و جێگەوپێگەی حیزبە كوردییەكان بكەن، ئەگەر خەڵك لەكارنامەی حیزبەكان نارازیین، بەبڕوای من بۆ پەرشوبڵاوی لە ئەنجامی لێكترازان‌و ئینشقاق‌و شەڕی دەسەڵاتی نێو حیزبەكان دەگەڕێتەوە، نەك بۆ چەشنی هەڵسوران‌و چالاكیی سیاسیی ئەوان لەدژی حكومەتی ئێران، ئاشكرایە كە ئەم جیابوونەوانەو شەڕی دەسەڵات لەنێو حیزبەكان كاریگەری نەرێنی لەسەر كۆمەڵگای كوردی دادەنێت، بزووتنەوە لاواز دەكات‌و دوژمن خۆشحاڵ دەكات‌و ئێمەش ئەوەمان ناوێ.



دكتۆر گوڵموراد مورادی

# لەیادی دامەزراندنیدا

## كۆماری ئیسلامی لەخرۆشانەوەی شەقامەكان نیگەرانە

سازدانی: هیوا سەلیمی

ناڕازییەكان لەئێران خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەیەكی نوێ ئامادە دەكەن‌و ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانیان (١١ی شوبات)، واتە ساڵرۆژی بەدەسەڵات گەیشتنی كۆماری ئیسلامیان بۆ ئەم مەبەستە دیاریكردووە، حكومەتی ئێرانیش لەبەرامبەردا بەكەڵكوەرگرتن لەهەموو ئامڕازەكان لەهەوڵی بەرگرتن بەخۆپیشاندانی ناڕازیان لەو ڕۆژەدایە.

### میرحسێنی موسەوی‌و كەڕوبی بانگهێشتی جەماوەر بۆ خۆپیشاندان دەكەن

لەچەند ڕۆژی ڕابردوو زۆربەی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن پرسی پاشەكشەی ڕێبەرانی سەوز لەئێرانیان وروژاند، بەگەڕانەوە بۆ دیمانەیەكی ڕۆژنامەوانی كەڕوبی، هەروەها چەندین هەواڵ‌و ڕاپۆرتی ماڵپەڕەكانی سەربەباڵی ئەحمەدینەژاد لەمبارەوە، باسیان لەئەگەرەكانی پاشەكشەی ڕێبەرانی سەوز لەبەرامبەر خامنەیی‌و حكومەتەكەی ئەحمەدینەژاددا كرد، بەڵام پاش لەسێدارەدانی دوو چالاكی سیاسیی بەناوەكانی محەمەد ڕەزا عەلی زەمانی‌و ئارشی ڕەحمانی بەتۆمەتی ناڕەزایەتییەكانی ئەم چەند مانگە، كەڕوبی‌و موسەوی ئەم لەسێدارەدانەیان ئیدانەكردو داوایان لەجەماوەر كرد كە لەڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان بەشداری لەخۆپیشاندانەكان بكەن، بەپێی ڕاپۆرتێكی ماڵپەڕی كەلیمە، كە ماڵپەڕی فەرمیی میرحسێنی موسەوییە، سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە هەر دوو پاڵێوراوە ناڕازییەكەی هەڵبژاردنەكانی خولی دەیەمی سەرۆك كۆماری ئێران لەماڵی كەڕوبی كۆبوونەوەو لەسێدارەدانەكانی ئەم دواییانەیان ئیدانەكردووە، لەڕاگەیەندراوێكی دواتری موسەوی‌و كەڕوبی بانگهێشتی خەڵك دەكرێت كە بەشێوەیەكی بەربڵاو لەخۆپیشاندانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان بەشداریبكەن. لەلایەكیترەوە بزووتنەوەی سەوز لەڕێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی ئینتەرنێتەوە بەشێوەیەكی بەربڵاو خەریكی خۆئامادەكردن بۆ بەشداریكردن لەخۆپیشاندانەكانی ئەو ڕۆژەدا، كەمپەینێكی بەربڵاو بۆ زیاتر هاندانی جەماوەر دروستكراوە.




هیدایەتی قادری چالاكوانی سیاسیی لەڕۆژهەڵاتی كوردستان‌و دەرچووی زانستە سیاسییەكان، لەلێدوانێكدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور لەو بڕوایەدایە كە موسەوی‌و كەڕوبی ناچاربوون كە داوا لەخەڵك بۆ خۆپیشاندان بكەن، دەڵێت مانەوەی ئەوانیش بەناڕەزایەتییەكانی خەڵكەوە گرێدراوە. قادری وتی "لەڕاستیدا لەم ماوەیەدا ئەگەری ڕێككەوتن لەنێوان ڕێبەرانی ریفۆرمیست‌و دەسەڵاتدارانی ئێران بەهێز بوو، تەنانەت باس لەوەدەكرێت كە خاتەمی لەنامەیەكدا بۆ خامنەیی داوای دانووستان‌و كۆتایهێنان بەقەیرانەكانی كردبوو، بەم ڕاگەیەندراوە تازەی كەڕوبی‌و موسەوی دەردەكەوێت كە خامنەیی مل بەپاشەكشە نادات‌و بانگەوازی كەڕوبی‌و موسەوی بۆ هاتنی خەڵك بۆ پاشەكشەكردنی لایەنی بەرامبەرە، بەڵام ڕاستییەك هەیە كە شەپۆلی دیموكراسیخوازی‌و مافخوازی زۆر فراوانترو بەرینترە لەڕوانگەكانی ڕێبەرانی ریفۆرمیستی حكومەتی".

### حكومەتی ئێران هەڕەشەكانی توندتر دەكات

حكومەتی ئێران بەدرێژایی ئەم ٣٠ ساڵە لەڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان وەك پێگەیەكی بەهێزی مەشرووعییەت كەڵكی وەرگرتووە، ئەم ڕۆژەی وەك بۆنە دەوڵەتییەكانی دیكە، بەجۆش‌و خرۆشێكی تایبەتییەوە بەڕێوەبردووە، لەماوەی ئەم ٨ مانگەی قەیرانەكان، بزووتنەوەی ناڕازییەكانی ئێران دەیانەوێت ئەم بۆنە وەك دەرفەتێكی گرنگ‌و مێژوویی بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆیان بقۆزنەوە.

لە یەكەمین كاردانەوەكانی حكومەت بۆ بەرگرتن بەخۆپیشاندان لەو ڕۆژەداو لەچەند هەفتەی ڕابردوو بەسەدان كەس دەستگیرو تەنانەت چەندین كەس تووشی سزای لەسێدارەدان بوونەتەوە، حسێنی هەمەدانی فەرماندەی سوپای پاسداران لەتاران ناسراو بەسوپای محەمەد ڕەسوڵڵا لە لێدوانێكدا بۆ ماڵپەڕی فارس ڕایگەیاند "٧٠ لەسەدی ئاژاوەگێڕەكان دەستگیركراون، چیتر ئاسەوارێكی جیدی لەخۆپیشاندەرانی تێكدەر نەماوە، هەمەدانی لەدرێژەی قسەكانیدا نیگەرانیەكانی ناشارێتەوەو دەڵێت بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادەن ناڕازییەكان ئەو ڕۆژە تێكبدەن.

هەڕەشەی بەرپرسانی حكومەتی ئێران بەردەوامەو ناڕازییان لەئاكامەكانی بەشداریكردن لەخۆپیشاندانەكەدا دەترسێنن.

هیدایەتی قادری دەڵێت "بارودۆخی سیاسیی ئێران پێی ناوەتە قۆناغێكی هەستیارو بەشداریكردنی بەربڵاوی جەماوەر لەناڕەزایەتییەكانی ٢٢ی ڕێبەندان، دەسەڵات تووشی قەیرانی جیدیتر دەكات‌و دەسكەوتی زۆر بەنرخ بەپرۆسەی ڕوو لەخێرای دیموكراسیخوازی ئێران دەبەخشێت، نیگەرانییەكانی دەسەڵات لەم ڕۆژە، بۆ تێگەیشتن لەو دەسكەوتانە دەگەڕێتەوەو بێگومان خۆپیشاندانی بەهێز لەو ڕۆژە دەتوانێ بەشێوەیەكی كاریگەر هاوسەنگی هێز بگۆڕێت."



# بە نیلیسایان دەوت خوشکە مریشك

○ دەستوور لە لەندەن

کچە گۆرانیبێژی لاو (نیلیسا) کە ئێستا لەوڵاتی بەریتانیا دەژی، سەرقاڵی ئەلبومێکی نوێیە، ئەوەش بۆ دەستوور دەگێڕێتەوە کە بەمنداڵی بەخوشکە مریشک بانگیان دەکرد.

نیلیسا لە ساڵی ١٩٨٨، لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو هەر لەتەمەنی منداڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی چووەتە وڵاتی بەریتانیا.

ئەو لەساڵی رابردوو یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی (چیت پێبڵێم) بڵاوکردەوەو لەئێستاشدا سەرقاڵی کارەکانی ئەلبومەکەیەتی.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور نیلیسا وتی "لەتەمەنی منداڵیدا زۆر هێمن و لەسەرخۆبووم، هەربەوهۆیەشەوە ناویان ناوم (خوشکە مریشک)".

نیلیسا بەپێکەنینەوە وتی "هەربەهۆی ئەو بێدەنگیو هێمنییەوە کچێک لەکۆڵان زۆرباش لێیدام، بەڵام من هیچ کاتێک لەهاوڕێکانم نەداوە". لەبارەی ناوەکەیەوە نیلیسا وتی "ناوەکەم ناوێکی ئیسپانییەو کەسێکی بەڕێز ناوی ناوم، ژمارەی بەختیشم ژمارە چوارە".

نیلیسا زۆرحەزی لەدەنگی چۆپی فەتاحەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ئەو گۆرانی بۆ گەنجان دەڵێتو بۆ یەکەمجاریش لەئاهەنگی جەژنی نەورۆز لەوڵاتی بەریتانیا گۆرانییەکی گۆرانیبێژ چۆپی فەتاحی بەناوی کەرکوک وتۆتەوە.

# لەخورماڵ سیاسەتو هونەر لەیەکتر جیادەکرێتەوە

○ موعاز فەرحان لەخورماڵ

کۆمەڵێک گەنج لەشارۆچکەی خورماڵ بۆ زیندووهێشتنەوەو دوورخستنەوەی هونەری ناوچەکەیان لەسیاسەت تیپێکی نوێ دادەمەزرێنن.

(تیپی نواندنی خورماڵ) بۆ سینەماو شانۆ، لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی ئەو شارۆچکەیەوە دامەزرێنراوەو کار بۆ ئەوە دەکەن لەشارۆچکەکەیان هونەر لەسیاسەت جیابکەنەوە.

لایەق ئەنوەر لێپرسراوی تیپی نواندنی خورماڵ بەدەستووری وت "ئێمە بۆ برەودان بەلایەنی هونەری لەناوچەکەدا دروستبووین پێشتر لەبۆنەو فێستیڤاڵەکاندا چالاکی هونەریمان هەبووە، بەڵام سەربەخۆ نەبووین لەگەڵ گروپێکی هونەریدا کارمان دەکرد کە سەر بەحیزب بووە".

وتیشی "لەبەرئەوە لەگروپی پێشەنگ هاتینە دەرەوە، چونکە سیاسەتو هونەرپێکەوە ناگونجێنو دەمانەوێت هونەری ناوچەکە لەپاشکۆیەتی رزگار بکەین".

# حەسەن شەریف: زیاتر لە پەنجا گۆرانی بڵاونەکراوەم هەیە

○ گفتوگۆی سیزار سەلیم لەهەولێر

**هونەرمەندی گۆرانیبێژ، حەسەن شەریف، پێیوایە ئەو هونەرمەندانەی سۆرانینو کار لەسەر گۆرانی بادینی دەکەنو ئەوانەشی بادینینو کار لەسەر گۆرانی سۆرانی دەکەن تەنها وەکو عادەتێک ئەو کارە دەکەن.**

**هەروەها وتی"زیاتر لە (٥٠٠) هۆنراوەم بۆهاتووە کەوا کاری لەسەربکەم، بەڵام زۆربەیان سەبارەت بەکەسێکنو منیش حەزم بەشتی شەخسی نییە".**

..............................

**دەستوور:** پێشمەرگایەتی چ کاریگەرییەکی بەسەر هونەرەکەتەوە هەبوو؟

**حەسەن شەریف:** زۆر کاریگەری هەبوو، چونکە من بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە هەستو سۆزێکی زیاترم بۆ نیشتمانەکەم دەجوڵاو پێشمەرگەش پێویستییان بەوە هەبوو کەوا کەسێک گۆرانیان بۆ بڵێتو هانیان بدات.

**دەستوور:** کەواتە ئەوە بوو وایکرد کەوا تۆ بەهونەرمەندی پێشمەرگە بناسرێیت؟

**حەسەن شەریف:** بەڵێ، شانازیش بەوەوە دەکەم.

**دەستوور:** لەکۆتایی هەشتاکاندا بەرهەمێکت بەناوی (هێروشیما خوشکا هەڵەبجەیە) تۆمارکرد، ئەمە سەخت نەبوو تاوەکو ئەو بەرهەمە تۆمار بکەی؟

**حەسەن شەریف:** زۆریش سەخت بوو چونکە ئەوکات من لەکەمپی پەنابەرانی دیاربەکر بووم، سەربازی تورکیش زۆربوون لەوێ تاوەکو بەرهەمەکەم تۆمارکرد چەندینجار داوامان لەسەربازانی تورک کردووە تاوەکو پاتریمان بدەنێ بتوانین بەرهەمەکە تۆمار بکەین.

**دەستوور:** دوایئەوەی کەوا لەکەمپی پەنابەرانی دیاربەکر بووی بەماوەیەکی کەم رووتانکردە دەرەوەو ئەوەبوو لەوڵاتی سوید نیشتەجێبوون، ئەو چوونەت بۆچی بوو؟

**حەسەن شەریف:** زۆر هۆکار هەبوون کەوا وایانکرد من بچمە دەرەوە، لەوانە باروودۆخی ئەوکاتی وڵات، من حەزمدەکرد هەموو پارچەکانی کوردستان ببینم حەزیشم لەوەبوو لەقاڵبی هونەرمەندی هەرێمی بێمە دەرەوەو ببمە هونەرمەندێکی کوردستانی.

**دەستوور:** بەچوونت بۆ دەرەوە توانیت ئەوەبکەی کە دەتویست؟

**حەسەن شەریف:** تاڕادەیەکی باش بەڵێ، چونکە ژینگەی ئەوێ دەتوانێت زۆر شتت بۆ دەستبەربکات.

**دەستوور:** جگەلەو هۆنراوە کلاسیکییانەی کەوا تۆ دەیانکەیتە گۆرانی، ئایا کەس هەبووە هۆنراوەت بداتێو داوا بکات بیکەیتە گۆرانی؟

**حەسەن شەریف:** زۆریش هەبوون، پێت سەیرنەبێت ئەگەر بڵێم زیاتر لە (٥٠٠) هۆنراوەم بۆ هاتووە کەوا کاری لەسەر بکەم، بەڵام زۆربەیان سەبارەت بەکەسێکن واتا بەستراوەتەوە بەکەسێکەوە، منیش زۆر حەزدەکەم کار لەسەر مەسەلەی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیریو رەخنەیی بکەم، نەک شتی شەخسی.

**دەستوور:** کەواتە زۆر بەرهەمی بڵاونەکراوەت هەیە؟

**حەسەن شەریف:** بەڵێ زیاتر لە (٥٠) گۆرانی بڵاونەکراوەم هەیە.

**دەستوور:** ئەی ئەگەر باسلەوە بکەم تۆ بەرهەمت بەزاراوەی سۆرانی نییە هۆکار چییە؟

**حەسەن شەریف:** لەئاهەنگی تایبەتیو گشتییەکان گۆرانی سۆرانیم گووتوە، بەڵام وەکو بەرهەم کارم لەسەر نەکردووە، ئەوانەی کەوا سۆرانینو کار لەسەر گۆرانی بادینی دەکەنو ئەوانەی بادینینو کار لەسەر گۆرانی سۆرانی دەکەن لەگەڵ رێزم بۆیان بەڵام ئەوە بووەتە عادەتێکو هونەرمەندان خۆیان پێوە بەستووەتەوە.

**دەستوور:** دواین بەرهەمی بەڕێزت هەندێک لەهۆنراوەکان هی خۆتن، دیارە لەم بوارەشدا دەستان هەیە؟

**حەسەن شەریف:** زۆرباش نیم، بەڵام ئەوەی نووسیمە هەستی خۆم بووە کەوا ویستوومە کاری لەسەر بکەم، هیوادارم رۆژێک بتوانم بەباشی لەو بوارەدا شت بنووسم.

> بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە هەستو سۆزێکی زیاترم بۆ نیشتمانەکەم دەجوڵا، ئەوەش کاریگەریی لەسەر هونەرەکەم هەبوو



# عەتا قەرەداغی لەسوید جوانی ئەفسوناوی کلیپکرد

○ دەستوور لەسلێمانی

هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەتا قەرەداغی لەوڵاتی سوید گۆرانی جوانی ئەفسوناوی کلیپکرد کە ئاوازی خۆیو تێکستی عەبدوڵڵا پەشێوە.

لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەلبومی (جوانە لەتۆ) لەساڵی ٢٠٠٨دا، لەماوەی پێشوودا عەتا قەرەداغی کلیپی بۆ یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەلبومەکەی ئەنجامدا لەوڵاتی سوید، ئەویش گۆرانی (جوانی ئەفسوناوی)ە.

قەرەداغی بەدەستووری وت "ئەم گۆرانییەم لەسەر ئەرکی خۆم بەرهەمهێناوەو لەستۆدیۆی پاپ لەشاری تاران تۆمارمکردووە".



# عەبدوڵڵا خەیات بێبەختە

○ دەستوور لەسلێمانی

هونەرمەندی شانۆکار عەبدوڵڵا خەیات پێیوایە ئەو لەژیانی خۆیدا زۆر بێبەختەو دەڵێت "هەر لەبەرئەوەشە باوەڕم بەژمارەی بەختیش نییە".

لەبارەی دەستکردنی بەکاری هونەری، عەبدوڵڵا خەیات ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە سەردەمی منداڵی کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی هونەریو بەدەستووری وت "لەتەمەنی منداڵیمدا هەمیشە چاومدەبڕییە شاشە رەشو سپییەکەی tv کە تەمسیلە کوردییەکانی نمایشدەکرد". ئەو هونەرمەندە، وتی" بەشانۆ دەستمکردووە بەکاری هونەریو دواتر روومکردووەتە دراما، هەمیشە شانۆ لەڕۆحمدا دەژیو شانازی پێوەدەکەم، لەهەمانکاتدا مافی خۆشمە هەنگاو بەرەو دراما بنێم".

لەبارەی کەسێتی خۆیەوە، عەبدوڵڵا خەیات باسیلەوەکرد کە لەماڵەوە کەسێکی زۆرتوڕەیەو باوەڕیشی بەژمارەی بەخت نییەو کەسێکی زۆر بێبەختە.



www.arsivakurd.org

# ٢٥ ساڵە مردووەو ئێستا بووەتە حاجی

سیزار سەلیم لەهەولێر

دایکی هونەرمەندی کۆچکردو ئەردەوان زاخۆیی، کەسێک لەبری کوڕەکەی دەنێرێت بۆ حەجو ئێستا دوای ٢٥ ساڵ بەسەر بێسەروشوێنبوونیدا، ئەردەوان بووە بەحاجی.

ئەردەوان زاخۆیی کە یەکێک بوو لەهونەرمەندە دیارەکانی کوردستان، دوای ئەوەی لە١٩٨٦/١/٢٩وە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بێسەروشوێنکرا، ئەمساڵ بەهەوڵی دایکی بووە بەحاجی.

یەکێک لەکەسە نزیکەکانی ئەو هونەرمەندە نەمرە باسی لەوە کرد کە هونەرمەندی ناوبراو زۆر حەزی کردووە، ڕۆژێک بچێتە حەجو ببێتە حاجی، بەڵام ڕژێمی بەعس ئەو هیوایەی پێنەداوە، بۆیە دایکی هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی ساڵی ڕابردوو حەجێکی بۆ کوڕەکەی کرد.

هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان کە یەکێک بوو لەکەسە نزیکەکانی ئەو هونەرمەندە، بەدەستووری وت "ساڵێک پێش ئێستا دایکی ئەردەوان یەکێک لەحاجیانی نزیکی خۆی بەناوی حاجی محەمەد ئەحمەد ڕادەسپێرێت بۆئەوەی لەجیاتی ئەردەوان بچێتە حەجو ئەو کەسەش دەچێتە حەجو دایکی ئەردەوان بەهەزار دۆلار حەجەکە لەو کەسە دەکڕێتەوە".

عەبدولعەزیز ئەوەشی وت "ئەو حەجە لەلایەن شێخ ئیبراهیم حوسێنەوە بەشێوەیەکی شەرعی بۆ ئەردەوان کردراوەتەوە".

# تیرێژ لۆریجانی تەواوکرد

سیزار سەلیم لەهەولێر

هونەرمەند تیرێژ ئۆرمیە، بەرهەمە نوێیەکەی تەواوکرد کە بەناوی لوریجانەوەیە. ئەو بەرهەمە لە (١٢)تراک پێکدێت کە (١٠) تراکیان کرمانجینو (٢) تراکیان سۆرانییە، کاری موزیکی لەتورکیاو ئەڵمانیا ئەنجامداوەو خۆی بەرهەمهێنەری بەرهەمەکەیەتی.

هونەرمەند تیرێژبەدەستووری وت "دەبوایە لەسەری ساڵدا بڵاوبکرایەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دووبارە کاری میکسی بۆ کرایەوە بۆیە دواکەوتو ئێستا کاری بەرهەمەکە ئامادەیەو بڕیاریشە لەهەفتەی داهاتوو هونەرمەند تیرێژ لەشاری هەولێر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی فراوان ببەستێتو قسەی لەسەر بکات".

تیرێژ لە (لۆریجان)دا کاری لەسەر حەسەن کێفو دیاربەکرو ئۆرمیە کردووە، بڕیاریشە ئەو بەرهەمە لەم مانگەدا بڵاوبکرێتەوە.

# زاگرۆس: یەکەم بێژەری کوردم

ئاکۆ محەمەد



زاگرۆس جەبار یەکێکە لەو کچە کوردانەی لەبوارەکانی شانۆو ڕاگەیاندو ئارایشدا کاردەکاتو نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایە، دەیەوێت بەشێوەیەکی پڕۆفیشناڵانە کارەکانی ئەنجامبداتو وتی "شانازییە بۆ من کە یەکەمین کچە بێژەری کوردم لەئینتەرنێتدا".

سەبارەت بەکارکردنی لەبواری ڕاگەیاندندا، زاگرۆس وتی "لەساڵی٢٠٠٧ەوە لەڕاگەیاندندا کاردەکەم هۆکارەکەش خولیایی کارکردنە لەم بوارەداو لەهەوڵی ئەوەدام بەپڕۆفیشناڵی ببمە بێژەرو خاوەنی تایتڵی یەکەمین بێژەری کوردم لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت".

لەبارەی ئەوەی جوانی ڕۆڵی هەیە لەڕاگەیاندندا زاگرۆس وتی "بێگومان ڕوخساری جوانو سەرنجڕاکێش زۆر گرنگەو لەوەش گرنگتر شارەزاییە لەبوارەکەی خۆیدا".

ئەو بێژەرە وتی "سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کە لاساییم دەکاتەوە، بەلامەوە ئاساییە، چونکە نە زاگرۆس دەبێتە کەسێکیتر نەکەسێکی تر دەبێت بە زاگرۆس".

زاگرۆس کە ماوەیەک ئەکتەری شانۆ بووە لەهۆڵەندا بەدەستووری وت "هۆکاری کاریگەری گروپی شانۆی بێسنوور کە لەهۆڵەندا بوو، وایلێکردم کەخۆم لەوبوارەدا تاقیبکەمەوە لەگەڵئەوەی لەسەر شانۆ شتم پێشکەشکردووە، بەڵام ئەو ڕۆژەی تاقیکردنەوەکەم لەبواری شانۆدا ئەنجامدا سەرکەوتنم بەدەستهێناو چومە ناو ئەو دنیایەوە".

ئەو دەیەوێت لەهەردوو بواری شانۆو ڕاگەیاندندا کار بکاتو بەردەوامیش بێت.

# چۆمان ڕەشید: لە"پایتەختی دڵ" مەقام دەڵێم

موحسین یاسین
لەسلێمانی



**هونەرمەند چۆمان ڕەشید نیگەرانی ئەوەیە کە چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەکوردستان بایەخ بەهونەرو فەرهەنگی میللەتانی دراوسێ دەدەنو ئەوەندە گرنگی نادەن بەزیندووکردنەوەی کلتورو ڕەسەنایەتی کوردیو وتی "پێموانییە هیچ میللەتێک بەقەد میللەتی کورد باکگراوندێکی کلتوری مۆزیکی جوانی هەبێ، بەڵام پشتگوێخراوە". چۆمان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا داوای لێبوردن لەگوێگرانی دەکات لەدواکەوتنی ئەلبومەکەیی و وتی "بەڵام لەبەهاری ئەمساڵدا، ئەلبومەکەم تەواو دەبێت".**

.................................

**دەستوور:** گەڕانەوەی ئەمجارەتان بۆ کوردستان بۆ چ مەبەستێکە؟

**چۆمان:** ئەوەی ڕاستیبێت گەڕانەوەم بۆ هەندێک کاری هونەری خۆمە کە بەنیازم لێرە ئەنجامی بدەم، دوور لەکاری هونەریش کارێکی تایبەتی ژیانی خۆم هەیە، ئیشەڵڵا دەتوانم بەجێیبگەیەنم.

**دەستوور:** ئەی چۆن بوو لەمۆزیکەوە ڕووتکردە گۆرانی؟

**چۆمان:** هەڵبەتە زۆردەمێکە ماڵی ئێمە لانکەی هونەرمەندان بووەو ئەوەش بەهۆی برا گەورەکەم کاک محەمەدەوە بووە کە یەکێکە لەئەندامە دێرینەکانی تیپی مۆزیکی سلێمانی، هەر لەوکاتەوە من خولیای گۆرانی وتن بوومو بۆ خۆشم گۆرانیم دەوت لەناو برادەرە گۆرانی بێژو مۆزیسیانەکاندا، هەربۆیە هاندەری سەرەکیم ئەوان بوون، کە داوایان لێکردم گۆرانی بڵێم تەنانەت پێش ئەو ئەلبومەم کە لەساڵی ٢٠٠٣بڵاومکردەوە، چەند کاسێتێکی تۆمارکراوی خۆمم هەیە، بەڵام بڵاومنەکردووەتەوە.

**دەستوور:** ئەو بێسەروبەرییەی کە لەکوردستانو تەنانەت لەنێو کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵیەکاندا بەدی دەکرێت لەپەخشکردنی گۆرانیو مۆزیکی کوردی نازانستی بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**چۆمان:** زۆرخۆشحاڵدەبم کاتێک کە باس لەبارودۆخی هونەری مۆزیکی کوردی دەکەین، باسمان لەمەسەلەی سیاسەتو حیزبایەتی نەکردایە، ئەوە شتێکی زۆر خۆش دەبوو، دەبووە مایەی خۆشحاڵی بۆ ئێمە، بەڵام داخی گرانم لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لەمیدیاکانی ئێمە میدیای سەربەخۆنین، واتا کەناڵێکی ئەهلی نین دووربن لەدەستێوەردانی حیزبەوەو ئەمڕۆ بارودۆخی هونەریش وەکو هەموو بارودۆخەکانی تری ژیانی ڕۆژانەی کوردستان دەستێوەردانی حیزبی لەهەموو جێگایەکدا هەیە، بەتایبەتی لەکەناڵەکاندا، بۆیە من ئەوبێسەروبەرییە بۆئەوە دەگێڕمەوە کە کەسانی ناشیاو دادەنرێت لەو شوێنانەدا، لەجیاتی کەسی شیاو، لەدوای ئەوەش بەڕاستی ئەمڕۆ کەناڵەکان هێندەی گرنگی بەزیندووکردنەوەی هونەرو فەرهەنگی میللەتانی دراوسێ دەدەن ئەوەندە گرنگی نادەن بەزیندووکردنەوەی کلتورو ڕەسەنایەتی خۆمان، لەهەمانکاتدا پێموانییە هیچ میللەتێک بەقەد میللەتی کورد باکگراوندێکی کلتوری مۆزیکی جوانی هەبێ، پانتاییەکی زۆربەرفراوانمان هەیە.

**دەستوور:** ئەو پەیوەندییە ڕۆحییە چییە کە لەنێوان تۆو هونەرمەندی گۆرانیبێژ خالید ڕەشیدا هەیە، لەکاتێکدا ناوبراو زۆربەدەگمەن تێکەڵ بەهونەرمەندان دەبێت؟

**چۆمان:** ئێمە ئێستا هەردووکمان لەوڵاتی سوید دەژین، هونەرمەند خالید ڕەشید بەدەرلەوەی کەهاوڕێی منالی برا گەورەکەم بووە کە ئەندامی تیپی مۆزیکی سلێمانی بوو، پێش ئەوەی بچمە وڵاتی سویدیش لێرە یەکتریمان دەناسی من دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەشتێک بدەم لەناو هونەرمەندەکان واباوەو باسیدەکەن کە کاک خالید کەسێکی تۆزێک توندڕەوەو گۆشەگیرە، بەڵام ئەوەی لێینزیک بێتەوە دەزانێت کەوا نییە، کاک خالید بریتییە لەیەک پارچە هاوڕێیو ڕاستگۆیی، زۆربەی کارەکانیشی مۆرکی ڕەسەنایەتی کوردی پێوەیە.

**دەستوور:** ئەلبومەکەت گەیشتووەتە کوێ؟

**چۆمان:** داوای لێبوردن لەگوێگرەکانم دەکەم کە من نەمتوانیوە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە کاری نوێ بەئەنجام بگەیەنم، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە ئەلبومی دووەمم لەقۆناغی کۆتاییدایە کاری مۆزیکو هەموو شتێکی تەواوبووە، بەڵام تەنها ئەوەندەماوە دەنگی بخەمە سەرو کاری ماسترەینگی بۆ ئەنجامبدەمو بڵاوبکرێتەوە، لەبەهاردا پێشکەشی هەموو گەلی کوردی دەکەم، کە حەوت گۆرانیو مەقامێکی لەخۆگرتووە، ناوی "پایتەختی دڵە".

**دەستوور:** سەیری tv دەکەیت؟

**چۆمان:** زۆربەکەمی، تەنها بۆ هەواڵ.

**دەستوور:** بەچی بێزاردەبیت؟

**چۆمان:** هەر ناحەقیو نایەکسانییەک ببینم زیاد لەئەندازە پێی بێزاردەبم، هەر ناڕاستگۆییەک دەبینم من زۆر بێزاردەبم، مەرجیش نییە بەرامبەر بەخۆشم بکرێت.



گۆرانیبێژی لاو چۆمان ڕەشید، ساڵی ١٩٧٠ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی پۆلی سێی ناوەندییە.

لەساڵی ١٩٧٨ بووە بەئەندام لەتیپی مۆزیکی منداڵانی پیرەمێردو مۆزیکژەنو ژەنیاری ئامێری ئۆکۆردیۆن بووە.

www.arsivakurd.org

# بالاپۆشی لەزانکۆکاندا

## بالاپۆشکردنی کچان لەزانکۆو پەیمانگاکاندا سیاسەتی حیزبە ئیسلامییەکانی لەپشتەوەیە؟



بالاپۆشی سەرەتایەکە بۆ ئەندامبوون لەرێکخراوە ئیسلامییەکان

محەمەد حەمەنەجیب لەسلێمانی

حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، لەرێگەی رێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکانیانەوە، لەهەوڵی بەبالاپۆشکردنی کچانن لەناو زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستاندا، بەڵام ئەو رێکخراوانە ئەوە رەتدەکەنەوە.

هەریەکە لەرێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان کەسەر بەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەو رێکخراوی قوتابیانی کوردستان کەسەر بەکۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە، ساڵانە ئاهەنگی تایبەت بۆ ئەو کچانە سازدەکەن کە بوون بەبالاپۆش.

بەپێی ئەو ئامارەی بەدەستوور گەیشتووە، لەسنووری هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٩دا (٢٥٠٤) کچ بالاپۆش بوون.

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی گەشەپێدانی کوردستان لەسنووری هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لەساڵی٢٠٠٩دا (١٥٠٠) کەس بالاپۆش بوون، هەروەها بەپێی ئامارێکی رێکخراوی قوتابیانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩دا (١٠٠٤) کەس بالاپۆش بوون، ئەم رێژانە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەو دوو رێکخراوەدا ناویان تۆمارکردووە.

عەبدولسەلام نەجاد بەرپرسی راگەیاندنی رێکخراوی گەشەپێدانی کوردستان بەدەستووری وت "هیچ گروپێکی ئیسلامی ناتوانێت خۆی بکات بەخاوەنی ئەو کەسانەی بالاپۆش دەبن".

هەروەها وتی "چونکە ئایینی ئیسلام گروپێکی دیاریکراو بەتەنها خاوەنی نییە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگای ئیسلامی خاوەنییەتی".

بەرپرسی راگەیاندنی رێکخراوی گەشەپێدان، وتی "لەبەرئەوەی زانکۆ ناوەندێکی زانستییە، خاوەن زانست روو دەکاتە ئەوێ، بۆیە دەبینین رێژەی بالاپۆشیو پابەندبوون لەوێوە دەستپێدەکاتەوە".

هەردوو رێکخراوی گەشەپێدانو قوتابیانی کوردستان ساڵانە بەبۆنەی بالاپۆش بوونی کچانی زانکۆو پەیمانگاوە رێوڕەسمی تایبەت سازدەکەن بەناوی (ئاهەنگی تاجی زێڕین بۆ بالاپۆشان)، وەک رێزلێنانێکو دەربڕینی خۆشەویستی بۆیان، رێکخراوە عەلمانییەکانیش پێیانوایە ئەوە سەرەتایەکە بۆ راکێشانی ئەندامی زیاتر بۆ رێکخراوو حیزبەکانیان.

رۆژان رەئوف خوێندکار لەبەشی پزیشکی ڤێتەرنەری زانکۆی سلێمانی ماوەی ساڵێکو دوومانگە بالاپۆش بووە، وتی "هەست بەئارامیو دڵخۆشی دەکەم لەبەرئەوەی قەناعەتم پێی هەیە، حەزم دەکرد پێشتریش بمکردایە، قەت بیرم لەوە نەکردەوەتەوە لایبەم".

ئەو خوێندکارە پێیوایە ئەو کچەی کەتازە دەبێتە بالاپۆش رووبەڕووی کۆمەڵێک قسە دەبێتەوە، رۆژان وتی "سازدانی ئەو ئاهەنگانە بۆ هیچ مەبەستێکی حیزبی نییە، داواشیان لێنەکردووین بۆئەوەی ببین بەئەندام لەرێکخراوەکانیان".

تاژان ئەحمەد عەبدوڵڵا خوێندکار لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی ماوەی ساڵو نیوێکە بووە بەبالاپۆش بەدەستووری وت "لەسەر رووتی هیچ قازانجێکم نەکرد، بۆیە بڕیارمدا بالاپۆشبم، دونیاش شتێکی کاتییەو دەڕوات".

رێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکانی سەر بەهەردوو حیزبی یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی، دوای پالاپۆشکردنی ئەو کچانەی کە قەناعەتیان پێدەکەن، ناوەکانیان لای خۆیان تۆماردەکەنو وەکو کۆکردنەوەی ئامارێک لای خۆیان دەیپارێزن. شەوبۆ عوسمان ئەندامی سکرتاریەتی رێکخراوی قوتابیانی کوردستان بۆ دەستوور، وتی "ئامانجی ئێمە تەنها بۆ ئەو کەسانە دەربڕینی خۆشەویستییە بۆیانو پاشان کۆکرنەوەی ناوەکانیانو کردنیانە بەداتا، نەک بەومەبەستەی کەبیانکەینە ئەندام لەرێکخراوەکەمان".

شەوبۆ ئاماژەی بەوەشدا کەدوای بالاپۆشی چەند کەسانێک هەن کە بەهۆی کاریگەری دەوروبەرەوە دەگەڕێنەوە سەر سەفوری، "ئەوەش لای ئێمە زۆر ئاساییە".

رێکخراوەکانی تایبەت بەقوتابیانو خوێندکارانو ژنانی سەر بەحیزبە عەلمانییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کەئەو شێوازە لەرێوڕەسمە تایبەتەی رێکخراوە ئیسلامییەکان سیاسەتی حیزبە ئیسلامییەکانی لەپشتەوەیە.

سەردارحەمەئەمینسەرپەرشتیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بەدەستووری راگەیاند "ئەم ئاهەنگانە هەرچەندە لەدەرەوەی زانکۆ دەکرێن، بەڵام ئەمە مەبەستێکی سیاسی یان بیروباوەڕێکی ئایینی لەپشتەوەیە ئەگەرنا پێویست بەوە ناکات ئەوان ئەوە بکەن بەموڵکی خۆیانو وەک هەڵێک بیقۆزنەوە کەوا ئەو کارە لەسەر دەستی ئەوان کراوە".

سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەڵێت کەخوێندکار ئازادە لەوەی بالاپۆش دەبێت یان نا، لەبەرئەوە موڵکی هیچ کەسێک نییەو کەس ناتوانێت ببێت بەخاوەنی.

سەردار وتی "شەرت نییە ئەوەی کە بالاپۆش دەبێت ببێتە ئەندامو لایەنگری ئەوان".

هەرمان محەمەد سەلیم سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کەهەموو رێکخراوێک سەر بەحیزبێکی سیاسییە، بۆیە هەر چالاکییەک بکەن لەچوارچێوەی فەلسەفەو بەرنامەی ئەو حیزبە دەبێتو وتی "لەبەرئەوە مەبەستێکی سیاسی دەچێتە پاڵ ئەو چالاکییەوە، چونکە ئەو دوو رێکخراوە سەر بەحیزبی ئیسلامی سیاسین".

هەرمان ئاماژەی بەوەشدا ئێمە میللەتێکی موسڵمانینو هەرێمێکی دیموکراتمان هەیە، هەریەک لەو رێکخراوانە ئازادن چالاکی خۆیان دەکەن، هەرمان وتی "بالاپۆشی تایبەتە بەخودی کەسەکە خۆیەوە".

تابان شێخ عەبدوڵڵا ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدانییە کە لەزانکۆکاندا ئەو شتانە بکرێت، ئەو وتی "دەبێت رێکخراوەکان ئەو کەسانە سەرقاڵبکەن بەشتی زانستییەوە، نەک بەسەرپۆشەوە".

تابان وتی "ئەوە مەبەستێکی تایبەتی لەپشتەوەیە، لەبەرئەوەی زانکۆ شوێنێکە بۆئەوەی زانستی تیا بخوێنرێت، نەک خەڵکی تیا ئستیغلال بکەیتو بالاپۆشیان بکەیت".

ئەو ئەندامەی سکرتاریەتی یەکێتی ژنان ئاماژەی بەوەدا "ئەو لەچک بۆ کڕینە سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو ئەو رێکخراوانەوە، ئەوە دەستێکی ناڕاستەوخۆی حیزبو رێکخراوەکانە بۆ ناو زانکۆ دواتر بۆ ناو قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان".

> زانکۆ شوێنێکە بۆئەوەی زانستی تیا بخوێنرێت، نەك خەڵکی تیا ئستیغلال بکەیتو بالاپۆشیان بکەیت

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

## پەروەردە لەجیهانبینی بەرهەمو نێچیرڤاندا

لەگەڵ ئەوەشدا کەپێشینەی هەردوو بەرێز بەرهەم ساڵحو نێچیرڤان بارزانی زۆر جیاوازە، بەڵام هەردووکیان ئەوەیان پیشانداوە کە بەبەراورد لەگەڵ هەموو ئەوانەی تاوەکو ئێستا پۆستی سەرەک وەزیرانیان وەرگرتووە، چالاکترو ئیشکەرترن. لەگەڵ ئەوەشدا نێچیرڤان بارزانی وەکو دکتۆر بەرهەم ساڵح پێشینەیەکی ئەکادیمی نییەو خوێندنی باڵای لەرۆژئاوادا تەواو نەکردووە، بەڵام ئەمە نەبۆتە رێگر لەبواری ئیداریدا بۆ ئەوەی کارەکانی لەکاندیدەکانی دیکە باشتر بەڕێوەببات.

هەفتەی رابردوو کەمێک لەسەر پێگەی پەروەردە لەلای هەردوو بەرێز تاڵەبانیو بارزانی راوەستام کەچۆن بوونەتە رێگر لەبەردەم گەشەسەندنی بواری پەروەردەدا، ئەم هەفتەیەش کەمێک لەسەر پێگەی پەروەردە لەلای بەرێز نێچیرڤان بارزانیو د.بەرهەم رادەوەستم.

بەرهەم ساڵح لەساڵی ٢٠٠١ کابینەیەکی لەسلێمانی پێکهێناو ئەوەی من بیرم بێت خاتوو شەونم عبدالقادر وەزیری پەروەردە بوو، ئەم خانمە هیچ کارێکی باشی بۆ بواری پەروەردە نەکردووە کەشایەنی ئەوەبێت بەپێشکەوتن لەقەڵەمی بدەیت، لەراستیشدا گرنگ نییە وەزیری پەروەردە کێ بووە یا نا، چونکە لەوە گرنگتر نە وەزیری پەروەردەو نە بەرهەم ساڵح کاریگەرییان بەسەر پەروەردەوە نەبووە.

بەرهەم ساڵح راستە پێشینەیەکی ئەکادیمی هەیەو شارەزاییەکی زۆر باشی لەزۆر بواردا هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەوە بڵێین کە لەبواری پەروەردە خاوەنی جیهانبینی خۆیەتی دەبێ بەدیکۆمێنێتو بەکارەوە بیسەلمێنین.

من هیچ وتارێکی ئەو سەردەمەی ئەوم لەلا نییە، بەڵام لەیادەوەری خۆشمدا هیچ شتێکی زۆر گرنگم لەلا نەماوە کەنیشانەی جیهانبینیەکی تایبەتی ئەو بێت لەپەروەردەدا، کارەکەش زۆر ئاسانە ئەگەر ئەو خاوەنی ئەو جیهانبینیە هاوچەرخە بوایە، ئەوا بەشێوەیەکی پراکتیکی ئێمە کاریگەرییەکانمان لەپەروەردەدا دەبینییەوە.

بەپێچەوانەوە پەروەردە لەکابینەکەی ئەودا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کابینەکانی دیکەدا نەبوو، بەهیچ شێوەیەک جێگایەکی تایبەتی لەلای ئەو نەبوو، بێگومان هەموومان بیرمانە کاک بەرهەم دەیگوت پەروەردە گرنگەو دەبێ بایەخی پێبدەینو دوارۆژی نەوەکانمانی لەسەر وەستاوەو ... هتد، لەم قسانەی بەرێزیان دەچێتە خانەی ئەو قسانەی سیاسییەکان رۆژانە بەراستو چەپدا بۆ راگەیاندنەکانی دەڵێن.

بەرێز نێچیرڤانیش زیاتر لەکابینەیەکدا کاری کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا لەبواری دیکەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لەپەروەردەدا خاوەنی هیچ سەروەرییەک نەبووە تا ٢٠٠٧.

من هیچ وتارێکی ئەویشم لەیادەوەریدا نییە کەبتوانێت جیهانبینی ئەو لەپەروەردەدا شیبکاتەوە، هەموو قسەکانی ئەویش لەم بوارەدا لەسنوری لێداونی رۆژنامەوانی دەرنەچوون، لەگەڵ ئەودا ماوەیەکی زۆر عبدالعزیز تەیب وەزیری پەروەردە بووە بەهەمان شێوەی ئیدارەی سلێمانیش هیچ شتێک نەکراوە کەلەروانگەی پەروەردەی هاوچەرخەوە بەپێشکەوتن لەقەڵەمبدرێت.

نێچیرڤانو د.بەرهەمو هەموو سیاسییەکانی دیکەش تەنها یا شانازییان کردووە یا بەهانەیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە کەبۆ پەروەردە پێشکەوتوو نییە. بەشێوەیەکی گشتیش لەناو هەموو بەرپرسە باڵاکانی یەکێتیو پارتیشدا کەکاربەدەست بوون یەکێک بەدی ناکەیت کەخاوەنی جیهانبینیەکی تایبەت بووبێت لەپەروەردەدا، سیاسەتی حیزبیش وایکردووە کەلەدوای راپەڕینەوە تاوەکو ئەم ساتە ئەو دوو حیزبە نەیانتوانیوە بۆ تاقە یەک جارێکیش پیاوێکی پسپۆڕ بۆ پۆستی وەزیری پەروەردە دابنێن.

یەک تاقە وتاری نێچیرڤان بارزانی کە لەکۆنگرەی پەروەردەیی ٢٠٠٧دا پێشکەش کرا، شتێکی زۆر جودا بوو، من یەکەمین جارە سیاسییەکی کورد ببینم وتارێکی جوانی لەو بابەتە لەسەر پەروەردە پێشکەشبکات، دوای ئەوە لەوەزارەتەکەی دڵشاد عەبدولڕەحماندا گۆڕانکارییەکی گەورە هاتەئاراوە کەدەمێک بوو من لەسەری نووسیبووم کەئێمە دەتوانین پیادەی بکەین، بەڵام من پێموایە بەهۆی نەبوونی ئەو جیهانبینییە پەروەردەییەوە لەلای سەرەک وەزیرو خودی وەزیرەکانی پەروەردە نەمانتوانیوە بیکەین، من لەگەڵ هەندێک وەزیری پەروەردەو جێگری سەرەک وەزیرانی وا دانیشتووم کەپێم خۆشبووە زیاتر باسی راوە کەوو مکیاج بکەین تا باسی پەروەردە، چونکە ئەوەی تیایدا شارەزا نەبوون پەروەردە بووە.

من ئەوەش دەزانم هەردوو بەرهەمو نێچیرڤان پشتیوانی لەو خەڵکانە دەکەن کەلەگەڵیاندا کاردەکەنو دەیانەوێت کارێکی باش پێشکەش بکەن، بەڵام گرفتی ئەوان ئەوەیە ئەوان نەیانتوانیوە بۆ هەموو بوارەکان کەسی پسپۆڕ هەڵبژێرن. بەشێک لەهۆکارەکان بۆ نەبوونی ئەو جیهانبینیە دەگەڕێتەوەو بەشەکەی دیکەش بۆ ململانێی حیزبی دەگەڕێتەوە کەکارێکی وای کردووە پێوەری یەکەم بۆ هەڵبژاردنی وەزیرەکان دڵسۆزی بۆ حیزب بێت نەک شارەزاییو لێوەشاوەیی.

ئەمڕۆ کابینەکەی بەرهەم ساڵح لەکاردایەو سەرۆکی کابینەش پیاوێکە توانیویەتی لەسەر ئاستی عێراقیش ئەوە بسەلمێنێت کەتوانای کارکردنی باشی هەیە، بەڵام ئایا چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین لەبواری پەروەردەدا بەئەندازەی کابینەی پێنجەم گۆڕانکاری لەپەروەردەدا بکات؟ رەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەوە.

> ئەمڕۆ کابینەکەی بەرهەم ساڵح لەکاردایەو سەرۆکی کابینەش پیاوێکە توانیویەتی لەسەر ئاستی عێراقیش ئەوە بسەلمێنێت کەتوانای کارکردنی باشی هەیە

faiekk@hotmail.com

# مەسیحییەکان دەڵێن لەهەولێر رووبەڕووی "ناوزڕاندن" بووینەتەوە

**عەلی بانیشاری لەهەولێر**

مەسیحییەکان دەڵێن بەهۆی گرنگیدانی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەساڵی زایینی لەمینبەری مزگەوتەکانەوە، لەلایەن مامۆستایانی ئایینییەوە رووبەڕووی "ناوزڕاندن" بوونەتەوە.

چەند هەفتەیەکی یەک لەدوای یەکە لەمزگەوتەکانی شاری هەولێر مامۆستایانی ئاینی بەنیگەرانیەوە باس لەرۆیشتنی ساڵی کۆچی دەکەن کە دەسەڵاتدارانی هەرێم گرنگییان پێنەدا، لەکاتێکدا کە ساڵی زایینی هات ئاهەنگێران دەستیپێکرد.

هەندێک لەمامۆستایانی ئاینی لەوتاری رۆژی هەینیدا هەموو وێنەیەکی بابە نوئێلیان بەحەرام لەقەڵەمداو دینی مەسیحیشیان بەدینێکی بێگانە بەنەتەوەی کوردو موسوڵمانان وەسفکرد.

مەسیحییەکان باس لەوە دەکەن چەندینجار لەلایەن مامۆستایانی ئاینی سوکایەتی بەمەسیح کراوە، دەسەڵاتیشیان لەوجۆرە هێرشکردنە ئاگادارکردووەتەوە، وەزارەتی ئەوقافیش رایدەگەیەنێت بۆ هیچ مامۆستایەکی ئاینی نییە هێرش بکاتە سەر ئاینەکانی ترو هێڵە سوورەکانی وەزارەتی ئەوقاف ببەزێنێت.

مامۆستا میران عبدولواحید وتاربێژی مزگەوتی حەیدەر ئاغای زەکیەخان لەهەولێر وێنەی بابە نوئیل بەحەرام وەسفدەکاتو دەڵێت "یادکردنەوەو جەژن گێڕان بۆ ئاینی مەسیح حەرامە".

وتاربێژی مزگەوتی حەیدەر ئاغای زەکیەخان وتی"ناکرێت موسوڵمانان یادی ساڵی زاینی بکەنەوەو کۆچی لەبیربکەن، چونکە ساڵی کۆچی پەیوەندی بەموسڵمانانەوە هەیە، وەک مامۆستایانی ئاینی لەوتارەکاندا هاووڵاتیانمان لەو حاڵەتە ئاگادارکردووتەوە".

هەروەها وتی"هیچ کات ناکرێت دابونەریتی مەسیحی بسەپێنرێت بەسەر موسڵماناندا بەوەی کەیادی مەسیح هی کورد بێت".

سەرچاوەیەک لەکەنیسەی مەسیحی عەینکاوە لەهەولێر بەدەستووری وت"ئەوە چەندین جارە مامۆستایانی ئاینی هێرش دەکەنە سەر مەسیح".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان راستەوخۆ وەڵامی مامۆستایانی ئاینیان نەداوەتەوە، بەڵکو بڕیاریانداوە خۆیان لەو قسانە بەدووربگرن کە بەرامبەر بەمەسیح دەکرێت، لەکاتێکدا ئەوان دەسەڵاتیان لەوە ئاگادارکردەوە کە هێرش کراوەتە سەر مەسیح، دەسەڵاتیش پێی راگەیاندون لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسو لایەنانەدا دەکرێت کە سوکایەتی بەئاینەکان دەکەن.

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی نەیشاردەوە چەندین مامۆستای ئاینی لەوتاری رۆژی هەینیدا لەسەری ساڵدا، گلەییان لەدەسەڵات کردووە بەوەی گرنگی بەساڵی زاینی داوەو ساڵی کۆچیشی پشتگوێخستووە.

مەریوان نەقشبەندی بەدەستووری وت"ئێمە هەواڵی هێرشکردنە سەر ئاینی مەسیحمان پێ نەگەیشتووە، هیچ مامۆستایەکی ئاینی ناتوانێت هێڵە سوورەکانی ئەوقاف ببەزێنێت".

لەبارەی سزادانی ئەو مامۆستا ئاینیانەی کە هێرشیان کردووەتە سەر مەسیح، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی وتی"ئێمە ناتوانین سزایان بدەین، بەپێی یاسا تەنها وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئیمامو خەتیبەکاندا بکات".

عەلی محەمەد لەکڵێسای مەسیحی کورد زمان لەهەولێر بەدەستووری وت"ئێمە وەک مەسیحییەکان رێز لەهەموو بیرو بۆچوونەکان دەگرین، هیچ کات مەسیح هێرشی نەکردووەتە سەر هیچ ئاینێک، بەڵکو خۆشەویستی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دژایەتی مەسیح دەکەن".

عەلی محەمەد وتی"عیسا فێری کردووین رێز لەهەموو کەس بگرین، عیسا دەڵێت ئەگەر لەڕوومەتی راستیان دایت، ئەوا روومەتی چەپیش شلبکە بۆیان".



گرنگیدان بەسەری ساڵی زایینی نیگەرانی لێکەوتەوە

# دوکەڵی زبڵو خاشاک ئاسمانی خانەقین رەش دەکات

## بەهەموو شاری خانەقین تەنها یەک ئۆتۆمبێلی خۆڵو خاشاک ڕشتنیان هەیە

**فەرمان و پێشەوا لەخانەقین**

بەهۆی زۆربوونی زبڵو خاشاکەوە دانیشتوانی خانەقین دەڵێن شارەکەمان بووە بە"زبڵخانە"و بەرپرسانی شاروانیش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی بودجەو کەمی کرێکارو ئۆتۆمبێلی پاککردنەوە دەگێڕنەوە.

بەرپرسانی شاروانی خانەقین ئاماژە بەوەدەکەن کە دانیشتوانی خانەقین لەدوای گەڕانەوەی کوردەکان بۆ شارەکە لەساڵی ٢٠٠٣دا لە٣٥ هەزار کەسەوە بووە بە١٦٠ هەزار کەس، لەکاتێکدا بەهەموو شاروانی خانەقین تەنها یەک ئۆتۆمبێلی پاککردنەوەیان هەیە.

دانیشتوانی خانەقین دەڵێن شارەکەیان بووە بە"زبڵخانە"و شاروانی بەکەمتەرخەم دەزانن لەکۆبوونەوەی پیسیو زبڵی شارەکەیان.

نیهاد کەریم هاووڵاتییەکی گەڕەکی پاشا کۆپری شاری خانەقین باسلەوە دەکات کە بەدەست زبڵو خاشاکەوە بێزاربوون.

ئەو وتی"ئەم شارەی ئێمە هەر لەزبڵخانە دەچێتو کاتێک دێیتە ناو بازاڕ یان دەروازەی شارەوە بۆنێکی زۆر ناخۆشی زبڵو خاشاک بێزارت دەکات، جگە لەچەند فلکەیەکی ناو بازاڕ نەبێت ئیتر هەموو شوێنێکی خانەقین زبڵ دایپۆشیوە".

نیهاد وتی "هەر دەڵێی حکومەتو شاروانی لەم شارەدا نییە".

کەرەم محەمەد هاووڵاتیەکی گەڕەکی دارە کونارەی خانەقینە ئاماژەی بەوەدا بەناچاری زبڵو خاشاکی رۆژانە رۆدەکەنە چەند شوێنێکی گەڕەکەکەیانەوە.

کەرەم وتی"دوای ماوەیەک کە زبڵەکە زۆر دەبێت لەبری ئەوەی شاروانی کۆیبکاتەوەو دووریبخاتەوە لەشارەکە دێن هەر لەجێگەی خۆیدا دەیسوتێنن".

هەر کاتێک ئەو زبڵە بسوتێنن بۆ ماوەی ٢ رۆژ گەڕەکەکان بۆنی بۆکروزی زبڵو خاشاک دەیگرێتو ئاسمانی شارەکەش رەش دەکات.

سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجومەنی شاروانی خانەقین بەدەستووری راگەیاند"لەماوەی ٣ساڵی دوای روخاندنی رژێم خانەقین ١٨ گەڕەکی زیادەی تێدا دروستبووە".

سەرۆکی ئەنجومەنی شاروانی خانەقین وتی"تەنها یەک ئۆتۆمبێلی زبڵو خاشاک کۆکەرەوەمان هەیەو پێشتر ١٦کرێکارمان لەبەردەستدابوو کە لەدیالەوە رۆژانە بەگرێبەست هەر کرێکارەی ٦٠٠٠شەش هەزار دیناریان پێدەدانو ئەوانیش بەهۆی کەمی پارەکەیانەوە وازیانهێنا لەشاروانی".

بەرپرسانی قەزای خانەقین پیسی شارەکەیان بۆ کەمتەرخەمی پارێزگای دیالە دەگەڕێننەوە.

سەمیر محەمەد وتی"ئیدارەی دیالە پێیان وتین تەنانەت بەعقوبە کە ناوەندی پارێزگایە هیچ پرۆژەیەکی پاکوخاوێنی تێدانیەو لەزبڵخانە دەچێت، ئیتر چۆن دەتوانین پرۆژەی پاکوخاوێنی یان بودجە بۆ ئەو پرۆژەیە بۆ خانەقین دابین بکەین؟".

بەرپرسانی خانەقین ماوەیەک پەنایان بردووە بۆ حکومەتی هەرێمو ئەوانیش ئێستا ٣٠ کرێکاریان بۆ دامەزراندون بەگرێبەستی مانگانە، بۆ هەر کرێکارێک ٢٥٠ هەزار دیناریان پێداون.

سەرۆکی ئەنجومەنی شاروانی خانەقین وتی"ئەگەر ئەو کرێکارانەی پێشووی دیالەش بگەڕێنەوە ئەوا دەتوانین کۆنترۆڵی پیسیو خاشاکی شارەکە بکەن، بەڵام بەم توانا کەمەوە لەکرێکارو ئامێرو بێپارەییەوە ناتوانین دەرەقەتی پیسیو خاشاکی خانەقین بێینو بۆمان کۆنترۆڵ ناکرێت".

> بەم توانا کەمەوە لەکرێکارو ئامێرو بێپارەییە ناتوانین دەرەقەتی پیسیو خاشاکی خانەقین بێین

# "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق فەتوای کوشتنی ئێزیدییەکانی داوە"

## شێخ شامو جێگری سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالشی ئێزیدییەکان بۆ دەستوور

**دەستور لەدهۆک**

شێخ شامو جێگری سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالشی ئێزیدییەکان ئاماژە بەوەدەکات هەندێک لایەن هەوڵی ئەوەدەدەن ناسنامەی کوردە ئێزیدییەکان بشێوێننو ئێزیدییەکان جیابکەنەوە لەکورد.

هەروەها وتی"ئەوە پرۆژەیەکی ترسناکەو رەنگە لایەنە سیاسییەکانی دژ بەدۆزی کوردستان لەپشت ئەو پرۆژەیەوە بن".

جێگری سەرۆکی دەستەی باڵای لالش ئەوەشی بۆ دەستوور درکاند کە ئێستا کلتوری کومەڵگای ئێزیدی لەبەردەم تەحەدایەکی زۆر هەستیاردایە، چونکە ئێزیدییەکان خاوەن رەوشتو کلتورێکی کونو تاڕادەیەک داخراوە، وتی"زۆرجار ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێت، رەنگە ناکۆکی لەنێوان نەوەی نویو نەوەی کوندا دروستببێت، ئەم دیاردەیەش لەناو کومەڵگاکانی تریش هەیە، نەک تەنها ئێزیدییەکان".

شیخ شامو، پێیوایە تەکنەلوژیاو جیهانگیری، کاریگەری خۆی دەبێت بۆئەوەی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگای ئێزیدییەکان پەیدابکات، ترسی ئەوەشی نیشاندا کە ئەو کلتورە رەسەنە رۆژلەدوایرۆژ بزربێت، چونکە "ئێستا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان خەڵکی ئێزیدی بەتایبەت گەنجەکانو خەڵکی دیکە نادۆزرێتەوە".

بنکەی لالشی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی، تایبەتە بەکوردە ئێزیدییەکان لەساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە، وەک دەزگایەکی سەرەکی رۆشنبیری ئێزیدیەکان ناسراوەو زیاتر لە ٤هەزار ئەندامی هەیەو چەندین لقی لەدەڤەرەکانی (شەنگال، شیخان، باشیک، خەتار، باعدری، شاریا، خانک)و دەڤەرەکانی تری ئێزیدییەکان هەیە، هەروەها ژمارەیەک بڵاوکراوەو چاپەمەنی دەردەکات کە گرنگی بەدیروکو کلتورو ژیانی ئێزدیاتی دەدات.

شیخ شامو، وتی"دەبێت دەزگا رۆشنبیرییەکانی ئێزیدی هەوڵی ئەوەبدەن کە ئەم کلتورە رەسەنەی ئێزیدیەکان بەمێشکێکی کراوەو پێشکەوتووەوە رەفتاری لەگەڵدا بکرێت، بۆئەوەی لەشێواندنو لەنەمان بپارێزرێت".

جێگری سەرۆکی دەستەی باڵای لالش پێیوایە لەساڵانی رابردوودا بنکەی لالش توانی کارێکی بەرچاو بکات بۆئەوەی کلتورو رۆشنبیری ئێزیدییەکان بەخەڵک بناسێنن، لەهەمانکاتدا ئەو رۆشنبیرییە دیکۆمێنت بکرێت.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی مێژوو، ئاینی ئێزیدی بەپاشماوەی ئاینە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسرێت، بەبۆچوونی هەندێک لەمێژووناسان ئێزیدییەکان پاشماوەی میترائیەکانو تائیستاش هەندێک لەرێوڕەسمی ئاینی ئەوان لای ئێزیدییەکان پارێزراوە.

> لەچەند ساڵی رابردوودا سەدان کەسی ئێزیدی لەدەڤەرەکانی سەر بەپارێزگای موسڵ رووبەڕووی رفاندنو کوشتن بوونەتەوە

ژمارەی ئێزیدییەکان دەگاتە زیاتر لە (٥٠٠)هەزار کەس، نزیکەی ٢٠ هەزاریش لەوڵاتانی ئەوروپادا دەژین بەتایبەت لەئەڵمانیاو سوید، هەروەها ژمارەیەکی کەمیان لەتورکیاو سوریاو ئێرانو ئەرمینیاو ئازەربایجان دەژین.

ئێزدیاتی هەموو رێوڕەسمەکانی بەزمانی کوردییە، پەرستگای لالش کە دەکەوێتە باکوری قەزای شێخانەوە بەناوەندی سەرەکی ئاینی ئێزیدییەکان لەهەموو جیهان دەناسرێت، زۆربەی ئێزیدییەکان لەهەر دوو پارێزگای دهۆکو موسڵ نیشتەجێن، هەروەها لەدەڤەرەکانی شەنگال، شێخان، تلکیف، بەعشیقە، سیمیل، زاخۆ نیشتەجێن.

لەلایەکی ترەوە شێخ شامو، ئاماژەی بەوەکرد کە ئێزیدییەکان لەدەڤەرەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بەتایبەتی لەدەڤەرەکانی سەر بەموسڵ زۆر لەپەرەسەندنی تاکڕەوی ئاینیو هزری شۆڤێنی لەناو کۆمەڵگادا دەترسن، بەبۆچوونی ئەو "ئەم دیاردەیەش رەنگدانەوەی خراپی نەک تەنیا لەسەر ئێزیدییەکانە، بەڵکو دژایەتیە بەرامبەر هەموو کەمە ئاینیەکانیتر".

شیخ شامو، ئەوەشی راگەیاند کە لەچەند ساڵی رابردوودا سەدان کەسی ئێزیدی لەدەڤەرەکانی سەر بەپارێزگای موسڵ رووبەڕووی رفاندنو کوشتن بوونەتەوە بەهۆی جیاوازی ئاینییەوە، هەروەها دەوڵەتی ئیسلامی عێراق بەڕەسمی فەتوای کوشتنی ئێزیدییەکانی داوە. ئێستا بەشێکی زۆر لەئێزدییەکان ناتوانن هاتووچۆی موسڵ بکەن، هەموو قوتابیە ئێزیدییەکان لەزانکۆو پەیمانگاکانی موسڵ گوازراونەتەوە بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، تاوەکو بتوانن بەردەوامی بەخویندنی خۆیان بدەن.

# هەر ڕۆژەی بەڕەنگێك خۆیان دەنوێنن

## کچان‌و کوڕان بەهۆی زۆری‌و جۆراوجۆری مۆدێلەکانی جلوبەرگ، تووشی دڵەڕاوکێ بوون

موعاز فەرحان لەسلێمانی

زۆری مۆدێلەکانی جلوبەرگ گەنجانی تووشی بێزاری کردووەو بەهۆی زۆری مۆدێلەکانەوە فریاناکەون بەدڵی خۆیان جل بپۆشن.

ئەمڕۆ مۆدێلەکانی جلوبەرگ زووزوو گۆڕانیان بەسەردا دێت‌و ڕۆژانە چەندەها مۆدێلی جۆراوجۆر دێنە بازاڕەکانی هەرێمەوەو زۆرترین بەکارهێنەرانی مۆدێلەکان توێژی کوڕان‌و کچانن.

بەهۆی ئەوەی بازاڕەکانی کوردستان کراونەتەوە بەسەر ڕووەرگرتنی زۆرترین مۆدێلەکانی جلوبەرگ، ڕۆژانە مۆدێلی نوێ دێتە کوردستانەوە، ئەمەش حاڵەتی دڵەڕاوکێی بۆ گەنجان دروستکردووە.

ڕێباز عەلی تەمەن ٢٥ ساڵ یەکێکە لەو گەنجانەی بەردەوام بەدوای نوێترین مۆدێلی جلوبەرگدا دەگەڕێت، ئاماژەی بەوەدا کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا فریای ئەوەناکەوی مۆدێلێک لەبەربکەیت‌و مۆدێلێکی دیکە دێتە بازاڕەوە.

ڕێباز وتی "فریای ئەوە ناکەویت جلێک بکڕیت، مۆدێلەکان زۆر زوو دەگۆڕێن".

ڕێباز بەو هۆیەوە تووشی دڵەڕاوکێ بووە، "ئەمڕۆ جلێک بەدڵی خۆت دەکڕیت، سبەی بەبەری یەکێکی دیکەدا جلێک دەبینیت دڵت دەچێتە سەر جلەکەی ئەو"، ڕێباز وتیشی "مۆدێلەکان بەتەنیا دڵەڕاوکێ دروستناکەن، قەناعەتیشی لای گەنج نەهێشتووە".

حوزەیفە ئەدهەم ٢٤ ساڵ هەمیشە لەخورماڵەوە دێتە سلێمانی بۆجل کڕین، وتی "فریای ئەوە ناکەوین یەک کاتژمێر جلێک لەبەر بکەین، مۆدێلەکەمان بەسەردەچێت‌و لای خەڵکی بەجوان دانانرێن".

حوزەیفە حەز دەکات ئەو جلەی دەیپۆشێت جلێکی دیاربێت، "جلەکە بەدڵی خۆم بێت‌و ستاندار بێت، بەڵام فریاناکەویت، چونکە مۆدێلەکان بەچرکە دەگۆڕێن".

سۆما عەبدوڵڵا ٢٤ ساڵ وتی "هەمیشە حەزدەکەم جلم تاک بێت، مۆدێلی باو بەکاردێنم، بەڵام بەشێوازی خۆم جل دەپۆشم".

سۆما ئاماژە بەوەدەکات کە نابێت گەنجان بەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ مۆدێلەکاندا بکەن تا تووشی خەفەت‌و دڵەڕاوکێ نەیەن "حاڵەتی دڵەڕاوکێ هەیە، بەڵام من گوێی نادەمێ".

زۆری مۆدێلەکانی جلوبەرگ سەرەڕای ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە گەنجانی بێزارکردوە لەهەمانکاتدا لەڕووی خوێندن‌و ئابووریشەوە زیانی بەگەنجان گەیاندوە.

یەحیا کەریم ٢٣ ساڵ گەنجێکە بێزارە لەزۆری مۆدێلەکان‌و بەبکوژی حەزەکانی ناوی مۆدێلەکان دەبات، یەحیا وتی "بەڕاستی حەزم لەزۆری مۆدێلەکان نییەو حەزەکانمی کوشتووە".

یەحیا مۆدێلەکان بەزیان بۆ لایەنی ئابووری گەنجان دادەنێت‌و دەڵێت "لایەنی ئابووری گەنج لەکوردستاندا زۆر لاوازە، شەڕی مۆدێلەکانیش بوەستن لەولاوە کەهەر ڕۆژەو مۆدێلێک دێتە بازاڕەوە".

زۆری مۆدێلەکانی جلوبەرگ بەجۆرێکن بەتەنیا گەنجانی بێزارنەکردووە، بەڵکو بازرگان‌و خاوەن پێشانگاکانی جلوبەرگیشی بێزارکردووە.

هەڵۆیست کەریم خاوەنی پێشانگای مارکە لەبازاڕی ڕەشەمۆڵ لەسلێمانی، ئاماژەی بەوەدا کەفریای ئەوە ناکەون مۆدێل بهێنن.

هەڵۆیست بۆ هێنانی جلوبەرگ زوو زوو دەچێتە تورکیاو وتی "ئێمەی دوکانداریش تووشی دڵەڕاوکێ بوین، ئەمڕۆ دەچین لەتورکیا تازەترین‌و جوانترین جل دەهێنین کەچی سبەینێ مۆدێلێکی دیکە دەردەچێت‌و ئەوەی ئەمڕۆ نافرۆشرێت نازانین چی بکەین".

هەڵۆیست بەدەستووری وت "کڕیارەکان کەدێنە لامان نازانن چ جلێک هەڵبژێرن بەهۆی زۆری مۆدێلەکانەوە".

پسپۆڕانی بواری دەروونی ئاماژە بەوەدەکەن کەزۆری‌و جۆراوجۆری مۆدێلەکان، گەنجان تووشی دڵەڕاوکێی دەروونی دەکات لەکاتی هەڵبژاردنی جلوبەرگەکانیدا.

گێلاس عەبدوڵڵا پسپۆڕی دەروونی‌و مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی بەدەستووری وت "زۆری مۆدێلەکان حاڵەتی دڵەڕاوکێ لای گەنجان دروستدەکات، چونکە گەنج ئامادەیە لەبەرئەوەی بەپێی مۆدێل جل بپۆشێت واز لەخوێندنەوە بهێنێت‌و بەقەرزیش بێت جل بکڕێت، گۆڕینی مۆدێلەکان لەلای کچان زیاترن، ئێستا کوڕانیش بەرئەو چەشنە کەوتون".



"کڕیارەکان کەدێنە لامان نازانن چ جلێک هەڵبژێرن بەهۆی زۆری مۆدێلەکانەوە"

# لاوان، پشتگوێخستن، وەزارەتەکەی تەها بەرواری

زریان لەرانیە

لاوان‌و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەو بوارە، ئاماژە بەوە دەکەن کەدەبێت حکومەت ئاوەڕی زیاتریان لێبداتەوەو پشتگوێیان نەخات، گلەیی ئەوەشدەکەن لەماوی چوارساڵی وەزارەتی لاواندا، شتێکی دڵخۆشکەریان پێنەگەیشت.

لەکابینەی شەشەمدا یەکێک لەوەزارەتەکان بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوانەوەیە، بەڵام لاوان داوادەکەن ئەو وەزارەتە گرنگی تەواو بدات بەلاوانی کوردستان‌و نیگەرانی ئەوەشن کە لەکابینەی پێنجەمدا وەزارەتی وەرزش‌و لاوان جیاوازی لەنێوان لاوانی شارەکانی کوردستان دەکرد. لاوان دەڵێن وەزارەتێکمان ناوێت لەوەزارەتەکەی تەها بەرواری بچێت، چونکە ئەوان پێیانوایە ئەو وەزارەتە نەیتوانی کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی لاوان بکات.

ئومێد سەلیم بەرپرسی سەنتەری ڕانیەی ڕێکخراوی ئازادی لاوانە، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێمە هیچ نیگەرانینین لەنەمانی ئەو وەزارەتەی کەبەناو تایبەت بەلاوان بوو، بەڵام بوونی وەزارەتێکی تایبەت بەلاوان بەپێویست دەزانم".

ئەوگەنجە هەروەها وتی "کومەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی گەنجە، بەڵام بەداخەوە بایەخ بەگەنجان نەدراوە".

بەرپرسی سەنتەری ڕانیەی ڕێکخراوی ئازادی لاوان، ئاماژەی بەوەدا کەئەو وەزارەتەی کابینەی پێنجەم "تەنها بۆ ناوچەی دهۆکو هەولێر بووەو ناوچەی سلێمانی فەرامۆشکردووە، بۆیە ئێمە هیچ نیگەران نین لەنەمانی ئەو وەزارەتە کەهیچ بنەمایەکی نەبوو بۆ کارکردن لەسەری".

داواشیکرد لەچوارچێوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان گرنگی زیاتر بەلاوان بدرێت‌و بایەخی سەرەکی ئەو وەزارەتە بۆ لاوان بێت.

وەزارەتی وەرزش‌و لاوانی کابینەی پێنجەم، بەڕای لاوان تائێستا هیچ شتێکی دیار نییە کەلای لاوان جێگەی گرنگی‌و بایەخپێدان بێت، لاوان دەڵێن ئەو وەزارەتە کەماوەی چوار ساڵ لەکابینەی پێنجەمدا هەبوو، جیاوازییەکی زۆری لەنێوان شارەکانی کوردستان دەکرد.

داستان مستەفا پێیوایە ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوانی کابینەی شەشەم هەروەکو کابینەی پێنجەم بێت، ئەوا "باشترێکە لاوانەکەی لێبکرێتەوەو تەنها ناوی ڕۆشنبیری بمێنێتەوە".

داستان وتی "ئەو وەزارەتە ئەم دەقەرەی سلێمانی فەرامۆش کردبوو، گرنگی بەلاوان نەدەدا، نازانم ئیشیان چیبوو؟".

عەلی ئەحمەد کەکارمەندی پێشووی یەکێک لەفەرهەنگخانەکانە، وتی "ئەو وەزارەتە تایبەت بوو بەچەند کەسێکی دیاریکراو، هەرئەوانەش لێی سوودمەند دەبوون‌و هیچ یاسایەکی نەبوو بۆ کارکردن".

ئەو گەنجە داوایکرد لەکابینەی شەشەمدا گرنگی زیاتر بەلاوان‌و کێشەو گرفتەکانیان بدرێت.



# کەی دەرگای سەنتەری گەنجانی تەکیە دەکرێتەوە؟

کارۆخ نامیق لەتەکیە

ماوەی یەک ساڵە بینای سەنتەری گەنجانی تەکیە تەواوبووەو تا ئێستاش پێداویستییەکانی بۆ دابیننەکراوە، گەنجانیش خوازیارن بەزووترین کات پڕۆژەکە تەواوبکرێت.

پڕۆژەی سەنتەری گەنجانی تەکیە لەساڵی ٢٠٠٧وە دەستکراوە بەکارکردن تێیداو تا ئێستا تەنها بیناکەی تەواوکراوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کەماوەی پڕۆژەکە ٣٢٠ ڕۆژ بووە، بەڕێوەبەری ناحیەش داوا لەحکومەت دەکات پێداویستییەکانی ناو بیناکە دابینبکەن.

لەکاتێکدا بەرپرسانی ناوچەکە ئاماژە بەوەدەکەن لەحکومەتی هەرێم هیچ بەڕێوەبەرایەتیەک نییە تایبەت بێت بەکاروبارەکانی ئەم سەنتەرانە.

پڕۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای (بۆسکان)ەوە جێبەجێکراوەو ماوەی پڕۆژەکە ٣٢٠ ڕۆژ بووە، بەڵام بەهۆی فراوانکردن‌و ئەو گۆڕانکارییانەی لەپڕۆژەکەدا کراوە، بەدوو فرمانی جیا ماوەی ٤٠ ڕۆژو ٣٠ ڕۆژی بۆ کۆمپانیاکە زیادکراوە، بەوەش ماوەکە بۆ ٣٩٠ ڕۆژ درێژکراوەتەوە.

دلێر ناسیح ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە بەدەستووری وت "له٢٠٠٩/٤/١وە پڕۆژەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی دراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی ناحییەکە، بەمەرجێک کۆمپانیاکە لەماوە چاکسازیدا هەموو ئەو کەموکورتییانە چارەسەربکات کە لەپڕۆژەکەدا هەبووە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بەهۆی ئەو کەموکورتییانەو دواکەوتنی پڕۆژەکەوە چەند جارێک کۆمپانیاکە سزادراوە.

ئیبراهیم محێدین بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیە ئاماژەی بەوەدا کە لەبەرئەوەی تەنها بینای پڕۆژەکە تەواوکراوە ناتوانن بەڕووی گەنجاندا بیکەنەوە.

ئەو وتی "داوامان لەحکومەت کردووە پێداویستییەکانی بیناکەمان بۆ دابینبکات وەک ئامادەکردنی (تەجهیز) بەشی ناوەوەی بیناکەو دامەزراندنی ٣٠ کەس، ١٥ فەرمانبەرو ١٥ کەسیش وەک پاسەوان".

لەحکومەتی هەرێمدا تائێستا هیچ بەڕێوەبەرایەتییەک نییە کەتایبەت بێت بەکاروبارەکانی ئەو سەنتەرانەوە.

ناحیەی تەکیە سەر بەقەزای چەمچەماڵە، ئێستا زیاتر له٣٣ هەزار هاووڵاتی تێیدا دەژی، دانیشتوانەکەی بەتایبەت توێژی گەنجان ڕووبەڕووی کەمی خزمەتگوزاری بوونەتەوە.

گەنجانی تەکیە داواکارن پەلەبکرێت لەتەواوکردنی پڕۆژەکەدا، لەبەرئەوەی دەڵێن بەتەواوی پەراوێزخراوین‌و شوێنێک نییە کاتی تێدا بەسەربەرن.

ڕێبین عەبدولڕەحمان گەنجێکی تەکیەیە وتی "جیاوازی دەکرێت لەنێوان گەنجانی شارە گەورەکان لەگەڵ گەنجانی قەزاو ناحیەکان".

لەگەڵ ئەوەی گەنجانی تەکیە گلەیی لەکەمی خزمەتگوزاری‌و دواکەتنی کردنەوەی سەنتەرەکەیان دەکەن، لەهەمانکاتدا بەگرنگییەوە لەکردنەوەی سەنتەری گەنجان دەڕوانن بۆ گەشەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیرییان.

ڕێبین دەڵێت "گەنجانی تەکیە پەراوێزخراون‌و گوێ لەداواکارییەکانیان ناگیرێت، بەڵام کردنەوەی سەنتەری گەنجان لەتەکیە گرنگی زۆری هەیە بۆ گەشەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیریان، بەتەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە بەشێک لەداخوازیەکانی گەنجان جێبەجێدەبێت".

ئیسماعیل کاکەسوور گەنجێکی تری تەکیەیە، کردنەوەی سەنتەری گەنجان بەگرنگ دەزانێت بۆ تێکەڵبوونی زیاتری گەنجان‌و سوودوەرگرتن لەبەهرەو تواناکانی یەکتری.

ئیسماعیل وتی "دروستکردنی ئەو سەنتەرە دەبێتە هێزێکی ڕۆشنبیری لەسنوورەکەدا بۆ داکۆکیکردن لەداواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە، بۆیە داواکارین پەلەبکرێت لەتەواوکردنی ئەو پڕۆژەیە".

سەنتەری گەنجانی تەکیە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەبڕی ١ ملیارو ١٥٥ ملیۆن‌و ٤٨٨ هەزار دیناری عێراقی دروستکراوە، لە٢٠٠٧/١٠/٧ دەستکراوە بەکارکردن تێیداو له٢٠٠٩/٤/١ بیناکە تەواوکراوە.

www.arshivakurdi.org

# مەترسی داخستنی حەوت بنکەی تەندروستی دەکرێت

## بەرپرسانی تەندروستی داقوق دەڵێن سەرۆکایەتی تەندروستی کەرکوک هاوکاریمان ناکەن

**زانیار لەداقوق**

بەهۆی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ، چەند بنکەیەکی تەندروستی لەقەزای داقوق بەکەمی دەوامی تێدا دەکرێت‌و بەرپرسانی تەندرستی‌و ئیداری قەزاکەش دەڵێن تەندروستی کەرکوک وەڵامی داواکارییەکانیان ناداتەوە.

بەهۆی نەبوونی پزیشکی سڕکردن، دانیشتوانی داقوق روو لەشاری کەرکوک دەکەن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی داقوقیش ئاماژە بەوەدەکات: هەفتانە تەنها یەک رۆژ لەکەرکوکەوە پزیشکێکی سڕکردنی بۆ دەچێت.

لەدوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عێراق‌و رووخاندنی رژێمی سەدام حسێن، هەوڵی ئەوەدرا کە لەچەند گوندێکی سەر بەقەزای داقوق ٧ بنکەی تەندروستی دروستبکرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی پزیشک ئەو ٧ بنکەیە دەوامی وەک پێویست تێدا ناکرێت.

دەستوور ئەوەی زانیوە ئەو بنکە تەندروستییانە بەهۆی کێشەو کەموکورپییەکانەوە مەترسی داخستنیان لێدەکرێت.

سەرچاوەیەک لەسەنتەری تەندروستی داقوق بەدەستووری وت "لەسەر داوای ئەنجومەنی قەزای داقوق‌و بەفەرمانی وەزارەتی تەندروستی عێراق، لەچەند گوندێک لەو ناوچەیە بنکەی تەندروستی کرایەوە، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی تەندروستی کەرکوک پزیشکی پسپۆڕی بۆ ئەو بنکانە تەرخان نەکردووە".

مامۆستا زیدان عەلی دانیشتووی گوندی ئینگیجەی قەزای داقوق ئاماژەی بەوەدا کەبنکەیەکی تەندروستی لەگوندی عەبدوڵڵا غانم هەیە زۆر نزیکە لەگوندەکەی ئەوان، "بەڵام خەڵکی گوندەکەمان هەرچەندە تووشی نەخۆشی بن ناچنە ئەو بنکەیە، چونکە ئەو بنکە تەندروستییە پزیشکی لێنییە".

ئەبوبەکر سدیق خەڵکی گوندی حەوتەغار بەدەستووری وت "بەسێ گوند یەک بنکەی تەندروستیمان بۆ دروستکراوە".

ئەبوبەکر وتیشی: هەرچەندە بنکەی تەندروستی پێویستە بۆ گوندنشینەکان، بەڵام بەبێ پزشکی پسپۆڕ وەک پێویست دەوامی تێدا ناکرێت.

دانیشتوانی گوندی سنووری سەر بەقەزای داقوق داوای دروستکردنی بنکەیەکی تەندروستی لەگوندەکەیان لەئیدارەی قەزاکە دەکەن.

گوندی سنوور لەئێستادا ١٥٠٠ کەس تێیدا دەژین، تا ئێستا بنکەی تەندروستیان بۆ دروستنەکراوەو دانیشتوانەکەی سەردانی بنکە تەندروستییەکانی داقوق‌و کەرکوک دەکەن. ئەمیر خواکەرەم سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق بەدەستووری راگەیاند "ئێمە وەک ئیدارەی قەزاکە دەیان جار داوامان لەئەنجومەنی پارێزگاو سەرۆکایەتی تەندروستی کەرکوک کردوە، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە".

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق وتی "نەک پزیشک بۆ ئەو بنکانە نییە، بەڵکو ماوەی دوو ساڵە نەخۆشخانەی گشتی داقوق پزشکی سڕکردنی تێدا نییە".

خواکەرەم ئەوەشی نەشاردەوە کەزۆرێک لەنەخۆشەکانی داقوق بەهۆی نەبوونی پزیشکی سڕکردن، بەناچاری روودەکەنە نەخۆشخانەکانی کەرکوک بەمەبەستی نەشتەگەری یان دەچنە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کەبەپارەیەکی زۆر نەشتەرگەری ئەنجامدەدەن.

بەرپرسانی تەندروستی لەقەزای داقوق پشتڕاستی کێشەو کەمی خزمەتگوزارییەکانی بواری تەندروستی دەکەنەوە لەناوچەکەیان‌و ئاماژە بەوەدەکەن کەبەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوک هاوکارییان ناکات.

فەرمان تاڵەبانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی داقوق بەدەستووری وت "بەهۆی نەبوونی پزشکی سڕکردن (موخەدر) زۆربەی نەخۆشەکانی داقوق روودەکەنە نەخۆشخانەکانی شاری کەرکوک".

لەکۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوکدا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی داقوق بەوتەی خۆی چەندین جار داوای پزیشکی سڕکردن کردووەو وتی "لەلایەن تەندروستی کەرکوکەوە هەفتەی یەکجار پزیشکی سڕکردنمان بۆ رەوانەدەکەن".

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی داقوق ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لەنەخۆشخانەی گشتی داقوق ٥ پزیشکی نەشتەگەری هەیەو هەفتەی ١٥ نەخۆش نەشتەگەری بۆ دەکرێت، "ئەگەر پزیشکی سڕکردنمان هەبێت لەهەفتەیەکدا ٥٠ بۆ ٦٠ نەشتەگەری ئەنجامدەدرێت".

ئەو بەرپرسەی نەخۆشخانەی داقوق وتی "٧٥٪ نەخۆشەکانی داقوق روودەکەنە دەرەوەی شارەکە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری".



بنکە تەندروستییەکانی قەزای داقوق فەرامۆشکراون

# چۆن بۆنی ناخۆشی ناودەم چارەسەردەکەیت؟

**دکتۆر ماژە محەمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دەم‌و ددان**

**(بۆنی ناخۆشی ناودەمی کاتی)**

گومانی تێدا نییە بۆنی ناخۆشی ناودەم گرفتێکی زۆربەی خەڵکییە، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێ بکەین، بوونی ئەم دیاردەیەو چۆنێتی هەستپێکردنێتی.

ئەم تاقیکردنەوەو نیشانانە دیاردەی بوونی بۆنی ناودەمن:

١- ئەگەر هەستتکرد پوکت خوێنی لێدێت کاتێک ددانت پاکدەکەیتەوە بە فلچە یان بەدەزوو.

٢- کاتێک پوکت سووربۆوە یان لەچەند شوێنێکەوە ئاوسابوو.

٣- فوو بکەرە ناو کیسێکەوەو بەخێرایی هەڵیبمژەرەوە.

٤- تفەکەت بکەرە ناو لەپی دەستت یان زمانتبخشێنە لەدیوی ناوەوەی لەپی دەستت چوار چرکە دوای ئەوە بۆنی بکە.

٥- ئەگەر جگەرەکێشیت.

٦- لەکەسێکی نزیکت پرسیار بکە (هاوڕێکەت یان هاوسەرەکەت).

٧- بچۆرە لای پزیشکێکی ددان‌و راستەوخۆ دەیزانێت.

بەڵام پێویستە لەسەرمان بزانین چۆن بۆنی دەمی کاتی‌و هەمیشەیی‌و بۆنی دەمی بەیانیان لەیەک جیادەکەینەوە.

یەکەم: بۆنی دەمی بەیانییان

هەموو کەسێک لەبەیانیاندا بۆنێکی ناخۆش لەدەمی دێت، لەکاتی بەئاگاییدا زمان‌و لێوەکان پاشەڕۆی خواردن‌و خانە مردووەکان رادەماڵن‌و لەگەڵ لیکدا تێکەڵاو دەبێت، بەڵام لەکاتی خەوتندا ئەو جوڵەیە کەمدەبێتەوەو لیکیش بەکەمی دەڕژێت، ئەو بەکتریایانەی ناودەم پاشماوەی خواردنەکان شیدەکەنەوە، بۆیە بۆنێکی تایبەتی دروستدەکات، بۆ کەسی بەرامبەر ناخۆشە.

چۆن چارەسەری بۆنی دەمی بەیانییان دەکەیت؟

١- پێش خەوتن دەم‌و ددانت بشۆ.

٢- لەکاتی بەخەبەرهاتنندا ژەمی بەیانیان بخۆ.

٣- پەرداخێک ئاو لەگەڵ ئاوی لیمۆ بخۆرەوە.

دووەم: بۆنی دەمی کاتی هۆکارەکانی

١- لەئەنجامی هێواشی کاریگەری جگەرەکێشانەوە دروستدەبێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی لیکەرژێنەکان.

٢- بۆنێکی ناخۆشی کاتی دروستدەبێت لەو کاتەی بۆ ماوەی ٢٤-٤٨ کاتژمێر خواردن خورابێت وەک سیرو پیازو کاری‌و... هتد.

٣- بۆنێک لەئەنجامی نەخواردن دروستدەبێت (وەک ئەوانەی بەرۆژو دەبن) کاتێک خواردن ناخورێت جەستە چەوری دەتوێنێتەوە، ئەو وزەیەی لەهەڵوەشانەوەی یان توانەوەی چەوری لەش دروستدەبێت لەڕێی هەناسەدانەوە بەبۆنێکی ناخۆش هەستی پێدەکرێت کە بۆنی سێوی خراپبووی لێدێت.

چارەسەرکردن:

١- خواردنی کەرەوز

٢- پاککردنەوەی ددانەکان بەگیراوەی ددان شوشتن.

٣- غەرغەرەی ناودەم بەئاوی شلەتێن.



خواردنی کەرەوز چارەسەرە بۆ نەمانی بۆنی دەم

# بەبێ مۆری تەندروستی گۆشت دەفرۆشن

**هاوژین محەمەد لەچوارقوڕنە**

بەهۆی نەبوونی قەسابخانەیەکی گشتیی، قەسابەکانی چوارقوڕنە خۆیان ئاژەڵەکان سەردەبڕن‌و هیچ لایەنێکی تەندروستیش چاودێرییان ناکات، بەرپرسانی ناوچەکەش تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە چارەسەری کێشەکە بکەن.

رۆژانە دەیان سەر ئاژەڵ لەلایەن قەسابەکانی چوارقوڕنەوە سەردەبڕدرێت بەبێئەوەی مۆری تەندروستی لێبدرێت، قەسابەکانیش داوادەکەن شوێنێکی تایبەتیان بۆ دروستبکرێت.

عەزیز ئەحمەد ماوەی ٣٠ ساڵە کاری قەسابی دەکات لەچوارقوڕنە ئاماژەی بەوەدا چوارقوڕنە لەشەستەکانەوە ناحیەیەو ژمارەی دانیشتوانەکەی زۆرە، بەڵام قەسابخانەی تێدا نییە.

عەزیز وتی: لێپرسراوانی ڤێتەرنەری رانیە پێیانوتووین لەبەرئەوەی "قەسابخانەتان نییە بۆیە ئێمە مۆر بۆ گۆشتەکەتان لێنادەین".

لەچوارقوڕنەدا قەسابخانەیەک هەبووە، بەڵام بەهۆی نەگونجاوی شوێنەکەیەوە داخراوەو تاوەکو ئێستاش هیچ قەسابخانەیەکی تر نەکراوەتەوەو هەندێجار لەلایەن لیژنەی تەدروستی رانیەوە قەسابەکان سزادەدرێن.

عەزیز دەربارەی داخستنی ئەو قەسابخانەیە ئاماژەی بەوەدا "بەرپرسان نە بەدیلیان هەبوو نە رێگاچارەیەکی گونجاویان هەبوو".

محەمەد عەبدوڵڵا ماوەی ٢٥ ساڵە قەسابخانەی هەیە لەچوارقوڕنە وتی "هەریەکەمان لەشوێنێ مەڕوماڵاتەکانمان سەردەبڕین".

محەمەد باسی لەوەش کرد:



کەسێک هەیە لەدەرەوەی شارۆچکەکەیە مەڕومالاتی هەیە ئەوەی لێی بکرێ لەوێ شوێنێکی دروستکردوە بۆئەوەی ئاژەڵەکە لەوێ سەرببڕێ، شوێنەکە خاوێنە بیری ئاوو ژوورێکی سەبەی هەیە، "ئێستا هیچ چاودێرێکی تەندروستی نییە بەسەرمانەوە" محەمەد وای وت.

بەهۆی نەبوونی قەسابخانە، لەم مانگەدا ماوەی سێ رۆژ چەند دوکانێکی قەسابەکان لەلایەن فەرمانگەی ڤێتەرنەری رانیەوە داخرا، لەبەرئەوەی مۆر بەگۆشتەکانیانەوە نەبووە.

محەمەد وتی "ئەوان ئەو کارە دەکەن بەدیلیان پێ نییە بۆ چارەسەرکردنی، پێمان خۆشە چاودێری تەندروستی هەبێ، مۆریش لەگۆشتەکەمان بدات".

شێخ عەلی سەرۆکی شارەوانی چوارقوڕنە ئاماژە بەوەدەکات: ئەو قەسابخانەیەی لەکۆندا دروستکرابوو داخرا، لەبەرئەوەی شوێنەکەی گونجاو نەبوو، هەروەها مواسەفاتی باشی نەبووەو ئەو ئاوەڕۆیەی بۆی کرابوو لەناو خۆی دەرنەدەچوو.

دەربارەی دروستکردنی قەسابخانەیەکی نوێ سەرۆکی شارەوانی چوارقوڕنە وتی "لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیە سەردانی وەزیری شارەوانیمان کردووە بۆئەوەی قەسابخانەیەکمان بۆبکەن، بەڵێنیدا ئێمەش شوێنمان بۆ دابین کردبوو لەشارەکەمان".

شێخ عەلی وتی "لەبەرنامەی ٢٠١٠ خراوەتە بەرنامەوە، بەڵام تائێستا بودجەی بۆ دابیننەکراوە".

مزەفەر عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە وتی "ئێمە کاری خۆمان جێبەجێکردووە، چەند جارێک قەسابخانەکانمان داخستووە، لەبەرئەوەی نووسراوی سامان‌و دروستی ئاژەڵی رانیە بۆمان هاتووە کەسەربڕینی ئاژەڵ لەوشوێنەی ئێستای قەسابەکانی چوارقوڕنە لێیدەکەن تەندروست نییە، بۆیە دەبێ دابخرێن یان دەبێ کوشتار لەقەسابخانەی رانیە یان حاجیاوا بکەن".

ئەو وتی "ئەوانیش پەیمانیان داوە لەوێ ئەوە بکەن ئەگەر قەسابێکیش ئەوە نەکات دوکانەکەی پێدادەخەین".

بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە نەبوونی قەسابخانە دەخاتە ئەستۆی شارەوانی‌و دەڵێت "ئێمە ساڵ‌و نیوێک لەمەوپێش چوینە لای وەزیری شارەوانییەکان بەڵێنیدا قەسابخانەیەکمان بۆ بکات، بەڵام تائێستا لەلایەن شارەوانی خۆمان نەکراوە".

# وتووێژ لەگەڵ ناسر حیسامی

## ناسر حیسامی بۆ دەستوور

سازدانی: ئەنوەر حسین
بەشی سێیەم و کۆتایی

**لە ٢ ژمارەی رابردووی "دەستوور"دا ، وتووێژێک بڵاو بوەوە لەگەڵ شاعیرو وەرگێڕی ناسراو، ناسر حیسامی. ئەم وتووێژە لەلایەن بەڕێز "ئەنوەر حسێن"ەوە ئەنجام دراوە، دەقی ئەم وتووێژە زۆر دوورو درێژە، بۆیە نەدەکرا هەموو ئەم وتووێژە لەم رۆژنامە بڵاوبێتەوەو رەنگە بڵاوبوونەوەی سەرجەم ئەم وتووێژە چەن ژمارەی تری بخایاندبا، بۆیە دوای راوێژکردن لەگەڵ کاک ئەنوەر حسێن بڕیاردرا هەموو ئەم وتووێژە لێرەدا بڵاونەبێتەوە.**

.................................

**دەستوور:** جگە لەشیعر وابزانم دەستت بۆ نووسینی پەخشانیش بردووە، لەوەرگێڕانیش جگە لەوەرگێڕانی شیعریش، وەرگێڕانی چیرۆکیشت کردووە.؟ .زەبڵدان، خۆرتاو چەند چیرۆکێکی تریش لەوەرگێڕانی چیرۆکدا، چەند سەرکەوتوو بویت خۆت هیچ چیرۆکت نووسیوە؟

**ناسر حیسامی:** چەند چیرۆکێکم نووسیوە بڵاومنەکردونەتەوە، هێشتا خۆم لێیانڕازی نیم کە وەک چیرۆکی بەرهەمێکی قابیلی قبوڵن، بەڵام چیرۆکی دیکەم وەرگێڕا، چیرۆکی مەحمودی دەوڵەت ئابادیم وەرگێڕاوە، هۆشەنگی گوڵشیری، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، شیترپواز، ئەڵبێرت ماڵس ئەوانەم وەرگێڕاوە، ئینسان قەڵەمی لەوەرگێڕانی چیرۆکدا ئازادترە تا لەوەرگێڕانی شیعردا.

**دەستوور:** پێتوایە لەوەرگێڕانی چیرۆکدا سەرکەوتوویت تا شیعر، یان بەپێچەوانەوە؟



ناسر حیسامی

**ناسر حیسامی:** نازانم، بەڕاستی من ناتوانم هیچ داوەریەک لەبابەت ئەوانەوە بکەم، پێموایە کەسانێک کە خۆیان بەراوردی بکەن ئەوان دەتوانن داوەری لەسەر ئەوەبکەن.

**دەستوور:** چەند پەخشانی تۆم بینیوە، لەگۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە نووسینی پەخشان چۆن بوو؟ پێتوایە لەوەشدا هەر سەرکەتوو بووی، یان نا، ئەوەش دیسان هەر پێویستی بەداوەریە؟

**ناسر حیسامی:** دەزانی چۆنە کەسێک کە شتێک دەنووسێت بەنیازی ئەوەی نانووسێت کەداوەریەکی لەسەر بکرێت، ئەو خۆی پێیوایە قسەیەکی هەیە بۆ کردنو قسەکەی دەکات، ئەوە خوێنەرە داوەری لەسەر ئەمە دەکات کە ئایا ئەمە بەرهەمێکە جێگا دەگرێت یان نایگرێت.

**دەستوور:** لەسیاسەتەوە بۆ شیعر، لەشیعرەوە بۆ چیرۆک، لەچیرۆکەوە بۆ پەخشان بۆ وەرگێڕان، ئەو هەموو ئەرکە قورسەت خستووەتە سەرشانی خۆت پێتوانییە ئەو هەموو پەرشو بڵاویە پێویست نییە، یان ناتوانی وەکو پێویست لەخزمەت یەکێک لەبوارەکاندا بیت، یا ئەوە لەخۆت رادەبینی؟

**ناسر حیسامی:** نا من هیچیانم وەکو ئەرک نەکردووە، شیعرێکم بەدڵ بووبێ وەرمگێڕاوە چیرۆکێکم بەدڵ بووبێت وەرمگێڕاوە، پێموابووبێت دەتوانم وەریگێڕم دەنا شیعریش هەیە کە بەدڵمەو ناتوانم وەریبگێڕم، جاریوابوو هەستمکردووە خۆم قسەیەکم بۆ وتن هەیە، پەخشانێکم نووسیوە، جاریوایە کەسێکی وەکو شەوبۆ مردووە، هەستمکردووە خۆم قسەیەکم هەیە بۆکردن پێمخۆشە بیڵێم، یا جاریوایە خۆ زۆر شیعر هەیە بۆ نموونە تۆ ئێستا شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس چاولێبکە، شیعری بۆ چەند پێشمەرگە وتووە؟ ئەوە لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشووم بەبیردێنێتەوە، ئایا ئەمە شیعر وتنە، ئەو ئینسان دەکاتە شاعیری دەربار، من زۆرجاری واهەبوو شتم نووسیووە بۆ پێشمەرگەیەک شەهیدبووەو کاریگەری لێکردووم یا نووسیومە بۆ کەسێک تەنانەت نەشمدیووە، من کاک فوئادی مستەفا سوڵتانیم نەدیووە، بۆم نووسیووە، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تۆ هەر شتێک چ کاریگەریەکت لێدەکات رەنگە بەکورتی لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەوە بڵێم ئەو شتانەی کە کاریگەریان لێکردووم، پێموابووبێ وەرگێڕانیان بەکەڵکە وەرمگێڕاوە ئەگەر چیرۆک بووبێت یا شیعر بووبێت، زۆرتر لەشیعرو کەمتر لەچیرۆک.



**دەستوور:** ئەو شتانەی کەکاریانتێکردووی، وایانلێکردووی لەچرکەیەک لەچرکەکان زۆر کاریگەربن لەسەرت، یەکێک لەپەخشانەکانت یا شیعرەکانت چۆن چۆنی بوو بۆ کێت نووسیوە؟

**ناسر حیسامی:** کەزۆری کاریتێکردبێتم؟

**دەستوور:** بەڵێ.

**ناسر حیسامی:** ئەوانەی کە بۆ خۆم نوسیومن هەموویان، پێموایە هی کاتێک بوون کەزۆریان کارتێکردووم، من ئەگەر شتێک کاری تێنەکردبێتم زۆر زەحمەتە بتوانم بنووسم، جاریواش هەبوو دانیشتووم هەوڵمداوە شتێک بنووسم دواتر هەستمکردووە، نا بەرادەی بنووسین هێشتا دەروونم دانەگیرساوە، هەرچی هەوڵمداوە بۆم نەبووەتە شتێک.

**دەستوور:** کەواتە شیعر نووسینەوە، چرکەساتە شێتیەکانی ئینسانە؟ جۆرج بات، دەڵێ:" شیعر نووسینەوەی چرکەساتەکانی شێتیە" بۆیە بەرێزیشت لەچاوکارەکانی تردا کەمتر شیعر دەنووسیت، ئایا ئەو چرکەساتە شێتیانە کەمتر تۆ دەگرێت؟

**ناسر حیسامی:** ئەو چرکەساتانە جاریوایە ئینسان خۆی هەستیپێناکات، جاریوایە تۆ رووداوێک دەبینیت خۆت هەستناکەی ئەمە گەرای شیعرێکی تێدا داناوی ئەوە دواترە لەوانەیە هەفتەیەک دواتر، جاریوایە مانگێک دواتر لەدەرونتدا بوو بەشتێک هانت دەدات یاپاڵت پێوەدەنێت بۆئەوەی کەبیڵێ، ئەو چرکەساتەی کەتۆ باسیدەکەیت من هەر هەستی پێناکەم کە کەی لەدەروونی مندا داگیرساوە، من وانییە هەمیشە رووداوێک ببینم کارتێکردو دەبێتە شیعرێک، هەمیشە وانییە.

**دەستوور:** کەواتە شیعر هەڵچوونی کاتی ناخی مرۆڤە؟

**ناسر حیسامی:** جاریوایە هەڵچوونی چرکەییە، جاریوایە شتێکە کە لەماوەیەکی دورودرێژتردا لەدەروونتدا دادەگیرسێت، بۆنموونە رووداوێکی وەکو مردنی شەوبۆ هەڵچوونێکی ئانی بوو، من کەخەبەرەکەم بیست، ئەوە، بەدەردوژانێکی یەکجار زۆر ئەو شیعرە لەدایکبوو، بەڵام من شیعریشم هەیە ئەنجامی دورکەوتنەوەمە لێرە لەکۆمەڵێ کەس کە خۆشمویستوون، لەکۆمەڵگایەک کە بەجێمهێشتووەو یادی دەکەم، ئەمە وانییە بڵێم ئەو هەڵچوونەی هەیە لەماوەی چەند مانگدا دادەگرسێت، هەستدەکەیت لەدەروونتدا بووە بەشتێکو پاڵت پێوەدەنێت بۆئەوەی کەبیڵێت.

**دەستوور:** بۆچی لەزۆربەی ژمارەکانی پێشەنگدا، زۆربەی بابەتەکانی هی تۆیە، تۆ شیعرت تیا وەرگێڕاوە، پەخشانت تیانووسیووە بۆ نموونە لەژمارە (١٤)ی ساڵی (١٣٧٢) دا زۆربەی بابەتەکانی ئەم ژمارەیە هی تۆ بووە؟

**ناسر حیسامی:** پێموایە دوو ژمارەی وایە ژمارە (٨) و ژمارە (١٤) کە تۆ وتت، من ئێستا رێک لەبیرمنییە، ئەوانە هی دوو دەورەی تایبەتن ژمارە (٨) هی ئەو کاتەیە ئۆردوگای بۆتێ بۆمبارانی کیمیای کرا، ئێمە ئەو کەسانەی دەستەی نووسەرانی پێشەنگ بووین ماوەیەکی زۆر لەیەکتر دوورکەوتینەوە هەرکامێکمان لەدۆڵێکو هەرکەس خەریکی کارێک بوو، ئەرکی ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەو ژمارەیە کەوتە سەرشانی من، ئەو بابەتانەی بەفارسی بوون زۆربەیان من کردمنە کوردی، نازانم چەند بابەتی خۆمی تێدایە، دیارە بابەتی کەسی دیکەشی تێدایە، بەڵام ئەرکی ئامادەکردنی ئەو ژمارەیە زۆربەی لەسەرشانی من بوو، ژمارە (١٤)شی دەورەیەکی ئاوابوو دوای جیابوونەوەی یەکەم کە لەحیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێشهات، ژمارەیەک لەو هاوڕێیانەی کەپێشتر پێکەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی چووبوونە دەرێ، من لێرە بووم ئەرکی ئامادەکردنی ئەو ژمارەیەشم گرتەئەستۆ، ژمارەکانی دوای ئەوەش ژمارەیەکی زۆری هەیە کە بەشی زۆر شەبەق کردوویەتی ژمارەیەکیشم لەبیرە، پێموایە ژمارە (١٠) بەشی هەرەزۆری بازگر کردی.

# چیرۆکی مینیماڵیزم

مستەفا زامیدی
بەشی دووەم

### سەرهەڵدانی مینیماڵیزم

لەدیکشنری بریتانیکا، لەبەرامبەر وشەی مینیماڵیزمدا هاتووە "بزووتنەوەیەک کە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ی زایینی لەپانتایی هونەرەکانو بەتایبەت هونەری وێنەکێشانو مۆزیک لەئەمریکا سەریهەڵدا. بەرچاوترین تایبەتمەندییەک کە جەختی لەسەردەکاتەوە سادەی زیادەلەرادە لەفۆرمو بەهادان بەبۆچوونێکی ئۆبژەکتیڤو بێ رۆح، بەرهەمی ئەم هونەرمەندانە بەتەواوەتی بەشێوەی کوتووپڕ دێنە بەرهەمو هەندێجار هەڵقولاوی شێوە هەندەسییە سادەو دووبارەبییەکانن، مینیماڵیزم لەئەدەبدا ستایل یان بونیادێکی ئەدەبییە کە جەخت لەسەر چڕبوونەوەی رادەبەدەرو کورتبێژی لەناوەڕۆکدا دەکات، ئەوان لەکورتبێژیدا تا ئەو ئاستە دەڕۆنە پێش کە تەنها توخمە پێویستییەکانی بەرهەم، ئەویش لەکەمترینو کورتترین شێوەدا دەمێنێتەوە. هەربۆیە رووتبوونی وشەکانو کەمبێژی بەرچاوترین تایبەتمەندی ئەم بەرهەمانەیە.

رەوتی مینیماڵیزم لەشانۆشدا پێگەیەکی تایبەتی هەیەو بەرهەمی زۆر سەر بەم ژانرە هونەریە هاتووەتە بەرهەمهاتن، یەکێک لەناودارترین شانۆنامە مینیماڵیزتییەکان شانۆنامەی هەناسە (١٩٦٩) بەرهەمی سامۆئل بێکتە کە نمایشکردنی ئەم شانۆیە پتر لە ٣٥چرکە ناخایەنێت، بەم شێوەیە کە " سەحنە کەم نوورو چۆڵە، کۆمەڵێک زبڵ بەدەوروبەردا پرژاوەو تەنها دەنگی هاواری مرۆڤی دەبیستریێ. دواتر دەنگی هەناسەدانی کەسێک کە زیاتر دەبێت لەگەڵ هەناسەدانەکەدا نووری سەحنەی شانۆکە دەکوژێتەوەو هەڵدەبێتو هەمدیسان دەنگی هاوارەکە دەبیستریێ"

هەرچەن سامۆئل بێکت، فرانتس کافکا، رۆبرت والز، بێرتۆلت برێشت کاریگەری بەرچاویان هەبوو لەسەر گەشەسەندنی ئەم رەوتە، بەڵام یەکەم وتاری مینیماڵیزتی وتارێکی ئێدگار ئالن پۆیە، وتارێک کە بەیەکەم مانیفێستی نافەرمی مینیماڵیزتەکان دەزاندرێ، لەم وتارەدا ئالن پۆ باس لەیەکدەستی کاریگەری دەکات لەکورتە چیرۆکداو تەنها رێگای گەیشتن بەم شتە لەکورتنووسیندا دەبینێ.


### ناوەوەی کاهوو

وێرا هێنری، چیرۆکی مینیماڵیزتی بەناوەوەی کاهوو دەشوبهێنێ، چیرۆکێک کە شتە زیادییەکانی دەخرێتە لاوەوو ئەوەی دەمێنێتەوە ناوەوەیە، ئەو شتەی کە دەکرێ بەچیرۆکی رەسەن ناوی لێببەین.

جیمز تۆماس لەپێشەکی کۆمەڵە چیرۆکی "سەردەمی چیرۆکدا" دەڵێت:" ئەو چیرۆکانەی ئێوە لەکۆمەڵە چیرۆکەدا دەیبینن جادوو لەکەس ناکەن، تەنها دەنگی ژەنینی شمشاڵێک نییە، ئەمانە ژەنینی کورت کورتی پارچەیەکی مۆزیکاییە کە مرۆڤ بەئاگادێننەوە. هەندێکیان هەستمان ئاگاداردەکەنەوەو هەندێکیان زەینمانو تەنانەت هەندێکیشیان بەو کەسانەمان دەناسێنن کە خۆشماندەوێنو بەشێک لەم چیرۆکانە دیاردەی هەستپێنەکراوو نەناسراو بەڵام فام هەڵگر لەم جیهانە بۆ ئێمە دەخەنەڕوو، بەشێکیان تەنها چەن کارکردێکیان هەیەو ئەمەش ئەو شتەیە کە چیرۆکی باشدەکرێ بیبێتو کورتیو درێژیەکەی چ جیاوازییەکی هەیە ئەو کاتەی چیرۆکێک دەتوانی کورت هەموو شتێ بڵێت.

تۆماس بێرنهارد ئەوەندە شەیدای کورتنووسینە دەڵێت :"دەمەوێ هەموو شتێ لەرستەیەکدا بڵێم" بەڵام خودی ئەو دواتر دەڵێت " هیچ کەس ناتوانێ هەموو شت لەرستەیەکدا بڵێت"

ڤۆلفۆندرا چێک جارێ لەشوێنێکدا نووسی، رستە گەلێک هەن کە بەڕستەیەک ناوترێن، جگەلەوە کافکا لەیادداشتە رۆژانەکانیدا شتێکی بێ ئەگەرە بتوانی هەموو شت بڵێیو ناتوانی هەموو شت نەڵێی؟



### چیرۆکە مینیماڵیزتییەکان پێشەکی هەڵنەگرن.

هەر لەسەرەتای سەرەهەڵدانی رۆمانو کورتەچیرۆکەوە پێشەکی نووسین یەکێکبوو لەتوخمە بونیادییەکان کە نووسەران کەڵکیان لێوەرگرتووە. هەر لەگەورە نووسەرانێکی وەک داستایۆفسکی و تێۆلستۆیەوە بگرە تا دەگاتە ماکسیم گۆرکی، گیدی مۆپاسان، ویلیام ڤاگنەر، کافکاو جۆیس، پێشەکیان وەک پردێک بەکارهێناوە بۆچوونە ناو چیرۆکەوە.

چیرۆکی کورتی " دوو ژن خۆشەویست" لەنووسینی جەیمز جۆیس بەم پێشەکییە دەستپێدەکات.

ئێوارەی گەرمی مانگی ئووت ئاسمانی شاری گرتووەتەوەو هەوایەکی گەرمی ئارام، کە هاوین بەیاد دێنێتەوە لەشەقامەکاندا لەهاتوچۆدایە، لەو شەقامانەی کە لەبەر پشووی رۆژی یەکشەممە دوکانەکانی بەستراوەو حەشیمەتەکە بەشادییەوە دێنو دەڕۆنو شەپۆل دەدەن، چراکان وەک مرواری سپی، لەسەر دارتێلە بەرزەکانەوە نوور دەپژێنن بەسەر زەوی زیندوو زێڕیندا کە بەردەوام بەگۆڕانی شکڵ و رەنگ ئاوازێکی نەگۆڕ و بێ کۆتایی دەبەخشێ بەهەوای گەرمی ئەو ئێوارەیە، دوو پیاوی گەنج لەتەپۆڵکەی گۆڕەپانی رۆتلەندەوە دێنە خوار.."

نووسەر سەرەتا بەوەسفکردنی "شوێنو کات " چیرۆکەکەی دەستپێدەکاتودواتر "دووپیاویگەنج لەتەپۆڵکەی گۆڕەپانی رۆتلەندەوە دێنە خوارو...." کەسایەتییەکانو جووڵە گێڕانەوەییەکان بۆ شکڵ گرتنی گەڵالەی چیرۆک دەستپێدەکات، بەڵام ئەم توخمە لەچیرۆکە مینیماڵییەکانو بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی کە بەفلاش فیکشن ناسراون، نابینرێ.

# دەربارەی سامۆئێل بێکت

و : یوسف زەماوەنگەیی
بەشی دووەم

**بەردەوامی بێکت لەگەڕانی فەلسەفیدا:**
بەرهەمەکانی بێکت بەشێوەیەکی گشتی بریتین لەفێربوونی قوڵی ئەو بۆ شتەکان، هەروەها پڕن لەخەیاڵو ئەندێشەی جوانو لەوێشەوە درێژدەبێتەوە بۆ سەرچاوە ئەدەبیە جۆاوجۆرەکانو پاشانیش بۆ کاریگەری گەورەی تێدەکرێت لەلایەن چەندەها نووسەری فیکریو فەلسەفی، نمونەی روونیش بۆ کاریگەری راستەوخۆ لەسەر کارە ئەدەبیەکانی بێکت (دانتی) ی ئیتاڵیو فەیلەسوفی فەرەنسی (رێنیە دیکارت)و فەیلەسوفی هۆڵەندی سەدەی حەڤدەیەم (ئارنۆڵد گیلینکس) —کاریگەری گەورەی (دیکارت) لەسەر بێکت بەتایبەتی لەڕووی کارلێکی هەردوو دیوی رۆحیو جەستەییەوە دەردەکەوێت—جگەلە گاریگەری ئەم نووسەرانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەمێنێتەوە سەر کاریگەری نووسەرێکی تر لەسەر بێکت، کە ئەویش هاوڕێی نزیکی ئێرلەندی خۆی (جەیمس جۆین) ە، جگە لەم هەموو کاریگەریانەش، پێویستە ئەوەش بزانرێت کە ئەندێشەی پڕ لەکارای بێکتیش کەمنەبووە لەسەر کارە فەلسەفیو فیکریەکانی، ئەو بیرۆکەو دیدەنیگا پڕ لە بێهیواییو رەشبینیەی بێکت بەرامبەر بەژیان تەنها کاری ناوەندە بڵاوکەرەوەکان بووە، چونکە ئەگەر بەقوڵی رۆبچینە ناو تێگەیشتنی بێکت سەبارەت بەژیان، ئەوکاتە دەزانرێت کە مەبەستە سەرەکیەکانی ئەو لەبەرهەمەکانیدا بریتی دەبێت لەبوونی دژوارو ناسازی کەسی بێدەرەتانو سواڵکەری ناو تەنەکەزبڵەکان، هەروەها ئەو خەڵکانەی کە لەسایەی جەنگدا پەلەکانی جەستەیان لەدەستداوەو توشی نوقسانی بوون، ئەم هۆکارانەش زۆرینەی کەرەستەی کارەکانی بێکت دروستدەکەنو دەبنە جیهانە ئەدەبیەکەی_هەڵوێستی خەڵکی سەرەمەکەی بێکت بەرامبەر بەیەکتر، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، چاوچنۆکیو قۆرخکردنی سامان، هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بەپلەوپایەو توندوتیژی بەکارهێنان لەسێکسدا، ئەمانەش تەنها وەکو رواڵەتو خۆشی کاتی بۆ بێکت لەبووندا (The existence) دەردەکەوتن یان لەلایەکی ترەوە لایەنی ساختە و هەلقۆستنەوە کە

کێشە گەورەکانو ئازارە راستەقینەکانی مرۆڤ دادەپۆشن، ئەو پرسیارە سەختو سەرەکیانەی کە بێکت لەبەرامبەر مرۆڤایەتیدا بەرزیاندەکاتەوە ئەمانەن: چۆن بگەین بەو راستیەی، بەبێ ئەوەی پرسیارمان لێکرابێ بۆ هەبوونی، کە فڕێ دراوینەتە ناو ئەم جیهانە یان ئەم بونەوە ؟ ئێمە کێین ؟ سروشتی راستەقینەی خوودەکانمان چین ؟ مرۆڤ مەبەستی چیە کاتێک کە دەڵێت "من" ؟

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت وەکو دەرکەوتنێکی ساختە لەسەر بێهیوایی مرۆڤ ئەوەیە کە ململانێیەکی بێهودەیە بۆ لایەنە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ، هەردوو پاڵەوانە سەرەکیەکەی شانۆنامەی (لەچاوەڕوانی گادۆدا) کەناویان (رۆزێنگرانتس)و (گیلدستن) ە، لەلایەن رەخنەگرە ئەدەبیەکانەوە وەکو بێدەرەتانی سەرشەقامەکان ئاماژەیان پێدەکرێت، بەڵام بەم شێوەیە ئەو دوو پاڵەوانە لەدیدەنیگای بێکتەوە دەرناکەون، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەوان لەدوو بنەمای سەرەکی ژیانی مرۆڤ دەرکەتوونو نازانن بۆچی هاتونەتە ئەم ژیانە، لەکاتێکدا مرۆڤ بوونەوەرێکی لۆجیکیەو ناتوانێت خەیاڵی ئەوە بکات کە هاتنی بۆ ژیان پرۆسەیەکی تەواو بێ ئامانجو بێمەبەستە، دوو پاڵەوانەکەش وابیردەکەنەوە کەبوونی ئەوان، لەشانۆکەدا بەشێوەیک دەردەکەون کە لەشوێنێکی خاڵی بن، تەنها ئەوە نەبێت کە نزیکی دارێکن، لەچاوەڕێی کەسێک دان، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوەنیە کە ئەو کەسەی دێ بەهانایانەوە، کە ناوی (گادۆ) یە، هەرگیز ئاگای لەئەمان بێتو کاتێکی بۆ ئەمان تەرخانکردبێت—یان تەنانەت ئەگەر هەر بوونیشی هەبێت، بۆیە تەحەمولو ناڕەحەتی هەردوو پاڵەوانەکە لەچاوەڕوانیەکی بێهودەو سستدا وەکو گەشتێکی بێ ئامانجو سەرلێشاو لەلایەن بێکتەوە تەماشا دەکرێت، لەئەدەبە چالاکو چوستەکاندا زۆربەی پاڵەوانە سەرەکیەکان زۆرجار بەتەنگو شوێنی چەند مەبەستێکی ئاشکراوەن وەکو گەڕان بەدوای هێزو سامانو خێزان دروستکردن لەگەڵ کەسێکی پەسەندکراودا، بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە خەڵکانە ئەو ئاواتو خەونانەی کە هەیانبووەو هێناویانەتە دی وەڵامێک دەبێت بۆ ئەو پرسیارانەی کە بێکت کردوونی؟ ئایا، بۆ نمونە،پاڵەوانەکە ئەگەر ئەو

خانمەی کە خۆشی دەویست، لەگەڵیدا خێزانێکی دروستکرد، هەتا کۆتای ژیانی بە بەختەوەری دەژی؟ هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە بێکت وازی لەپرسیارە ناپێویستو بێبەهاکان هێناوەو لە کاری نووسینێکەوە وەستاوەو پاشان رۆشتووە بۆ نوسێنێکی تری.


ئەگەر زاراوەی راستی رووتبکرێتەوەو کاکڵەی لۆجیکی کارو مەبەستەکانی بێکت وەربگیرێت، ئەوا جەختکردنو بوێرییەکی فراوانو پانتایی دار لەکارەکانی ئەودا دەبینرێت، ئەمەش لەسەرەتاییترین بەرهەمی لەکارەکانیدا دەردەکەوێت ئەوانیش لەهەردوو بەرهەمی (زیاتر ئازار لەچاو لێدا)و (مۆرفی)دادەکەوێت کە ئەم بەرهەمانەش لێوانلێون لەگێڕانەوەیەکی وەسفی دورودرێژ، لەدوا رۆمانی بێکتدا کە ناوی (وات)ەو بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، دەوروبەرەکە پێگەیەی جوگرافی ئێرلەندیە، بەڵام زۆربەی رووداوەکان لەجیهانێکی ئاڵۆزی خەیاڵیدا روودەدەن، پاڵەوانی رۆمانەکە کە ناوی (وات) ە، کارێکی خزمەتکردنی چنگ دەکەوێت لای پیاوماقوڵێک بەناوی (مستەر نۆت)، بۆیە (وات) ماوەیک لای گەورەکەی کاردەکات بەبێئەوەی هێشتا رووبەڕووی بوبێتەوە یان روومەتی گەورەکەی بینیبێت، پاش ماوەیکی کەم لەسەر کارەکەی دەردەکرێت، هێماو مانای قوولی مرۆڤ لەپەنهانو خەیاڵدا روونو سادەیە.

زۆربەی کارەکانی بێکت هەمان ئاستی ئاڵۆزیان هەیە، لەدوا شانۆنامەیدا (دواین یاری ١٩٥٧) وەسفی پەیوەندیەکی تەمەن کورت ئەکات لەنێوان خزمەتکارێک، (کلۆڤ) لەگەڵ گەورەکەی کە پیاوێکە بەناوی (هام)، ئەو دوو کەسایەتیە لەماڵێکی شێوە بازنەییدا، کە دوو پەنجەرەی بەرزی پێوەیە، نیشتەجێدەبن، کە پێ ئەچێ لەشێوەی ئێسکی سەری مرۆڤ بێت، رەنگە نواندنی ئەم شانۆنامەیە سیمبولێک بێت بۆ کۆتاییهاتنی کەسایەتی مرۆڤ لەماوەی کاتژمێرێکی مردن، یان ئاماژەیەک بێت بۆ لێکترازانی پەیوەندی نێوان هەردو دیوی جەستەو رۆحی مرۆڤ، لەشانۆنامەی یەک دیمەنی (دواین تۆماری کراپ ١٩٥٨) بێکت سەبارەت بەپیاوێکی بەتەمەن نواندنەکان نیشاندەدات کە ئەو پیاوە گوێ لەدانپیانانەکانی دەگرێت کە لەو ساڵە رابردووەکانی تەمەنیدا تۆکاری کردوە کە بەختەوەر بووە، ئەم کارەی

بێکت نیگایەکی پڕ لە تەم ومژ و تاریکی بۆ خودی مرۆڤ دروستدەکات، چونکە کاتێک کە (کراپ) ی پیرەمێرد گوێ لەدەنگی خۆی دەگرێت کاتێک کە لەبەهاری تەمەنیدا بووە، ئەوا دەنگەکە تەنها دەنگی کەسێکی نامۆیەو هیچی تر، کەواتە، بەچی واتاو پێوەرێک هەردوو (کراپ) ەکە دەبن بەهەمان مرۆڤ ؟ لەبەرهەمێکی تریدا کە بەناوی (رۆژە بەختەوەرەکان ١٩٦١) ە، بێکت دێت چیرۆکی کچێک باسدەکات کە بەوتای وشە لەزەویەکدا بە بەردەوامی نوقم دەبێتو لەگەڵ ئەوەشدا یەکبینە قسە دەکات سەبارەت بە بێ نرخی ژیان، واتای قوڵی ئەم بەرهەمەی بێکت ئەوەیە کە هەروەکو چۆن مرۆڤ لەژیانیدا بە بەردەوامی لەمردن نزیکدەبێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێوەیەک خۆی نیشاندەدات کە پرۆسەی ژیان هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت، لەکارێکی تریدا کە بەرهەمێکی سێیەنەیە (trilogy) و گێڕانەوەیەکە لەسەر شێوەی پەخشان نوسراوە، ئەگەر ئەوکارەی بێکت بەشێوەیەکی سنوردار قسەی لەسەر بکرێت، رۆمان نیە، بەڵکو ئەمە تێکئالانی هەرسێ چیرۆکی (مۆڵۆی)

و (ماڵۆن دەمرێت)و (ناولێنەنراو)ە، هەروەها لەکۆمەڵە چیرۆکی (دەقەکان بۆ هیچ ١٩٦٧)، بێکت کێشەیەکی گرنگ دەخاتەروو کە لایەنی ناسنامەی مرۆڤە لەگەڵ ناخی خودیدا، لێرەدا لەگۆشەنیگای بێکتەوە کێشە سەرەکیەکە بەشێوەیەکی سادە ئەوەیە: کاتێک من دەڵێم" من دەنوسم ."من باسی خۆم دەکەم، لێرەدا بەشێکی خودی خۆم باسی بەشەکەی ترم دەکات کە چی دەکەم، من لەهەمان کاتدا چاودێرو بابەتی چاودێریم، ئایا کام لەو دووانە (من)ی راستەقینەیە؟ لە گێڕانەوە پەخشانئامێزەکەیدا، بێکت بەردەوام بەدوای رۆحی ئاڵۆزی خودەوەیە، بۆ ئەو، رۆح بریتیە لە جۆگەلەی بیروهۆش

لەگەڵ چاودێری خود، بەئاگابوونی یەکێک سەبارەت بەبوونی لەژیاندا بۆ یەکێت بریتیە لەجۆگەلەی بیروهۆش، سەرەتای خوێندنەوەکەی بێکت لەفەلسەفە قوڵەکەی (رێنیە دیکارت) سەبارەت بەبوون دەست پێدەکات کاتێک دەڵێت (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم. Cogito ergo sum)، بێکت لێرەدا دەیەوێت بگات بەجەوهەری بوونو وتەکەی (دیکارت) وەکو ئامێرێک بەکاردەهێنێت هەتا زاراوەی (جۆگەلەی بەئاگابوون) دەربارەی بوونی کەسێک ئاشکرابکات، ئەوەی بێکت پێیگەیشت سەبارەت بەبوونی کەسێک، بریتیبوو لەزنجیرەی قوڵی چاودێری کەسەکان کە خۆسان لەکۆتاییدا دەبن بەبابەتی چاودێری لەلایەن چاودێرە نوێوە، جا ئەمە چ لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک بێت یان لەهەر رێگەیەکی ترەوە، بۆنمونە لەچیرۆکی (مۆڵۆیو مۆران)دا، بێکت بەشێوەی روون، ئەوخاڵەی کە لەپێشەوە باسکرا، باسدەکات، هەر لەیەکەم بەشی چیرکە سێینەکەدا، (مۆڵۆ) و (مۆران) دوو کەسی چاودێرو چاودێریکراون بۆ یەکتری، لەبەشی دووەمی کارەکەی بێکتدا، یەکێک لەدوو کەسایەتیە سەرەکیەکە چیرۆکە چیرۆکو گێڕانەوە دروستدەکات سەبارەت بەژیانی کەسانی تر، لەکاتێکدا کە ژیانی خۆی چەندەها رووی ئەو چیرۆکانەیە، لەبەشی سێیەمی چیرۆکەکە، بێکت دەمانگەیەنێتە خاڵی کۆتایی کاتێک کە دەنگێک دێتەبەر گوێ، دەنگێکی نەناسراوە، بەڵام ئەوە روونیە کە ئەوە دەنگێکە لەپشتەوەی گۆڕێکەوە دێت یان حاڵەتی لەبیرچوونی پێش لەدایکبوونە، هەروەکو چۆن کە ئێمە ناتوانین هەست بەئاگابوونی خۆمان بکەین کە لەوێ نین—"من ناتوانم هەست بەوە بکەم کە بوونم کۆتاییهاتووە"— لەبەرئەوە بەئاگابوون بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بۆ ئامادەنەکراوە، بێکت سەبارەتبەهەمانبابەتیبەئاگابوون، لەکارێکی تری دا کە شانۆی (شانۆ ١٩٦٣) یە، راستیەکان روون دەکاتە، ئەم بەرهەمەی بێکت باسی ئەو ساتە ناخۆشانەی سێ کەسایەتی دەکات کە هەیانە دەربارەی بەئاگابوون، لەکاتێکدا کە پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ سێ هەستی خۆشەویستی بێ نرخ هەیە بۆ ژیان، کەچی لەهەمان کاتیشدا زۆر تامەزرۆی جیهانی هەتاهەتایین.



# جەی دی سالینجێر

ئا: مستەفا

جەی دی سالینجێر، رۆماننووسی ناوداری ئەمریکاییو خاوەنی رۆمانی (The Catcher in the Rye) رۆژی چوارشەممە ٢٧ی تشرینی دووەم لەتەمەنی ٩١ ساڵیدا لەماڵەکەی خۆی لەویلایەتی نیو همشایر بەهۆی پیرییەوە ماڵئاوایی لەژیان کرد.


جرۆم دەیڤید سالینجێ، کوڕی بازرگانێکی جوولەکەی دەوڵەمەندبوو و دایکی بەرەچەڵەک سکۆتلەندی—ئایرلەندی بوو، سالینجێر ساڵی ١٩١٩ لەنیویۆرک لەدایکبوو و لەمەنهەتن گەورە بوو.

پێوەندییەکی ساردی لەگەڵ باوکی هەبوو و ململانێ لە گەڵ شۆناسی جوولەکە بوونی کاریگەری قووڵی لەسەر دانا.

سالینجێر ئەو کاتەی چووە ئەکادیمیای سەربازی "ڤۆلی فۆرج" لەپنسیلوانیا، دەستیکرد بەنووسینی چیرۆک، سالینجێر دوایئەوەی وازی لەخوێندن هێنا نێردرایە ئەم ئەکادمیایە.

سالینجێر لەدەیەی ٤٠ی زایینیدا چیرۆکی زۆری لەبڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی وەک نیویۆرکەر بڵاوکردەوە.

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەبەشی دژە زانیاری لەئەرتەش ئیشیدەکردو جەنگی خوێناوی نۆرمانندیو بالیجی بەچاوی خۆی بینیو ئەمانە کاریگەری خراپی لەسەر هەبوو




بە وتەی کچەکەی "پێگی" سالینجێر بینەری دیمەنی ترسێنەر بووە لەئۆردووگاکانی ئەڵمان.

سالینجێر لەباری دەروونییە لەدۆخێکی خراپدا بوو و لە فەرەنسا لەگەڵ پزیشکێکدا زەماوەندی کرد، بەڵام دوای ٨ مانگ لێکجیابوونەوە.

سالینجێر بەبڵاوکردنەوەی رۆمانی (The Catcher in the Rye) زۆرزوو لەجیهاندا ناوبانگی دەرکرد، ئەم کتێبە دەربارەی ٤٨ سەعات لەژیانی هۆڵدن کالیفێڵد، تازەلاوێکی سەرکەشە کە لەدۆخێکی خراپی دەروونیو رۆحییدایەو خەریکی پیاسەکردنە لەشەقامەکانی نیویۆرک.

دوای تێپەڕبوونی چەندساڵ لەبڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە، ئەم کتێبە بوو بەئینجیلی تازەلاوانی یاخی ئەمریکاو یەکێکە لەو دەقانەی لەزانکۆکانی ئەمریکادا دەوترێتەوە..

سالینجێر لەساڵی ١٩٦٥ەوە هیچ کتێبێکی چاپو بڵاو نەکردەوەو بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو لەگەڵ ئەو کەسانە دیدار بکات کە دەیانویست دەربارەی ژیانی بنووسن یان ژیاننامەی بکەن بەفیلم.

هەرچەن ساڵانێکی زۆر بەسەر بڵاوبوونەوەی رۆمانی (The Catcher in the Rye) تێپەڕدەبێت، بەڵام هاوڕێکانی باسلەوە دەکەن لانیکەم ١٥ رۆمانی بڵاونەکراوەی لەپاش بەجێماوە.

# لەئایینەکاندا وەحی سەرچاوەی یاسادانانە، بەڵام لەسیکۆلاریزمدا یاساکان زەمینی دەکرێنەوە

بەیان عەزیزی بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور
بەشی سێیەمو کۆتایی

**بەرمەبنای ئەو ئیشکالیەتەی کە لەنێوان هەریەک لەچەمکی ئایینو دەوڵەتو سیاسەتو سیکۆلاریزمدا هەیەو ئەو گفتوگۆو دیالۆگانەی کە بەردەوام لەسەر ئەم بابەتانە دەخرێنەروو، لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم چەمکانە لە چ یانتاییەکدا دەتوانرێ راڤەیەکی تەندرووستیان بۆبکرێتو لەکوێدا دەتوانن خۆیان مانیفێست بکەن، بەو پێیەی کە هەریەک لەوان بەمانا پۆزەتیڤەکانی خودی خۆیان ئاشنابنو لە حاڵەتێکی پاسیڤەوە بەرەو حاڵەتێکی ئەکتیڤ ئاراستە بکرێن، لەبەر رۆشنایی ئەم ئیشکالیەتانە رۆژنامەی دەستوور گفتوگۆیەکی لەگەڵ خاتوو بەیان عەزیزی مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین سازداو بەسوپاسەوە بەرێزیان سەرنجەکانی خۆی بۆ رۆژنامەکەمان خستەروو، هەروەها لەبەرنامەماندایە هەرلەسەر ئەم بابەتە لەداهاتوودا درێژە بەم گفتوگۆیە بدەینو رووناکبیرو کەسانی تری خاوەن بیرورای جیاواز گفتوگۆبکەین.**

**دەستوور:** بەرای تۆ پرەنسیپی سەرەکی لەسیکۆلاریزمدا چیە؟ تاچ رادەیەکو لەسەر چ ئاستێک بیرکردنەوەی ئایینی دەتوانێ بوونی هەبێ لەسیستمێکی سیکۆلاردا؟

**بەیان عەزیزی:** شارستانیەتی رۆژئاوا لەسەر بنەمای سیکۆلاریزم دیزاین کراوەو فەرهەنگی سیکۆلاریزم لەسەر وێرانەکانی سەدەکانی ناوەراست دامەزراوە، بەدەستپێکی سەردەمی رێنیسانس سەرەتا ئایینی مەسیحیەت کەوتە بەر گومانو رەخنەو پاشان دەیان قوتابخانەی فیکری بۆ پرکردنەوەی بۆشایی ئایینێکی گشتگیرو هەمەلایەن هاتنەئاراوە، بەخێرایی دەکرێ پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیکۆلاریزم بەمانە بزانین:

١- ئومانیزم واتا مرۆڤخوازیی کەگرنگترین پۆینتە، لەئومانیزمدا مرۆڤ شیکلو تەوەرەی هەموو بابەتەکانەو خۆی خولقێنەری بایەخەکانو پێوانەی هەڵسەنگاندنی خێرو شەرە، رۆسۆ ویژدانی مرۆڤەکان بەقازیی دەزانێتو بایەخەکان بەبایەخی زەمینی ناو دەبات، دیارە بانگەشەی دروستکردنی بەهەشت هەرلەم جیهانەدا دەکرێو هێزێکی سەرتر لەهێزی مرۆڤ رەفزدەکرێتەوە، ئیمانی تاکو باوەڕی ئەو جێی رێزە بەڵام ئەمانە گشتی نابێتەوەو دەچێتە خانەی ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە.

٢- یاسای سرووشتی کە بەناوی مافەسرووشتییەکانیش ناوی لێدەبرێت، ئەمە سەرچاوەی یاساکانی سیکۆلاریزمەو باسلەوە دەکات کە لەئایینەکاندا وەحی سەرچاوەی یاسا دانانە، بەڵام لەسیکۆلاریزمدا یاساکان زەمینی دەکرێنەوەو لەدەقی سەردەمو نیازەکانی مرۆڤەوە دێت، بۆیە تاکەکان بەهەموو ئایین یان بێ دینییەکەوە دەتوانن پێکەوە ژیانییان هەبێت، تۆماس هابز لەسەر ئەوباوەڕەبوو کە ئازادی سەروەری هەموو شتێکەو مرۆڤ دەبێ لەئازادییداو بە لەبەرچاوگرتنی مافی تاکەکانی تر بگات بەهەر شتیک کە ئیرادەی کردووە.

٣- تاکخوازیی کە لەئەندێشەکانی کانت، جان لاک، لایب نیتس ئیسپینۆزا، کیرکیگارد و. . . سەرچاوەی گرتبوو،

٤- عەقڵخوازیی یان راسیۆنالیزم کە باسلەوە دەکات عەقڵ هێزیکە مرۆڤ دەتوانێ بەیارمەتی ئەو هەموو گرفتەکان چارەسەربکاتو ئایینو باوەڕەمیتافیزیکییەکان بە نازانستی دەژمێرێت، سوننەتی عەقڵخوازیی دەگەرێتەوە بۆ دیکارتو فەرامۆشماننەکردووە لەفەلسەفەی کلیسادا عەقڵ خزمەتکاری ئیمان بوو.

٥-زانستخوازیی: لەئاماژەیەکی خیرادا دەتوانم باس لەتیۆرەکانی داروین بکەم کە باوەڕی بەگۆرانکاریی سرووشتو مادی بوونی هەموو رووداوەکان بوو، پێش داروین مرۆڤ بوونەوەرێکی پیرۆزبوو کە جیهان لەبەرئەو خولقاوە بەڵام تیۆرەکەی داروین هەرجۆرە پیرۆزبوونێکی لێسەندەوەو سروشتی بەخولقێنەر ناوبرد.

دیکەی پرەنسیپەکانیش بریتیین لەئازادیخوازیی، ماشینیزمو ماتیریالیزم، بەناوبردنی ئەو پرەنسیپانە دەردەکەوێ لەکوێدا بیری ئایینی دژ بەسیکۆلاریزم رادەوەستێت، ئەندێشەی ئیسلامی باوەڕی بەزۆریک لەو پرەنسیپانە هەیە، بەڵام بەخوێندنەوەیەکی جیاوازەوە، بۆ وینە کەرامەتو گەورەیی تاک بەناوی مرۆڤەوە سەرترە لەسرووشتو هەربوونێکی دیکە، لەسیستمێکی سیکۆلاردا بیری ئایینی جێی رێزە لەبەرئەوەی مرۆڤیک هەڵیبژاردووە، بەڵام ئەم بیرە نابێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێتو دەبێ لەقەوارەی دامەزراوەیەکدا بمێنێتەوە.

**دەستوور:** ئایا بیرکردنەوەی ئایینی دەتوانرێ بەسیکۆلار بکرێ؟

**بەیان عەزیزی:** بیرکردنەوەی ئایینی لەدەقەری یاسادا باشتر لەهەموو شوێنێک خۆی نیشاندەدات، دەقەری یاسا ئەوەیە کە دیدو باوەڕەکان دەبن بەفەرمانو لازم الاجرا دەکرێنو ژیانی تاکیو کۆمەڵایەتی بەپێی ئەویاسایانە دەڕواتە پێشەوە، بەگشتی لەئایینی ئیسلامدا دوو جۆر یاسامان هەیە، یاسا نەگۆڕەکان (Fixed) کە هەمیشەیین، لەوەحیو دەقی قورئانەوە هاتوونو یاسا کاتیو بگۆڕەکان (changeable) کە بەپێی بەرژەوەندی مرۆڤ لەهەر سەردەمێکدا توانایی گۆرانییان هەیە، زۆرێک لەیاساکانی پەیوەندیدار بەسزادانو قیساسو نایەکسانی مافی ژنو پیاو دەچنە خانەی یاسا نەگۆرەکانەوە، لێرەدایە کە دیالۆگی نێوان ئیسلامو سیکۆلاریزم دەگاتە بنبەستو هەرگیز ناگەنە وەڵامێکی هاوبەش پێکەوەن بەڵام وردەکارییەکانی تایبەت بە یاسا ئابووریو سیاسییەکانو پێوەندی وڵاتی ئیسلامیو. . . ئەمانە یاسای بگۆڕن، زۆرجار یاساکانی حکومەتێکی ئیسلامیو کۆمەڵگایەکی سیکۆلار لێرەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە، بەهەرشێوە چۆنیەتی بەرەوڕووبوونەوەی ئیلیتەکانی هەر کۆمەڵگایەکو بەتایبەت کەسانی ئایینی لەگەڵ سیکۆلاریزمدایە کە دەتوانێ لایەنێک لەبیرکردنەوەی ئایینی دابنێت بۆ پرەنسیپەکانی یان بەتوندی هەموو بابەتە پۆزەتیڤەکانی سیکۆلاریزمیش قبوول نەکات، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ رادەی تەحەمولی کۆمەڵگاو رادەی ئاوێتەبوونی ئایینو سیاسەت لەهەر دەڤەرێکی جوگرافیاییدا.

**دەستوور:** ئایا ئەو عەلمانیەتەی کە لەتورکیادا بوونی هەیە عەلمانیەتێکی شەڕانگێزو توندڕەونیە؟ گەر پێتوایە شەرانگێزە، ئەو هۆکارانە کامانەن کەوای لێکردووە توندڕەو شەڕانگێزبێت؟

**بەیان عەزیزی:** وڵاتی تورکیا بارودۆخیکی جیاوازی هەیە، لەبەرئەوەی لەدوو کیشوەردا جێگیرە، هەموو هەوڵی تورکیا چوونە ناو یەکێتی ئەوروپایەو بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ساڵانێکە هەوڵیکی زۆر دەدات، لەمپەرەکانی بەردەم تورکیا ئەگەر بکرێ لەدوو خاڵی گرنگدا باسیبکەین دەبێتە پرسی مافی مرۆڤ کە گرێدراوە بەدۆخی کوردەوەو تا ئیستا چارەسەرنەکراوە، هەروەها پرسی ئیسلامو یاسا سیکۆلارەکانی ئەو وڵاتە، حیزبیئیسلامی (عەدالەتوگەشەپێدان) خاوەن دەسەڵاتیکی زۆرە لەتورکیاو دژ بەیاسا سیکۆلارەکان رادەوەستێت، لەلایەکی دیکەوە جەماوەرێک کە زۆربەیان موسوڵمانو بەستێنی وڵات پێکدەهێنن بەویاسایانەوە دەژین، تورکیا تائیستاش پابەندە بەیاساکانی (ئەتاتۆرک) کە ئامانجەکانی مۆدێرن بوونو سیکۆلارکردنی کۆمەڵگابوو، ساڵی رابردوو ساڵێکی دژواربوو لەسیاسەتی تورکیادا، کاتێک حیزبی عەدالەت دژ بەیاسای قەدەغەبوونی حیجاب لەزانکۆکاندا بەرهەڵستی سیاسییان گرت سیکۆلارەکانی تورکیا کیشەکەیان بردە دادگاو پەرلەمانو حکومەتیان هەژاند، ئەوان بەرهەڵستی حیزبە ئیسلامییەکەیان بەهەوڵدان بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، لاوازکردنی حکومەتو سرینەوەی یاسا سیکۆلارەکان ناوبرد، پاش چەند مانگ دڵەراوکێیەکی زۆر دروستببوو لەئاکامدا حکومەت هەتا لابردنی ئەوحیزبەش چووە پێش، ئیسلامییەکان کشانەوەو لەبەرامبەر یاسای لەچکەدا بیدەنگبوون لەقەرەبووکردنەوەدا، حکومەت ئەوحیزبەی هێشتەوە، لەماوەی دوو هەفتەدا هەتا دەنگی کۆتایی دادگا کاریگەریەتی ئەو بارودۆخە ئەوەندە زۆربوو کە چەندین لایەنی گرتەوە، لابردنی حیزبێکی بەهیز لەتورکیا دیسان ئەو وڵاتەی لەچوونە ناو یەکێتی ئەوروپا دوورتر دەخستەوە، هەروەها لەدەقەری ئابووریشدا رۆڵی نێگەتیڤی هەبوو بۆرسەی ئیستانبول تووشی دابەزینێکی خراپ بوو کە تا کۆتایی ئەو باسە سەرنەکشایەوە، (رەجەب تەیب ئەردۆغان) لەدوای بریاری دادگا خێرا رایگەیاند دەوڵەتەکەی هەروەک جاران پابەندی پرەنسیبە لائیکەکانەو یاسای سیکۆلار بەسەر تورکیادا حوکم دەکات.


دەبینین تەنیا یاسایەک لەبارەی حیجابی ژنانەوە تا چ رادە حەساس دەبێتەوەو دەگاتە لابردنی حیزبێک هەتا دوورکەوتنەوە لە یەکێتی ئەوروپا، سیکۆلاریزم لەتورکیا سیکۆلاریزمێک نییە لەتایبەتمەندیو پێویستی کۆمەڵگاوە هاتبێت بەڵکوو چەمکو پرۆسەیەکی دەرەکی بووە کە ئەتاتۆرک رۆژگاریک ویستی بەهۆی ئەوەوە لەزووترین کاتدا تورکیا مۆدێرن بکات، بەڵام ئێستا دەبینین حیزبە ئیسلامییەکانی تورکیا لەبەرامبەر ئەو سیکۆلاریزمەدا دەویستنو لەستراکتۆری دەوڵەتێکی لائیکدا خۆیان بەخاوەن بەش دەزانن کە تائێستاش گەلێک پۆستییان بەدەستهیناوە.

**دەستوور:** سیکۆلاریزم وەک ئەوەی کە هەیە توانیویەتی ببێ بەشوناسی حیزبی کوردی؟ دەتوانین بڵێین لەهەرێمی کوردستاندا سیکۆلاریزم مانیفێستی خۆی کردوە لەرێگەی ئەم حیزبە کوردیانەوە؟

**بەیان عەزیزی:** ناکرێ بەوشەیەکی سادە وەک بەڵێ یان نا وەڵام بدرێتەوە، ئەوەی کە کام حیزب مانیفێستی سیکۆلاریزم پەیرەو دەکاتو کامەیان نا، قسەکردن لەسەر بابەتێکی گۆڕاوە لەبەرئەوەی ژیانی مۆدێرنی ئەمرۆ ژیانێکە بەپێی قازانج (Profit) بەرێوەدەچێت نەلایەنگرییەکی چەقبەستوو لەهەندێ دروشمی دیاریکراوی حیزبێک، لەهەڵسەنگاندنێکی گشتیدا دەبیندرێ حیزبێک لەسەرەتاوە هەتا مانەوەی ئێستای چەندین قۆناغی بڕیوەو بە پێی یاسای گشتی (کەمترین خەسارو زۆرترین قازانج) کاریکردووە کە رەوشتێکی لۆژیکە، بریجار رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی سیکۆلاریزمو بریجاریش لادان لەوانە بەپێی بارودۆخ وایکردوە لای ئێمە ئەم بابەتە بابەتێکی چەند لایەنو سەیال بێت، پێناسەی زۆرو بەجێ لەحیزب کراوە. لەسادەترینییدا بەوتەی ماکس ڤیبێر حیزب ئەو ناوەندە کراوەیە کەسەکان بەئازادییەوە دێنە ناوییەوەو گرنگترین مەبەستی هەرحیزبێک ئەوەیە کە دەسەڵاتی هەبێت بەسەرخەڵک، حیزبو کەسەکانی تردا، کەواتە لەهەر حیزبێکدا دەکرێ کەسەکان بەهەموو جۆرە ئیمان یان باوەڕێکەوە ئەندام بن، بەڵام هەندێ لەحیزبەکان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی ئەندامەکانی خۆیان دەستنیشاندەکەنو بە ئیدئۆلۆرییەکی تایبەتەوە کاردەکەن، حیزبەکان تا رادەیەکی زۆر پەیوەندییان بە بەستینەوە هەیە واتا (Context Dependent)ن، بەسەرنجدان بەویستی خەڵک لەهەرساتو شوێنێکدا پرۆگرامی خۆیان دیاریدەکەن نەک ئەوەی تەنیا یەک پلان بۆ رەوتی گشتی کۆمەڵگایەک دابنێنو دیزانی ئەندێشەی جەماوەر بکەن. لەهەرحیزبێکدا بایەخو نۆرمەکان (Normative Justification) هێزێکی تایبەت پەیدا دەکەنو ئەندامانی حیزب بەپێی ئەو بنەمایانە رەفتاردەکەنو هەندی جاریش بەرژەوەندی کۆمەڵگا زاڵ دەبیت بەسەر هەندێ پرەنسیپی گشتی حیزبدا، سیکۆلاریزم سەربەخۆ نییە لەدەوڵەتو گرێدراوە بەفاکتەرێکی سەرەکی بەناوی شێوازی حکومەت کە تا چ رادەیەک مافی تاکەکان دەکات بەسەروەر لەبەرابەر مافی گرووپو ئایینو چینێکی جیاوازدا، حیزبەکان لەهەر وڵاتێکدا لەسەرێکەوە هەم پێوەند دەدرێنەوە بەدەوڵەت کە تا چ رادەیەک ئیزنی بوونو چالاکیان پێبدات، هەم لەسەرێکی ترەوە لەژێر کاریگەریەتی ویستەکانی کۆمەڵگادان، لەشوێنێکی تەواو ئایینیدا کە خەڵکەکەی بەدەمارگرژییەوە لایەنگری ئایینن، حیزبێکی لائیک کە ئاواتی دەوڵەتێکی سیکۆلاری هەبێت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر ئەکتیڤ بمێنێتەوە. پێچەوانەکەشی دروستە لەکۆمەڵگایەکیشدا کە ویستی جەماوەر ژیانێکی مۆدێرنە بەدەستکەوتو پرەنسیپەکانی سیکۆلاریزمەوە، حیزبە توندڕەوە ئایینیەکان بەهەڕەشەیەک دژ بەئارامیو سەقامگرتوویی دەژمێردرێن. ژیان لەکۆمەڵگایەکی مۆدێرندا هاوبەشیکردنە لەیارییەکی کۆییو سیاسییدا، حیزبەکان، دەوڵەتو خەڵک بەشدارانی یارییەکەنو یاساکانی یارییش هەمان پرەنسیپە گشتیەکانە. بریجار یاساکان سیکۆلارنو ئیزنی یاریکردن بەهەموو کەسێک دەدرێتو بریجاریش یاسایەکی دیکەن کە تەنیا ژمارێکی دیاریکراو ئیزنی هەبوونیان لەو یارییەدا پێدەدرێت.

> سیکۆلاریزم لەتورکیا سیکۆلاریزمێك نییە لەتایبەتمەندیو پێویستی کۆمەڵگاوە هاتبێت، بەڵکو چەمكو پرۆسەیەکی دەرەکی بووە

> لە شوێنێکی تەواو ئایینیدا کە خەڵکەکەی بە دەمارگرژییەوە لایەنگری ئایینن، حیزبێکی لائیك کە ئاواتی دەوڵەتێکی سیکۆلاری هەبێت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر ئەکتیڤ بمێنیتەوە



لە کوێدا ئایینو سیاسەت بەیەکگەیشتن، بەریەککەوتن روودەدات

یاری پاشکۆیەکی وەرزشی ڕۆژنامەی دەستوورە، ڕۆژانی دووشەممە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات



# تەمەنی ڤۆدگا ١٤٥ ساڵە




خواردنەوەی ڕۆحی ڤۆدگا ڕۆژی ٣١ی مانگی رابردوو تەمەنی بوو بە ١٤٥ ساڵ، بۆ یەکەم جاریش لە ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٥دا دروستکرا.

ڤۆدگا کە ساڵانە هەزاران کەس لەو کەسانەی دەیخۆنەوە لەوڵاتی روسیا دەبنە قوربانی، بەخواردنەوەیەکی نەتەوەیی دادەنرێتو جگە لەکاتەکانی خۆشیو ناخۆشی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بۆ گەرمبوونەوەو تەداوی کردنیش بەکاریدەهێنن. بۆ یەکەمجار ڤۆدگا زانایەکی بواری کیمیا کە ناوی دیمیتری مێندێلیێڤ بوو، لەنامەی دکتۆراکەیدا باسی لەڤۆدگا کردو ڕێژەی کهولی ناویشی بە لەسەدا ٣٨ دیاریکرد کە دواتر بەرزکرایەوە بۆ لەسەدا ٤٠.

# دووچاری تێکدان بوونەتەوە




سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکان بۆ پاراستنیان، بەڵام هێشتا بزوێنەرەکانی گەڕانو بەدواداچوون لەنێو تۆڕی ئینتەرنێت دووچاری تێکدانو یارییپێکردن دەبنەوە.

هەموو توێژەرەوەکانی گەڕانو ئاسایشی بزوێنەرەکان هاوڕان لەسەرئەوەی بەهۆی خێرایی بڵابوونەوەی ڕووداو و هەواڵەکان لەنێو تۆڕی ئینتەرنێت، بزوێنەرەکانی گەڕانی (گووگڵ)و (مایکرۆسۆفت بینگ)و (یاهوو سێرچ) بواریان ڕەخساندووە بۆ تاوانبارەکانی یاریکردن بەتۆڕەکانی ئینتەرنێت، بەتایبەت دوایئەوەی بزوێنەری گووگڵ بەکارهێنەرانی مایکرۆسۆفتو یاهووی سەرپشککرد لەوەی کە بابەتەکانی خۆیان بخەنە ناو سایتی بەناوبانگی (تویتەر)ەوە.

بەگوێرەی توێژینەوەکان (٨٨٪)ی ئیمەیلەکانی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی لەلایەن کەسانی تێکدەرەوە ڕەوانە دەکرێتو ژمارەی ئەو ماڵپەڕانەی لەساڵی ٢٠٠٩ دووچاری تێکدانو شێواندنی ناوەڕۆکەکانیان بوونەتەوە ڕۆژانە گەیشتووەتە ٢٤٦٥ ماڵپەڕ، ئەمە لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٨دا ٢٢٩٠ ماڵپەڕ بووە.

ئاماژەشیان بۆ ئەوەکردووە کە زەرەرمەندی سەرەکی لەو پرۆسەیەدا مایکرۆسۆفتو یاهوون بەردەوام لەچارەسەرکردنی ئەو کیشەیەدانو دەیانەوێت باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە بەکارهێنەرانیان بکەنو لەکاتی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی بزوێنەرەکانیان کەمترین زیان بەپێگەو هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بگاتو ئیمەیلو نامە ئەلەکترۆنیەکانیان پارێزراو بێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی
(بەئاگاداری بڵاوکردنەوە)

تۆمارکردنی ئامێرەکان: کارگەی چاوان بۆ پاککردنەوەی رادێتەری ئۆتۆمبێل لەناوچەی پیشەسازیدا

بەگوێرەی داواکاری لەلایەن بەڕێز (سەرکەوت عبدالکریم احمد) لەڕۆژی ٢٠١٠/١/١٣ کە تیایدا داوایکردووە ئەم ئامێرانەی خوارەوە بەناویانەوە بۆ تۆماربکەین جا هەرکەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە بابێتەلامانو بەڵگەنامەی ڕەسمی بهێنێت تاماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە لەڕۆژنامەدا تاکو کارەکە رابگرین، بەپێچەوانەوە ئێمە ناچاردەبین کە ئەو ئامێرانە تۆماربکەین بەناویەوە بەگوێرەی (یاسای تۆمارکردنی ئامێرەکان) ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٥٢) و بڕوانامەی تۆمارکردنی دەدرێتێ.

دادنووسی سلێمانی/ شۆخان عباس عوسمان

ئامێرەکان:

١-ئامێری پاککردنەوەو شۆردنی رادێتەری ئۆتۆمبێلی بچوک دروستکراوی ئەڵمانی ژمارە /٠٠١٢٨٨ تایپ/٥-١-١١ کارەبایی.
٢-ئامێری پاککردنەوەو شۆردنی رادێتەری ئۆتۆمبێلی گەورەو بچوک دروستکراوی ئەڵمانی ژمارە /٠٠١٢٨٧ تایپ / ٥-١-١١ کارەبایی.
٣-ئامێری شۆردنی رادێتەر دروستکراوی ئەڵمانی ژمارە/٢٥٠٤٥ کارەبایی.
٤-ئامێری کۆمپرێسەری هەوا دروستکراوی عێراقی (٢٠٠ لیتر) (٨ بار) بێ ژمارە.

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلانو بەدواداچوون

بانگەوازی ئاشکرا 189-R1

پرۆژە: دروستکردنی دوو تانکی (٣٠٠م٣) لەگەڕەکی شێخ محێدینو شەکرەکە لەسلێمانی.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێکردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی ) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠١) دەستپێدەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
*دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێڕی خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداریکردن:
١-پێویستە ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلین کردنیان ( ١ تا ٧) بێت،پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانو وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێبێت.
٢-ئەوبەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت للایەن (بەڕێوبەری گشتی بازرگانییەوە)
٣-هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤-بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنما ییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بەچەکێکی پەسەندکراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بەبڕی (١١,٠٠٠,٠٠٠) یانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ (٣٠) ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاریبکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداریدەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێبدرێت بۆ ساڵی نوێو پێناسەیان پێبێت.
٧-وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، کرێ ی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەر دەچێت.
٨- ئەوکەرەستانەی کەپشکنینی هەیە پێویستە بۆی ئەنجامبدرێت بەئامەدەبوونی لایەنی پەیوەندیدار.
٩-بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سودمەند لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقديم العمل) لەکاتی نەبونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠-نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێبێت.
١١-بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لەژمارە بەنوسینیش بنوسێت، بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین/ پارێزگای سلێمانی بەوەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلانو بەدواداچوون

بانگەوازی ئاشکرا 188-R4

پرۆژە: دروستکردنی سیاج بۆ یاریگای ئاوکورتە لەماوەت.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێکردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی ) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠١) دەستپێدەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
*دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤)کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆکارگێڕی خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداریکردن:
١-پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلین کردنیان ( ١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانو وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێبێت.
٢-ئەوبەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوبەری گشتی بازرگانییەوە)
٣-هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤-بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنما ییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بەچەکێکی پەسەندکراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بەبڕی (١,٥٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنچ سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ (٣٠) ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاریبکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێبدرێت بۆ ساڵی نوێو پێناسەیان پێبێت.
٧-وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، کرێ ی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەوکەرەستانەی کەپشکنینی هەیە پێویستە بۆی ئەنجامبدرێت بەئامەدەبوونی لایەنی پەیوەندیدار.
٩-بەڵێندەر لیستی ئەوکارانەی کەئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سودمەند لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقديم العمل) لەکاتی نەبونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠-نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێبێت.
١١-بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لەژمارە بەنوسینیش بنوسێت، بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین/ پارێزگای سلێمانی بەوەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی خۆجێیەتی/ بەڕێوە بەرێتی پلانو بەدواداچوون

بانگەوازی ئاشکرا 86-R4

پرۆژە: پاککردنەوەی کارێزەکانی کەناروێ (دووبارە١).
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێکردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی ) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠١) دەسپێدەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
*دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤)کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆکارگێڕی خۆجێیەتی.
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداریکردن:
١-پێویستە ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلین کردنیان ( ١ تا ١٠) بێت،پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانو وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێبێت.
٢-ئەوبەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوبەری گشتی بازرگانییەوە)
٣-هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤-بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنما ییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بەچەکێکی پەسەندکراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بەبڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ (٣٠) ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشدار بووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاریبکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێبدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧-وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆخاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەر دەچێت.
٨- ئەوکەرەستانەی کەپشکنینی هەیە پێویستە بۆی ئەنجامبدرێت بەئامەدەبوونی لایەنی پەیوەندیدار.
٩-بەڵێندەر لیستی ئەوکارانەی کەئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سودمەند لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقديم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠-نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١-بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لەژمارە بەنوسینیش بنوسێت، بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین/ پارێزگای سلێمانی بەوەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی خۆجێیەتی/ بەڕێوە بەرێتی پلانو بەدواداچوون

بانگەوازی ئاشکرا 90-R5

پرۆژە: لێدانی بیری قووڵ بۆ هاووڵاتی (رسول حمەاغا رسول) لەقەڵادزێ ( دووبارە٢).
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێکردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی ) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠١ ) دەستپێدەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠٤)کاتژمێر (٩)یسەرلەبەیانی تا (١٢) نیوەڕۆ
*دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤)کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆکارگێڕی خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداریکردن:
١-پێویستە ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلین کردنیان ( ١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانو وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێبێت.
٢-ئەوبەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوبەری گشتی بازرگانییەوە)
٣-هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤-بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنما ییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بەچەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بەبڕی (١,٥٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنچ سەدهەزار دینار وەر دەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاریبکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێبدرێت بۆ ساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧-وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆخاوەنەکەی کرێ ی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەر دەچێت.
٨- ئەوکەرەستانەی کەپشکنینی هەیە پێویستە بۆی ئەنجامبدرێت بەئامەدەبوونی لایەنی پەیوەندیدار.
٩-بەڵێندەر لیستی ئەوکارانەی کەئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سودمەند لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقديم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠-نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێبێت.
١١-بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لەژمارە بەنووسینیش بنووسێت، بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگای سلێمانی بەوەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی خۆجێیەتی/ بەڕێوە بەرێتی پلانو بەدواداچوون

بانگەوازی ئاشکرا 187-R5

پرۆژە: دروستکردنی بنکەی تەندروستی جۆری (E) لەگەڵ بینای ستاف لەگوندی قەمچوغە لەدوکان.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێکردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی ) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٠١/٢٨ ) دەستپێدەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠٣) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢) نیوەڕۆ
*دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆکارگێڕی خۆجێیەتی.
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١-پێویستە ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلین کردنیان ( ١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانو وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێبێت.
٢-ئەوبەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوبەری گشتی بازرگانییەوە).
٣-هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤-بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنما ییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بەچەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بەبڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠)شەش ملیۆن دینار وەر دەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشدار بووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاریبکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێبدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧-وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێ ی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەر دەچێت.
٨- ئەوکەرەستانەی کەپشکنینی هەیە پێویستە بۆی ئەنجامبدرێت بەئامەدەبوونی لایەنی پەیوەندیدار.
٩-بەڵێندەر لیستی ئەوکارانەی کە ئەنجامیداوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سودمەند لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقديم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠-نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێبێت.
١١-بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لەژمارە بەنوسینیش بنوسێت، بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگای سلێمانی بەوەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی خۆجێیەتی/ بەڕێوە بەرێتی پلانو بەدواداچوون

بانگەوازی ئاشکرا 186-R1

پرۆژ: نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکانی (حاجی قادر بێسەری+ڕەسوڵ+پیرە مەگرون+مەلارسولی دێڵێژە+خانەقای مەولانە+شەهیدانی جەمالی ڕەمزی و سەلار نوری مەعروف+بالیکەدەر ی+وەفای+شێخ مارف قەرەداغی+حاجی محمد سالح ئەحمەد لەگوندی ئەڵڵای خوارو+بانی میرانی سەروو لەقەرەداغ) لەسلێمانیو دەورو بەری.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کەتەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێکردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی ) لەتەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی (٢٠١٠/٠١/٢٨) دەستپێدەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/٠٣) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
*دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤)کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆکارگێڕی خۆجێیەتی.
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٢/١٤) کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداریکردن:
١-پێویستە ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلین کردنیان ( ١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانو وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێبێت.
٢-ئەوبەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوبەری گشتی بازرگانییەوە)
٣-هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤-بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنما ییەکان دەبێت،بەبڕی پارەی دیاریکراو بەچەکێکی پەسەندکراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بەبڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنچ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ (٣٠) ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاریبکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەوکۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێبدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧-وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێ ی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەر دەچێت.
٨- ئەوکەرەستانەی کەپشکنینی هەیە پێویستە بۆی ئەنجامبدرێت بەئامەدەبوونی لایەنی پەیوەندیدار.
٩-بەڵێندەر لیستی ئەوکارانەی کە ئەنجامیداوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سودمەند لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقديم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠-نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێبێت.
١١-بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لەژمارە بەنوسینیش بنوسێت، بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگای سلێمانی بەوەکالەت

www.arsivakurd.org

# لەمیس لەزنجیرەیەکی نوێدا دەردەکەوێتەوە



توبا بویوکئوستون ئەکتەری شۆخو شەنگو بەناوبانگی نێو زنجیرەی (سنوات الضياع) کە رۆڵی لەمیسی دەگێڕا. لەزنجیرەیەکی نوێدا بەناوی (گیۆنول چەلەن) رۆڵدەبینێت کە بڕیارە لەم مانگەدا لەکەناڵی (ئەی)ی تورکی دابەزێت.

پێش دابەزینی لەکەناڵەکان، ئەو زنجیرەیە سەرنجی چەندین کەسی لەشەیدایانی لەسەر پێگەکانی ئینتەرنێت بۆ خۆی راکێشاوەو چاوەڕوانی بینینی ئەو درامایە دەکەن.

توبا لەو زنجیرەیەدا رۆڵی کچە قەرەجێک دەبینێت.

# کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن نامێنێت

کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن کە کەسمان نییە پێی ئاشنا نەبینو پێویستییەکی سەرەکییە لەتەماشاکردنی تەلەفزیۆنو داگیرساندنو کوژاندنەوەیدا، بەدروستکردنی مۆدێلێکی نوێ لەتی ڤی لەلایەن کۆمپانیای زەبەلاحی توشیباوە کۆنترۆڵ دەبێتە بەشێک لەمێژوو.

ئەو کۆمپانیایە ئەوەی درکاند کە داگیرساندنو کارپێکردنی تەلەفزیۆن لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەوە دەبێت، چونکە تەلەفزیۆنەکە کامێرایەکی لەسەرەو لەگەڵ چوونە ژوورەوەدا کامێراکە لەڕێی تیشکە سەروو بنەوشەییەکانەوە بۆ دەستێک کە کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە بکات دەگەڕێت.

کاتێکیش دەستەکەی دۆزییەوە تەلەفزیۆنەکە دەخاتە ئیش، بەجوڵاندنی دەستێکی کراوەش بۆ پێشەوە کەناڵەکان دەگۆڕێت. هەروەها بەبەرزکردنەوەو داگرتنی پەنجەی شایەتمانیش دەنگی تەلەفزیۆنەکە کەمو زیاد دەبێت، جێگەی ئاماژەیە تائێستا تەلەفزیۆنەکە نەخراوەتە بازاڕەوەو لەژێر دروستکردندایە.




# ناتۆ تویتەرو فەیس بووك بەکاردەهێنێت

ناتۆ کە رێکخراوێکی بواری ئاسایشەو لەسەردەمی جەنگی سارددا دامەزراوە، بۆ گەیشتن بەنەوەی لاوان، تویتەرو فەیس بووک بەکاردێنێت.

ئەو رێکخراوە بەبانگەشەی درێژەدان بەبوونی رێکخراوەکە لەهەزارەی نوێدا، چەندین رێگەی جیاوازی بۆ گەیشتن بەگەنجەکان تاقیکردووەتەوە کە لەنوێترینیاندا تویتەرو فەیس بووکە.




# کۆمپیوتەرەکانتان بەکلیلی یو ئێس پی دابخەن

بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام کۆمپیوتەرە کەسییەکانتان بەکاردێنن، بەردەوام کۆمەڵێک زانیاریو شتی دیکەی تایبەت بەخۆتانی لەسەرە کە هەندێک کات پێتانخۆشە هیچ کەسێک نەیبینێت، بۆیە لەمەولا دەتوانیت کۆمپیەتەرەکەت دابخەیت.

ئێستا بەهۆی پرۆگرامێکی نوێوە بەناوی (پریداتۆر) دەتوانن کۆمپیوتەرەکانتان زۆر باشتر بپارێزن لەوەی وشەی نهێنی لەسەروینددۆزەکانتان دابنێن، پریداتۆر لەڕێگەی سیستمێکی تایبەتییەوە فلاش میمۆرییەکەتان بۆ دەکاتە کلیلێکی گرەنتی کراو.

# منداڵبوون شێرپەنجەی مەمك کەمدەکاتەوە

زانایانی بواری پزیشکی ئاشکرایانکرد کە یەکێک لەو هۆکارانەی دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بەشێرپەنجەی مەمک، منداڵبوونە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە زۆرترین جۆری شێرپەنجە لەلای رەگەزی مێ بریتییە لە شێرپە نجە ی مەمکو تائێستاش هۆکارێکی دیاریکراویش بۆ توشبوون بەو نەخۆشییە نەزانراوە.

ئەوەشیان سەلماندووە کە هۆکارە بۆماوەییەکان رۆڵیان لەدروستبوونیدا هەیە، جیا لەوەش لەو ئافرەتانەدا ئەو نەخۆشییە زۆرترە کە بەهۆی کەشێکی ناو خێزانەکەیانەوە تووشی ئەو جۆرە شێرپەنجەیە بوون.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە باشترین رێگرلەبەردەم نەخۆشییەکەدا شووکردنو منداڵبوونو شیردانی رەگەزی مێیە، هەرچەندیش ماوەی شیردانەکە زیاتر بێت، سوودی زیاترە.



# تەلەفزیۆنەکانی سەدەی رابردوو

کۆمپانیای زەبەلاحی ئێڵ جی خۆی بۆ دروستکردنی چەند تەلەفزیۆنێک لەجۆرێکی تایبەت ئامادەدەکات، ئەو جۆرەش تەنها لەفیلمەکانی ساڵانی زۆر زوو دەیبینین.

تەلەفزیۆنەکان لەلایەن ئێڵ جییەوە بەناوی "سێریی وەن ریترۆ کلاسیک"ەوە ناسێنران، جگەلەوەش کۆنییەکەی تەنها لەشێوەی دەرەوەیدا نییە، بەڵکو لەناوەڕۆکیشدا لەسەر شێوازێکی کۆن دروستکراوە، بەجۆرێک هەرچییەک لەتەلەفزیۆنە کۆنەکاندا هەبێت لەم تەلەفزیۆنانەشدا هەیە، هەر لەئاریاڵو دوگمەکانی گۆڕینی کەناڵەکانو کەمکردنو زیادکردنی دەنگو تا قاچەکانیشی. لەپاڵئەوەشدا کۆمپانیاکە هەموو تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆنە نوێکانی وەک کۆنترۆڵو سیستمی دیجیتاڵ لادەبات، کە تەنها بەدوگمەیەک لەرەشو سپییەوە دەکرێتەوە بەرەنگاوڕەنگ.

# چین گوگڵیشی کۆپی کرد

دوای ئەو قەیرانەی لەنێوان وڵاتی چینو سایتی بەناوبانگی گوگڵدا روویدا، ئەو وڵاتە دەستیکرد بەدروستکردنی سایتێک بەناوی "جیجی" کە بەمانای خوشک دێن.

بەپێی هەواڵێکی بەشی چینی کەناڵی بی بی سی، جیجی سایتێکی هاوشێوەی گوگڵەو لەچوارچێوەی یاساکانی وڵاتی چینداو دوای فلتەرکردنی زانیارییەکان خزمەت بەهاووڵاتیان دەکات، سایتەکە کە خاوەنی لۆگۆیەکی هاوشێوەی ئەوەی گوگڵە لەژێرییەوە بەچینی نووسراوە: "براگەورە لەبەر خاتری خوشکەکەی ماوەتەوە، چونکە بەبێ ئەو ناگوزەرێ"، تائێستاش گوگڵ لەبارەی کرانەوەی ئەو سایتە نوێیەوە هیچ روونکردنەوەیەکی نەداوە.




ئامادەکردنی: شەیدا

### کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئیشوکارەکانت ئاڵۆزبووە، هەوڵبدە کارەکانت رێکبخەیتەوە، پێداچوونەوە بەکارەکانی پێشووتدا بکە، ئەم هەفتەیە پەیوەندی سۆزداریت لەلوتکەدا دەبێت، کارەکانی ئەمڕۆت مەخەرە سبەینێ، دوورکەوتنەوەی کەسێکی نزیکت بۆشایت بۆ دروستدەکات، باشترین رۆژت شەممەیە.

### گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

زۆر ئارەزوی گەشتکردن دەکەیت تەنانەت ئەگەر زۆریش لەسەرت بکەوێت، سەرقاڵییەکانی پێشوت جۆرێک لەئاڵۆزیو بێزاری لادروستکردویت، پێویستت بەپشویەکی کەم هەیە، هەوڵبدە ئەم هەفتەیە سود لەپەیوەندییە خۆشەویستییەکانت وەربگریت، باشترین رۆژت دووشەممەیە.

### دوانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

لەم هەفتەیەدا هەواڵێکی دڵخۆشکەرت پێدەگاتو کاریگەری باشی دەبێت لەسەر کارەکانتو گروتینی زیاترت پێدەبەخشێت، بەگومان مەبە لەپەیوەندییە سۆزداریەکانتو هەنگاوی باشتری بۆ بنێو سود لە بۆچوونی کەسە نزیکەکانت وەربگرە، باشترین رۆژت چوارشەممەیە.

### قرژاڵ



(٢٢ حوزەیران - ٢٢ تەمموز)

ئەم هەفتەیە هەموو ئەو گومانانە دەرەوێتەوە کە کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندییە خۆشەویستییەکانت دروستکردبوو، پێویستە گرنگی زیاتر بەپەیوەندییە خۆشەویستیەکانت بدەیت، سەرەتای هەفتەی داهاتوو کارەکانت بەرەو باشتر دەچێت، باشترین رۆژت هەینییە.

### شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

ئەم هەفتەیە باری تەندروستیت پێویستی بەچاودێری زیاتر هەیەو دەبێت بەژیرانە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی جۆری چارەسەرەکاندا بکەیت، کەسە نزیکەکانت هاوکارێکی باش دەبن بۆ باشترکردنی باری تەندروستیت، باشترین رۆژت شەممەیە.

### فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم هەفتەیە لەبارە بۆ گرنگیدانی زیاتر بەپەیوەندییە خۆشەویستییەکانت، لەهەفتەی داهاتوودا چەندین هەواڵی خۆشت پێدەگات، هەوڵبدە هاوسەنگی لەنێوان کارەکەتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕابگریت تا سوود لەهەردوو بوارەکە ببینیت، باشترین رۆژت سێ شەممەیە.

### تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

کەسێکی دیبلۆماسیورۆمانسیت، ئەم دوو بوارەش قازانجی زۆری بەژیانت گەیاندوە، گرنگی زیاتر بەپەیوەندییە خۆشەویستیو کۆمەڵایەتییەکانت بدە، کەسە نزیکەکانت پێویستی زیاتریان بەتۆیە، باشترین رۆژت یەکشەممەیە.

### دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

کەسایەتییەکی بەهێزت هەیە، باوەڕت بەخۆت هەیەو دەتوانی بەئاسانی سەرنجی کەسانی دەوروبەر بەلای خۆتدا رابکێشیت، گرنگی زیاتر بەکارەکەت بدە تا لەمەترسی شکستهێنان دووربکەویتەوە، پەیوەندییە سۆزدارییەکانت جێگری بەخۆوەدەبینێت، باشترین رۆژت چوارشەممەیە.

### کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

هەمیشە جێگای سەرنجی رەگەزی بەرامبەریت، راستگۆیت لەکارەکەتدا سودی باشت پێدەگەیەنێت، خۆشەویستەکەت پشتیوانێکی باشە بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکەت، هەفتەی داهاتو لەبەرژەوەندی تۆدایەو ئەو هەلە بقۆزەرەوە لەبواری کارەکەتدا، باشترین رۆژت هەینییە.

### گیسک



(٢٠ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

هەلێکی کارکردنی تازەت بۆ رێکدەکەوێت بەوردی کاری بۆبکە، کەسێکی رەشبینیت ئەمەش تووشی کەنارگیری کردویت، دەبێت گرنگی زیاتر بەنزیکبوونەوەت لەکەسە نزیکەکانت بدەیت، پێداچوونەوە بەرێکخستنی خۆت بکەو نوێبوونەوە لەشێوەو روخسارتدا پێویستە، باشترین رۆژت سێشەممەیە.


### سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

کەسێکی راستگۆوبەسۆزیت، زیاترلەبواری کاری ئازاددا سەرکەوتوویت، بەگومان مەبە لەهەڵبژاردنی خۆشەویستەکەتدا، چونکە سوودی باشت پێدەگەیەنێتو راستگۆیە لەگەڵدا، هەفتەی داهاتوو پێویستی بەرێکخستنەوەی زیاتری کارەکانت هەیە، باشترین رۆژت هەینییە.

### نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

خۆت لەئیشوکارەکانی کەسە نزیکەکانت هەڵمەقورتێنە، پێدەچێت پێیان خۆشنەبێت، کەسێکی بەسۆزی ئەمەش وادەکات بەرامبەرەکەت زوو کاریگەری لەسەرت دروستبکات، خەونەکانت زۆرن، پێویستیان بەهەوڵدانی زیاترە بۆ هێنانەدی، باشترین رۆژت دووشەممەیە.

www.alsiwakurdi.org

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات
خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی
هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم،
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١
ژمارە (١٧) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٢/٣
www.destur.net
info@destur.net

## دەلاقە

خالدی حاجی ئەحمەد

# تۆپ بارانەکە بودجە نەبوو

بێگومان ئەوە یەکەم جارو دوا جاریش نابێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران ناوچە سنوریەکانی هەرێم بۆردومان بکات، سەرباری ئەوەی کە هەموو بۆردومان کردنێک کۆمەڵێک نەهامەتی لەکوشتنو ماڵوێرانیو دەربـەدەری دەهێنێت بۆ ئەو خەڵکە سـادەو ئاشتیخوازو بەش مەینەتانە، بەڵام هۆکارو کاتو ساتەکەی هەم بەلای دەستدرێژیکەرو هەم بەلای دەسەڵاتدارانی هەرێمە بێدەرەتانەکەمانەوە ئاماژەی جیاوازی بۆ کرا.

تۆپبارانەکە، جگە لەرەهەندە عێراقیو ناوچەیەکانی کە دەکرێت لەچەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێبکرێت، ئەویش بەهۆی گرنگیان لەهاوکێشەکانی ناوچەکەدا کە لەوێشدا کوردیش دەگرێتەوەو لەوانە هاوساتبوونی لەگەڵ کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئێران لەبیرە نەوتی ژمارە (٤)ی ناوچەی فەککە، لەوێدا ئێران پێداگری خۆی دەکات لەسەرئەوەی دەتوانێت چرکە بەچرکە پەلاماری سنوورەکانی عێراق بدات، بەتایبەتیش لەناوچەیەکی سەقامگیری وەک هەرێمی کوردستان، دواتریش پەلامارەکە هاوکاتبوو لەگەڵ بڕیاری ئەمریکیەکان بۆ دامەزراندنی هێزی دژە موشەکی لە (٤) وڵاتی کەنداودا کە مەترسی پەلاماری ئێرانیان لەسەرە لەئەگەری پێکهەڵپژانی ئەمریکاو ئێراندا، بەتۆپبارانەکەش ئێران وتی پێویست بەموشەک ناکاتو ئەوەی گرنگە عێراقە کە لەبەر رەحمەتی تۆپبارانەکانماندایە، بۆ شیعەکانیش ئەوەبوو کە بڵێت: بەکشانەوە لەفەککە کێشەی سنوور کۆتایی نایەتو دەبێت ویستەکانی ئێمە لەبەرچاو بگیرێت، ئەمانەو گەلێک هۆکاری تر کە لەسەرەتای تۆپبارانەکانەوە لەکایەدا بوون.

بەڵام ئەوەی گرنگە چۆنیەتی مامەڵەکردنو بەهانە بەدەستەوە دانە لەڕووداوێکی لەم جۆرەدا، حکومەتی ئێران لەرێگەی سایتەکانەوە ئەو پەیامەی نارد گوایە حکومەتی هەرێم لەبودجەی خەملێنراودا پارەی تەرخانکردووە بۆ هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات، ئەم شێوازە دوو خاڵی گرنگ لەخۆدەگرێت:

١- ئاماژە ناردن لەرێگەی بڵاوکراوەوە، بێئەوەی کەسایەتییەکی بەرزی دەوڵەتی قسەی تێدابکات، ئەمەش لەکاتێکدا مەیسەر دەبێت کە ئەو نەتەوەیە گەیشتبێتە ئاستێک بتوانێت میدیا لەخزمەتی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانیدا بەکاربهێنێتو بڕوای بەو رۆڵەش هەبێت.

٢- زیرەکی خۆدزینەوەی بەرپرسە باڵاکان بە لەئەستۆگرتنی ئەو تاوانبارکردنەو گەر قسە لەگەڵ بەرپرسێکی ئێرانی بکرێت کەس خۆی ناکات بەخاوەنی.

بێگومان ئەمە لەکاتێکدایە کە تۆڕی نهێنگری کۆماری ئیسلامی لەهەرێمدا هێند بەهێزە، گەر پارەو پولێک بدرێتە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوە لەپێش میدیاکانی خۆمانەوە بەسفرو فاریزەوە لێی ئاگادارن، بۆیە لێرەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەدەبوو بکەوتایەتە ئەو هەڵەیەی کە پاکانە بۆ بەهانەیەک بکات کە هۆکار نیە لای ئێرانیەکانو یارمەتیەک گەر بدرێت وەک پێویستیەکی نەتەوەییو مرۆڤانە، بکرێتە مامەڵە لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامی بەفەرمی ئەوەی نەگوتبێت. لێرەدا پرسێکی تریش لەکایەدایە، لەغیابی سەرۆکی هەرێمدا کە جێگرێکی نیەو کەسیش نازانێت لەئامادەنەبوونی ئەودا کێ بەرپرسیارە؟ دەبینین سەرۆکی پەرلەمان قسە لەسەر ئەو کێشەیە دەکاتو باس لەهەڵە تێگەیشتنی پرۆژەی بودجەی هەرێم لەلایەن ئێرانەوە دەکات کە پەرلەمان لەپشوودایەو هێشتا دەنگ لەسەر ئەو بودجەیە نەدراوە، بۆیە لەراستیدا لایەنی پەیوەندیدار ئێستا بەبودجەوە، حکومەتە نەک پەرلەمانو دیسانیش لایەنی پەیوەندیدار بەسنوورەوە وەزارەتی پێشمەرگەیە کە بەدەستووری عێراقی بەشێک لەوەزارەتی بەرگرییە.

بـەڵام کاتێک داوای قـەرەبـوو دەکرێتەوە ئـەوە حکومەتە داوایدەکاتو سەرۆکی پەرلەمان خۆی لەو کێشەیە نادات. لە کاتێکدا بۆ سەلماندنێکی زیاتری قسەکانی باشتربوو سەرۆکی پەرلەمان یەکڕاست داوای قەرەبووی بکردایە.

بەڵام لە دەرەوەی هەموو ئەم قسەوباسانەدا، من پێموایە ئەوەی زیاتر ئێرانی قەڵس کرد، ئەو دەربڕینانەی سەرۆکی هەرێم بوو لە سێنتەری لێکۆڵینەوەی برۆکینز، کە لە دوو شوێندا ئێرانی سەرشێتکرد، یەکەم؛ ئەوەی کە وتی ئێران لە هەموو دراوسێکان زیاتر دەستوەردەداتە کاروباری عێراقەوە، کە پێموایە دەبوو بیوتایە هەموو دراوسێکان دەستوەردەدەنە کاری عێراقەوە بێئەوەی زلهێزێکی ناوچەیی وا ناحاڵی تووڕەبکات کە ئامادەی دەستوەشاندنەو ئێمەش هیچمان پێناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرۆکی هەرێم بەدروستیش لە لایەن ئەمریکیەکانەوە پێیراگەیەنرابێت کە ئێران دەڕوخێنن. پاشان سەرۆک خۆی لە هەرێم نیەو دەزانێت دەربڕینی وا توند، پاڵنەرێکی وا دەبێت کە لە غیابی خۆیدا دەست لە نەتەوەکەی بوەشێنرێت. خاڵی دووەم کە ئێرانی تووڕەکرد ئەو وتەیەی سەرۆکی هەرێم بوو کە وتی "من دژ بە خۆکاندیدکردنی ساڵح موتڵەگو بەعسیەکان نیم، چونکە سەرۆکی هەرێم دەزانێت کە فارسە شیعە فەرمانڕەواکانی ئێران گەڕانەوەی بەعسی سوونە بە هێڵی سوور دەزاننو ئەو وتەیەی سەرۆکی هەرێم بە ڕێکەوتنێکی ژێربەژێری کوردو سوونە لێکدەدرێتەوە لە لایەن ئێرانیەکانەوە. لە کاتێکدا دەبوو سەرۆکی هەرێم بیوتایە لە عێراقدا یاسا هەیەو من لەگەڵ بڕیارەکانی یاسادام.

لە کۆتایشدا بانگەشەکردن بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووەکان دەکرێت وەک ئاڵوگۆڕێکی مژدەبەخشانە سەیری بکرێت لە سیاسەتی هەرێمدا بەرانبەر بە ئێرانو گەر ناوخۆمان بە ئەرکی خۆی هەستێت، ئەوا دەتوانین ئەو دەستدرێژیانەی ئێرانی ئیسلامی رابگرین.





دەستوور

**لەسەرکەوتن نزیکتان دەکاتەوە**

**بۆ سەرجەم کاندیدو لیستو قەوارە سیاسییەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، رۆژنامەی دەستوور ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانتان لەچوارچێوەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.**

**رۆژنامەی دەستوور رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات. رۆژانی چوارشەممە بە ٢٤ لاپەڕەو ٤ لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگو بە تیراژی (١٠) دە هەزار دانە، لەڕێی تۆڕێکی فراوانی دابەشکردنەوە لەیەککاتدا لەتەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.**



- روەبەری پێویست
- شوێنی گونجاو
- کوالیتی بەرز
- نرخی گونجاو

هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم،
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٧٧٠٨٦٢٦٣٦٤ &٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١